کۆماری تورکیا   زانکۆی ماردین  ئورتوکلو
ئەنستیتوت  زمانی زیندوو لە تورکیا
بەشی زمان و چاندی کوردی

# هاوواتا و فرەواتا لە پەندەکانی( پیرەمێرد )ی شـــاعیر

ئەو نامەیە  پێشکەش بە  زانکۆی ماردین ئورتوکلو - ئەنستیتوت زمانی زیندوو
لە تورکیا- بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بەشێکە لە  پێداویستیەکانی
بەدەستهێنانی  پلەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

لە لایەن قوتابی
**تارا مشیر صالح**
بەکالۆریۆس – زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٠٥

**بە سەرپەرشتی**
**پ .د. رەفیق سلێمان**

ماردین، ٢٠١٦

## ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن:

ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوە, کە بە ناونیشانی (هاوواتا و فرەواتا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیردا)یە, قوتابی (تارا مشیر صالح)مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەگەڵیدا کرد لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری نامەکە بڕیارماندا, کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردی (واتاسازی)دا بدرێتێ.

ئیمزا:
ناو: **Yrd. Doç. Dr. Nesim Sönmez**
سەرۆك:
بەروار: ٢٩/ ٢ / ٢٠١٦

ئیمزا:
ناو: **Behrüz Şucaı**
ئەندام:
بەروار: ٢٩/ ٢ / ٢٠١٦

ئیمزا:
ناو : **Doç . Dr. Refik Sulaiman**
سەرپەرشت و ئەندام:
بەروار: ٢٩/ ٢ / ٢٠١٦

ئەم نامەیە لە لای بەڕێوەبەری ئەنستیتوت زمانی زیندوو لە تورکیا پەسەندکرا.

ئیمزا:
ناو : **Yrd.Doç. Dr. Mustafa Öztürk**
سەرۆکی ئەنستیتوت زمانی زیندوو لە تورکیا

## پێشکەش نامە

★ پێشکەشە بە : دایکم و خوشکەکانم و براکەم.

★ پێشکەشە بە: ڕۆحی شاعیر و ڕووناکبیری گەورەی کوردی شاری هەڵمەت و قۆربانی (پیرەمێرد)ی نەمر.

## سوپاس نامه

★ سوپاسی بێپایانی خوای گەورە دەکەم کە هێز وتوانای پێبەخشیم ئەم لێکۆڵینەوە تەواو بکەم.

★ زۆر سوپاسی مامۆستا و سەرپەرشتکاری بەرێزم(پ.د.رەفیق سلێمان)دەکەم, کە ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەی گرتە ئەستۆی خۆی, هاوکاری کردم لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە

## نیشانه لۆجیکییەکان و واتاکانیان:

| واتاکەی | نیشانەی لۆجیکی |
|---|---|
| و | & |
| بچووکردن | ↓ |
| گەورەکردن | ↑ |
| وەك یەك | = |
| نیشانەی خستنەڕوو | ← |

## لیستی وشە و زاراوەکان

| Tone | وشە |
|---|---|
| Intonation | ڕستە |
| Stress | هێز |
| The Science of Language | زانستی زمان |
| The Science of thought | زانستی بیرکردنەوە |
| Semantics | واتاسازی |
| Historical semantics | واتاسازی مێژووییەوە |
| The diversity of meaning | هەمە جۆرەکەی واتا |
| Ambiguity | لێڵی |
| Anomalies | ناوێزەیی |
| Conceptual meaning | واتای چەمکی |
| Connotative meaning | واتای بارکراو |
| Semantic unit | یەکە واتاییەکان |
| Woman & Wife | ژن یان ئافرەت |
| Sentence | رستە |
| Utterance | گوتن |
| Text | دەق |
| Discourse | گوتار |
| Conversation | ئاخاوتن |
| Innovation | مەبەست داهێنان |
| Essential | هۆشەکی یا بنچی |
| Contextual | واتای دەوروبەر |
| Feeling Tone | وتای کاریگەر |
| Cognitive | واتای وەسفی (هۆشەکی) |
| Paradigmatic | پەیوەندی ستوونی- |
| Synonymy | هاو واتا |
| Nalco | خوێ |
| Mama &Mother | دایك , دایکە |
| Contiguity | لێکەوتن |

| | |
|---|---|
| **Hyponymy** | **داپۆشین** |
| **Cover word** | **وشه داپۆشەر** |
| **Subordinate** | **زاراوه تایبەتیەکان** |
| **Part-whole relation** | **بەش لە گەشت** |
| **Incompatibility** | **جیاوازی** |
| **Oppositeness of Meaning** | **دژ واتا** |
| **Syntagmatic** | **ئاسۆیی** |
| **Collocational Restrictions** | **هاوڕێیەتی** |
| **Ambiguity** | **لێڵ واتایی وشه** |
| **Polysemy** | **فره واتا** |
| **Operation** | **کردار** |
| **Hyponymy** | **خۆگرتنەوه** |
| **Brad** | **کولێره** |
| **Widening** | **فراوان بوونی واتا** |
| **Extension** | **درێژبوونەوەی** |
| **Narrowing** | **تەسك بوونەوەی واتا** |
| **Homophone** | **هاوبێژی** |
| **See** | **بینین** |
| **Sea** | **روبار** |
| **close friend** | **هاوڕێی نزیك (هاوڕێی گیانی)** |

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە


ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی ((هاو واتا و فرە واتا لە پەندەکانی ( پیرەمێرد)ی شاعیر))دا یە , بەشێوەیەکی تایبەتی گرینگی بە هاو وا تا و فرە وا تا دەدات لە زمانی کوردیدا و باسیان دەکات ، هەروەها بە شێوەیەکی کارەکی نموونەمان بۆ هەر دوو بابەتەکە (هاو وا تا و فرە وا تا) هێناوەتەوە , ئەوانیش بریتین لە نموونە پەندەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیر. سەرەڕای ئەمانەش لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی وردو تێر و تەسەل باس لە واتا و گەلێ بابەتی تری بواری وا تاسازی دەکات.لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکدێت و بە ئەنجام و سەرچاوەکان کۆتایی پێدێت.

بەشی یەکەم لە دوو تەوەرە پێکاتووە , تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (مێژووی سەر هەڵدانی وا تا)یە , باس لە چەند بابەتێکی گرنگی وا تا دەکات و سەرەڕای ناساندنی واتا و وا تا سازی. تەوەری دووەم بە ناونیشانی (وا تاسازی وشە)دایە باس لە پێناسەی وشە و چەند لایەنێکی وا تاسازی ( پراکماتیك و سیمانتیك) , تیۆرەکانی وا تا و جۆرەکانی وا تاسازی و گەلێك لایەنی تر ی وا تا دەکات .

بەشی دووەم لە دوو تەوەرە پێك دێت , تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (یەکە واتاییەکان)ە , چەند بابەتێکی گرنگ لە خۆ دەگرێت وە , وەك جۆرەکانی واتا, تیۆرەکانی واتا. تەوەری دووەم بە ناونیشانی ( پەیوەندیە واتاییەکان), باس لە چەند بابەتێکی گرینگ کردووە وەك پەیوەندی ستوونی هاو وا تا و جۆرەکانی هاو وا تا وە پەیوەندی ئاسۆیی , وە لێلی وا تای وشە, کێشەکانی فرە واتا و هۆی دروست بوونی فرە واتا , هەروەها باس لە بەراوردێك لە نێوان ئەو واتایانەی کە لە پەندەکانی پیرەمێردی شاعیر و ئەو واتایانەی کە لە سەردەمی ئێستا لە ناو خەڵك و کۆمەڵدا هەن..وە گەلێك لایەنی تری فرە وا تا باس کراوە.

بەشی سێیەم : لێکۆڵینەوەکە یە , کە لە ژێر ناونیشانی ((هاو واتا و فرە واتا لە پەندەکانی ( پیرەمێرد)ی شاعیر))دا , بەشی کارەکی لێکۆڵینەوەکەیە لە دوو تەوەرە پێك دێت . تەوەری یەکەم باس لە کورتەیەك لە ژیانی و بەرهەمەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیرکراوە ، وە هاو وا تا و جۆرەکانی هاو وا تا بەسەر پەندەکانی (پیرەمێرد) تەرخان کراوە , وە تەوەری دووەم , تەرخانکرا وە بۆ فرە وا تا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیردا. توێژینەوەکە بە ئەنجام و بیبلیۆگرافیا کۆتایی پێدێت. پوختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی خراوەتە ڕوو.

## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣-١ | پێشەکی |
| ٤ - ٨ | بەشی یەکەم :<br>زمان و پەیوەندی واتاسازی و زمانەوانی |
| ٩- ١١ | تەوەری یەکەم<br>مێژووی سەر هەڵدانی  واتا |
| ١١ | ١-١-٢-: واتاسازی هاوچەرخ: |
| ١٢ | ١-١-٣:گەشە و گۆڕانی واتا. |
| ١٣ | ١-١-٤:چەمکی زاراوەی (Semantics). |
| ١٤-١٣ | ١-١-٥:چەند پێناسەیەك بۆ واتاسازی و واتا. |
| ١٤ | ١-١-٦:تیۆرەکانی گۆڕان. |
| ١٦ | ١-١-٧: ئامانجەکانی واتاسازی. |
| ١٧ | تەوەری دووەم:<br>١-٢: واتاسازی وشە |
| ١٨ | ١-٢-١:جۆرەکانی واتای وشە |
| ١٨ | أ- واتای چەمکی (Conceptual meaning) |
| ١٨ | ب- واتای بارکراو |
| ١٩ | ١-٢-٢:ئاستەکانی واتاسازی: |
| ١٩ | أ-سیمانتیك |
| ٢٠ | ب- پراگماتیك |
| ٢١ | بەشی دووەم |
| ٢٢ | تەوەری یەکەم |
| ٢٢ | ١-٢-٣: یەکە واتاییەکان |
| ٢٢ | ١-مۆرفیمی بەند |
| ٢٢ | ٢-وشە |
| ٢٢ | ٣-لێکدان |
| ٢٣ | ٤-رستە |
| ٢٤ | ٥-گوتن |
| ٢٤ | ٦-دەق |
| ٢٤ | ٧- گوتار |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٢٥ | ٨- ئاخاوتن |
| ٢٥ | ٢-١-٢:هۆیەکانی گۆڕانی واتا |
| ٢٦ | ٢-١-٣:جۆرەکانی واتا : |
| ٢٦ | ٢-١-٣-١- واتای وەسفی (هۆشەکی) |
| ٢٦ | ٢-١-٣-٢- واتای ناوەسفی(کاریگەر) |
| ٢٧ | ٢-١-٤:تیۆرەکانی واتا |
| ٢٧ | ٢-١-٤-١:تیۆری ئاماژەیی |
| ٢٨ | ٢-١-٤-٢:تیۆری هۆشەکی |
| ٢٨ | ٢-١-٤-٣:تیۆری ڕەوشتی |
| ٢٩ | ٢-١-٤-٤:تیۆری سیاقی |
| ٢٩ | ٢-١-٤-٥: تیۆری بەکارهێنان |
| ٢٩-٣٠ | ٢-١-٤-٦: تیۆرە بواری واتایی |
| ٣٠ | تەوەری دووەم |
| ٣٠ | ٢-٢: پەیوەندییە واتاییەکان |
| ٣٠ | ٢-٢-١: -پەیوەندی ستوونی: |
| ٣١ | أ-هاو واتا : |
| ٣١ | ١-هاو واتای تەواو |
| ٣١ | ٢- هاو واتای ناتەواو |
| ٣٢ | ب-داپۆشین |
| ٣٢ | پ- بەش لە گەشت |
| ٣٢ | ت- جیاوازی |
| ٣٣ | ح- دژ واتا |
| ٣٣ | ٢-٢-٢: ئاسۆیی: |
| ٣٣ | أ-هاوڕێیەتی |
| ٣٤ | ب-هەڵبژاردن |
| ٣٤ | ٢-٢-٣: لێل واتایی وشە: |
| ٣٤-٣٥ | ٢-٢-٣-١: فرە واتا:- |
| ٣٥ | أ- جۆرەکانی فرە واتا: |
| ٣٦ | ١- فرەواتای هێلی |
| ٣٦-٣٧ | ٢- فرە واتای ناهێلی |
| ٣٧-٣٨ | ب-کێشەی فرە واتایی |

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٣٨ | **پ-ڕێگەکانی دروست بوونی فرە واتا:** |
| ٣٨ | **١-ڕێگەی بەکارهێنان:** |
| ٣٨ | **أ- بەکارهێنانی ناو** |
| ٣٨ | **ب- بەکارهێنانی ئاوەڵناو** |
| ٣٩ | **پ- بەکارهێنانی کار** |
| ٣٩ | **٢-گۆڕانی واتای وشە** |
| ٣٩ | **٣- گواستنەوەی واتایی:** |
| ٣٩-٤٠ | **أ- بە ڕێگەی خواستن** |
| ٤٠ | **ب- بە ڕێگەی خوازە** |
| ٤٠ | **٤- فراوان بوونی واتا** |
| ٤٠ | **٥-تەسکبوونەوەی واتا** |
| ٤١ | **٦- بەرزبوونەوەی واتا** |
| ٤١ | **٧- نزمبوونەوەی واتا** |
| ٤١-٤٢ | **٢-٢-٣-٢: هاوبێژی** |
| ٤٢-٤٢ | **٢-٢-٤- جیاوازی نێوان فرەواتا و هاوبێژی** |
| ٤٣ | **٢-٢-٥- پەیوەندی واتاسازی بە زانستەکانی تر** |
| ٤٣-٤٤ | **٢-٢-٥-١- فەلسەفە** |
| ٤٤ | **٢-٢-٥-٢- لۆجیك** |
| ٤٤ | **٢-٢-٥-٣- دەروونناسی** |
| ٤٥-٤٦ | **٢-٢-٥-٤- کۆمەڵناسی (جەفاکی)** |
| ٤٦-٤٧ | **٢-٢-٥-٥- سیمالۆجی (هێما لۆجی)** |
| ٤٧ | **٢-٢-٥-٦- فەرهەنگسازی** |
| ٤٧ | **٢-٢-٥-٧- رەخنەی ئەدەبی** |
| ٤٨ | **٢-٢-٦- بەراوردێك لە نێوان ئەو واتایانەی کە لە پەندەکانی پیرەمێردی شاعیر و ئەو واتایانەی کە لە سەردەمی ئێستا لە ناو خەڵك و کۆمەڵدا هەن.** |
| ٤٩ | **بەشی سێیەم:**<br>**هاو واتا و فرە واتا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا** |
| | |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **تەوەری یەکەم :**<br>**۳-۱: کورتە باسێك لە مێژووی و ژیان و لە دایك بوونی (پیرەمێرد)ی شاعیر.**<br>**۳-۱-۲: هاو واتا جۆرەکانی لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا.** | **٥٠ =٥٣** |
| **تەوەری دووەم:**<br>**۳-۲-۱: فرە واتا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا.** | **٥٣- ١٠٠** |
| **ئەنجام** | **١٠١- ١٠٣** |
| **سەرچاوەکان** | **١٠٤- ١٠٩** |
| **پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی** | **أ** |
| **پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی** | **B-A** |
| **پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی تورکی** | **A** |

## پێشەکی

**لەم ساڵانەی دوایی دا وا تاسازی(semantics) لە هەموو لقەکانی زمانەوانی زیاتر سەرەنجی لێکۆڵەرانی بۆخۆی ڕاکێشاوە, وا تاسازی بوارەکانی فراوانن بەشەکانی چڕو زۆر چۆنەتە ناو یەك , وە پەیوەندی وا تاسازی لەگەڵ ئاستە زمانییەکانی وەك هێما و وشە و ڕستەدا فراوانە, وەچەند زانستێکی تریش وەك ئەو زانستانەی پەیوەندی بە هاو وا تاو فرە وا تا کە دوو بابەتی واتایین دەکەونە چوارچێوەی پەیوەندییە وا تاییەکانی نێوان وشەکان گرێیەکان لێکۆلینەوەیان لە چوارچێوەی وا تاسازی دەبێت. وەك دەزانین واتاسازی پەیوەندی بە زانستی ترەوە هەیە , وەك زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و فەرهەنگسازی و دەقی ئەدەبی, هەر بۆیەش من (پیرەمێردی شاعیر) م وەك نموونەی دەقی ئەدەبی وەرگرت تێکەڵم کردووە بە زانستی سیمانتیکەوە, چونکە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا باس لە شیر دەکەن لە وناو زانستی سیمانتیك, بۆیەمنیش بەشێك لە پەندەکانی( پیرەمێردی) شاعیرم وەرگرت لە ڕوانگەی زانستی واتاسازی سیمانتیك شیم کردۆتەوە, چونکە تائێستا هیچ لێکۆڵەرێك یان قوتابیەك یان زمانەزانیك کاری لەسەر پەندەکانی پیرەمێردی شایر نەکردووە, هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر نەکراوە, وەنەبێ پیرەمێردی شاعیر مر کاری ڕۆژنامەنووسی و شیعر و ئەدەبەوە وەستابێ بەڵکو لێرەش وەك ئەوسای تورکیای وەك داینەمۆ هەمیشە لە کاردابوو, دوو ئەرکی تری گرنگی گرتبوە ئەستۆی خۆی:**

**یەکەمیان: جەژنی نەورۆزو بوژادنەوەی ئەم یادە نەتەوەییە و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی لە دڵی میللەتدا و ئاگر کردنەوە لە گردی (یارە) و ئاهەنگ گێڕان و شایی و زەماوەند بەو بۆنەیەوە.**

**دووەمیان: زانستی: کە یەکەم تەقەللایە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە هەموو کوردستاندا.بۆیە پیرەمێردە شاعیر ڕۆڵی زۆر مەزنی هەبووە لە داهینانی زانست و زانیاری و کردنەوەی قوتابخانەو تێکەڵکردنی هەستی نەتەوایەتی میللەت بەرامبەر بە وەڵات و بەم جۆرە زۆر لە پەندەکانی باسی پێشکەوتن و زانست و زانیاری دەکات بۆیە زۆربەی پەندەکانی شاعیر کە شیم کردۆتەوە لە ڕوانگەی فرەواتاییەوە لە زۆربەی دێڕە هۆندراوەکان باس لە زانست و ڕۆژنبیری دەکات , گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەلەوە دەردەکەوێت کە(پیرەمێرد) بەشیعرێکی سادەو رەوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و تەوانج و پەلار لە هەموو کردارێکی کردۆتە پێش چاو لە ڕێگای سیمانتیك و پراگماتیکی لێکیان دەداتەوە.واتا تێکەلأوی زانستی تر و هەست و سۆز و بیرکردنەوەی جیاجیایە چ لە ناو کۆمەڵ چ لە ناو تاکەکان بۆیە چەند جۆرێك لە واتا دەسنیشانکراوە, هەرچەندە زمانەوانان ڕێکەوتنێکی ئەو تۆیان لەسەر جۆرەکانی واتا نییە.**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی:(هاو وا تاو فرە وا تا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیر) دایە.**

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆلینەوەکە: هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکەم بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە, کە بە شێوەیەکی ڕوون و بە وردی باس لە هەردوو بابەتی (هاو وا تا و فرە وا تا )م بە شێوەیەکی تایبەتی وە بە شێوەیەکی گشتی باس لە بابەتەکانی تری وا تاسازیم کردووە, دواتر هەر دوو بابەتی (هاو وا تا و فرە وا تا) وەك نموونە پەندەکانی پیرەمێردی شاعیر خراوەتەوە ڕوو.**

**سنووری لێکۆلینەوەکە: ئەم باسە لە چوارچێوەی سنووری واتا پەیوەندییەکانی نێوان وشە دایە , لە دیاردەی هاو واتایی و فرە وا تایی لە ئاستی وشە و ڕستە و دەقی شعری لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا دەکۆڵێتەوە.**

**کەرەستەی لێکۆلینەوەکە: کەرەستەی لێکۆلینەوەکە, دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە, وشە هاو واتا و فرە واتا لە پەندەکانی پیرەمێردی شاعیر دەگرێتەوە.**

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی واتاسازییەوەیە و ڕێبازی وەسفی شیکاری لە خۆگرتووە.**

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە: گرنگی لێکۆڵینەوەکە لە وەدایە, کە بەشێوەیەکی کارەکی ورد باس لە هاو واتا و جۆرەکانی هاو واتای تەواو و هاوا تای ناتەواو , وە هۆیەکانی دروست بوونی فرە واتاو کێشەی فرە واتا و گرنکییەکانی فرە واتا و چەندین بابەتی تر تایبەت بە واتا سازی کراوە.**

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

**ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی چەند بابەتێکی گرنگی واتاساییە بە گشتی , وە هاو واتا و فرە واتا لە پەندەکانی (پیرەمێر)ی شاعیر دا بە شێوەیەکی تایبەتی.**

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە, بەشی یەکەم لە ژێر ناو نیشانی زمان و پەیوەندی نێوان واتاسازی و زمانەوانی لە دوو تەوەرە پێکاتووە , تەوەرەی یەکەم لە ژێر ناونیشانی (مێژووی سەر هەڵدانی وا تا)یە , باس لە چەند بابەتێکی گرنگی وا تا دەکات و سەرەڕای ناساندنی وا تا و وا تا سازی.**

**تەوەری دووەم لە ژێر ناونیشانی (وا تاسازی وشە)دایە باس لە پێناسەی وشە و چەند لایەنێکی وا تاسازی (پراکماتیك و سیمانتیك), تیۆرەکانی وا تا و جۆرەکانی وا تاسازی و گەلێك لایەنی تر ی وا تا دەکات. بەشی دووەم لە دوو تەوەرە پێك دێت , لە ژێر ناونیشانی (یەکە واتاییەکان)ە , چەند بابەتێکی گرنگ لە خۆ دەگرێت**

وە , وەك جۆرەكانی واتا, تیۆرەكانی واتا. تەوەری دووەم بە ناونیشانی ( پەیوەندیە واتاییەكان), باس لە چەند بابەتێكی گرینگ كردووە وەك پەیوەندی ستوونی هاو وا تا و جۆرەكانی هاو وا تا وە پەیوەندی ئاسۆیی , وە لێلی وا تای وشە, كێشەكانی فرە واتا و هۆی دروست بوونی فرە واتا , هەروەها باس لە بەراوردێك لە نێوان ئەو واتایانەی كە لە پەندەكانی پیرەمێردی شاعیر و ئەو واتایانەی كە لە سەردەمی ئێستا لە ناو خەڵك و كۆمەڵدا هەن.,وە گەلێك لایەنی تری فرە وا تا باس كراوە.بەشی سێیەم لێكۆلینەوەكە , كە لە ژێر ناونیشانی ((هاو واتا و فرە واتا لە پەندەكانی ( پیرەمێرد)ی شاعیر))دا , بەشی كارەكی لێكۆلینەوەكەیە لە دوو تەوەرە پێكهاتووە. تەوەری یەكەم باس لە كورتەیەك مێژوو و ژیانی لە دایك بوونی (پیرەمێرد)ی شاعیر كراوە ، وە هاو وا تا لە پەندەكانی (پیرەمێرد) تەرخان كراوە , وە تەوەری دووەم , تەرخانكرا وە بۆ فرە وا تا لە پەندەكانی (پیرەمێرد)دا. توێژینەوەكەم بە ئەنجام و بیبلیۆگرافی كۆتایی پێ دێت, كورتەیەكی توێژینەوەكە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

# زمان و پەیوەندی نێوان واتاسازی و زمانەوانی

## زمان چیە؟

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ, بۆ هەر لایەك بڕۆین دەبینین زمان لەبەر دەست دایە بۆیە بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا هەرگیز جیا نابێتەوە.

پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دیاردەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆر بەجۆرەوە سەیر دەکرێ و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە, بێ گومان پێناسەی زانایانی دەروون و زانایانی کۆڕ زمانەوانی و زمانەوان و ئەندازیاری دەنگ و فەیلەسوفەکان ناشێ وەك یەك بن, لەبەرئەوە زمان دەیان پێناسەی جیاوازی کراوە و لە خوارەوە چەندین پێناسەی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە دەخەینە ڕوو:[1]

١- زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن , دەکرێت بە چەند دانەیەکی ووردەوە (مۆرفیم) کە هەریەکەیان خاوەن واتاو فۆرمن(مارتنێت).

٢-زمان پەیڕەوێکی دەنگیە بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی وتن وبیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاری کراودا کار دەکات دەنگەکان ڕەمزن و واتا لە خۆوە وەردەگرن.

پێناسەیەکی تر دەربارەی زمان , زمانەوانی بونیاتگەری ئەمەریکی(ساپیر)ە ئەڵێ: زمان هۆیەکی ناغەریزەییە, تایبەتە بە مرۆڤ, بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو ئارەزوو بەکاردێت, بەهۆی هێمای لەسەر یاسا ڕۆیشتووە وکار دەکات, لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤە.[2]

کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە بێت زمان بەهرەیە وەردەگیرێت لە دوای لە دایك بوونەوە ئەوا لە کاتێکدا کە منداڵدا لە دایك دەبێت ئامرازەکانی دەربڕینی دەنگی بێ کەموکورت بێت, هەروەها یەکێکە لەو بەخشیشانەی کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە. زمان ئامرازی سەرەکی بەکارهێنانە لەلای مرۆڤ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتریدا, هەروەها ((ئەو دیاردە ئاڵۆزەیە کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی بۆ پەیوەندی کردن و لەیەکتر گەیشتن بەکاری دەهێنێ, ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك دەست بەرداری بێت, لە خۆشی و ناخۆشی بە جێی ناهێڵێت: یەکەمین هۆکارە کە بە خوای خۆی دەبەستێتەوە, دڵی هەموو ئەو زانست و پێشکەوتنانەیە کە لە سەرجەم زانستەکانی تری سەر گۆی زەوی و لێیەوە سەریان هەڵداوە و سەرهەڵدەدەن)).[3]

---

[1] - محمد معروف فتاح , زمانەوانی , هەولێر, ١٩٨٧: ٤.

[2] - Edward Sapiy , Language & language ,Newark, Harcourt, 1945:25

[3] - یوسف شەریف سەعید , زمانەوانی , هەولێر, چاپی یەکەم , چ ڕۆژهەڵات , ٢٠١١: ٥.

**زمان بەشێکە لە ئامڕازی بەرەوپێشچوون, شارستانیەت هەرلەڕێگەی زمانەوە دەبێت, لە ڕێی زمانەوە وەك دیاردەیەکی سەر سوڕهێنەر چاکترین پەیام بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەر بووە کە قۆرئانی پیرۆزە, هەر لە ڕێی ئەو پەیامە قۆرئانییەوە ئاماژە بە گرنگی زمان دراوە, هەروەها (( زمان بیرکردنەوەی بێدەنگی و تێڕامانە, ئەگەر زمان نەبووایە مرۆڤ نەیدەتوانی بچێتە ناخی ڕاستیەکان و تیشك و ڕووناکی بخاتە سەر)).[٤]**

**پەیوەندی نێوان واتاسازی و زمانەوانی :**

**واتاسازی بەشێکە لە زمانەوانی جا لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکی بکرێت ئەوا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە واتاوە دەبێت وەك :[٥]**

**١- ئاستی دەنگسازی: سەرەتای پەیوەندی واتاسازی لە فۆنیمەکان دەست پێدەکات چونکە**

**لەسەر بنچینەی واتا دەست نیشاندەکرێن, سیمای جیاکەرەوی فۆنیم و دەنگ واتایە, هەروەك لە پێناسەکەی دا هاتووە (فۆنیم بچووکترین دانە یە کە ئەرکی جیا کەرەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ), تەنها ئەم دەنگانە پلەی فۆنیم وەردەگرن کە واتا دەگۆڕن ئەگینا نابنە فۆنیم, بەڵکو دەبنە ئەلۆفۆنی فۆنیمێك, بۆ نموونە فۆنیمەکانی (ص , ط, ظ).. لە زمانی کوردیدا پلەی فۆنیمیان نییە. جگە لە مانەش زۆر وشە هەیە لەسەر بنەمای لاسایی دەنگ دروستبووە وەك: ( فڕکردن, کرۆشتن, فیژاندن, تەقەکردن...هتد). کە دەنگی سروشتین بۆ نموونە دەڵێن:- چایەکەم فڕکرد.**

**ئەم فڕکردنەوە لە لاسایی کردنەوەی دەنگی سروشتی کردەی خواردنەوەی چایەکەیە کە فڕەی لێوەدێت لە کاتی خواردنەوە:**

**ئاوازە و هێز و وەستان کە فۆنیمی ناکەرتین ڕۆڵی گرنگیان لە واتا گۆڕین هەیە.[٦]**

**لە وانەش:**

**١-ئاوازە: بریتیە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی پلەی دەنگ لە سەرەتا یان پێش کۆتایی, ئاوازە دوو جۆرە: [٧]أ- ئاوازەی وشە(Tone):کە بەرزو نزمی ئاوازەی دەنگەکان لە سنووری وشە دەگرێتەوە. بۆ نموونە : ماڵ, دوور, خانوو, باز, تەر,...هتد. لێرەدا دەبینین هەر یەك لەم وشانە ئاوازەیەك دەردەخەن.وەك لە پیتەکانی دەنگی (ڵ, وو, ا, ە...هتد).**

---

[٤]- عەبدولوکریم محمد شنگاوی , گەشەکردنی زمانی منداڵ , کەرکوك , چاپ ١ , چ کاردۆ, ٢٠١١: ١٨.

[٥] -د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و ڕستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٤١.

[٦] -أحمد مختار عمر, علم الدلالة ,الكويت,مكتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢ : ١٣.

[٧] -تالیب حوسێن علی , هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا, نامەی دکتۆرا, کۆلیژی ئاداب – ز سەلاحەددین, ١٩٩٨ : ٩٤.

**ب-ئاوازەی رستە: بریتیە لە بەرزی و نزمی دەنگ پەیوەستە بە ژمارەیەك وشە لە سنووری ڕستە. بۆ نموونە: ئازاد ناڕوات بۆ بازار.هەر یەکە لە پیتەکانی (ئا, نا, با), دەنگدارن ئاوازەی ڕستەکە دەردەخەن.**

**٢-وەستان: جۆرێکە لە بێدەنگی هەندێ بە راوەستان یان گواستنەوە ناوی دەبەن, لەنێوان وشەیەك و وشەیەکی تر یان دەنگێك و دەنگێکیتر دەبینرێت یان لە نێوان گرێ یەك و گرێیەکی تر یان رستەیەك و رستەیەکی تر وەستان فۆنیمێکی ناکەرتیە واتا دەگۆڕێت, بۆ نموونە رستەیەکی وەك:[٨]**

**ئەو کچە بەنازە. دوو واتای هەیە , یەکەم (کچەکە ناز دەکات), دووەم ( کچەکە ناوی بە نازە). لەڕستەی یەکمدا وشەی (ناز) ناوی کچەکە نییە , بەڵکو وشەی(ناز) دەبێتە ئاوەڵکار, واتە کچەکە کارێك ئەنجام دەدات ئەویش (ناز) کردنە.بەلاّم لە ڕستەی دووەمدا وشەی (بە ناز) ناوی کچەکەیە, واتە کچە کە ناوی بە نازە وەك چون من ناوم تارایە.**

**٣- هێز: ئەو وشە زیادەیە دەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە, وە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. بۆ نموونە:[٩]**

**- برا (برایەتی) ناوی واتایی هێزە لەسەر دوا بڕگەیە.**

**–برایەتی (برا + یەتی) ئەو برای ئەو هێزە لەسەر بڕگەی یەکەمە.**

**–نەخۆش (نەخۆشخانە) ئەو هێزەی کەوتۆتە سەر برگەکە بریتیە لە (نەخۆش+ خانە).**

**– کورد (کوردایەتی) دیسان (کورد+ ایەتی) هێزە لە سەر بڕگەکەی.**

**کەواتە لێرە دا بۆ مان دەردەکەوێت کە واتاسازی پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ زمانەوانی دا , کە ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی زمانەوانی دەکرێت تەنها گرنگی بە لایەنی واتا فەرهەنگییەکەی نادات بەڵکو لە واتای وشە و رستەو دەنگ دەکۆڵێتەوە.**

**زمان لای ئەرستۆ:**

**ئەرستۆ دەلاّ (ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤ) زیاتر لە هەنگ و لە هەر ئاژەڵێکی ماڵی تر دەچێ , کە ئاوێتەی ژیانی کۆمەلاّیەتییە , لەبەر ئەوەی سروشت ڕەوشێکی هەرەمەکی نەگرتۆتەبەرو مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە درکاندنی هەیە, جا لەبەر ئەوەی کە دەنگ ئاماژە بە ئێش و ئازار و لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە چێژو لەزەت**

---

[٨] **- محمد علي الخولي, الاصوات اللغوية , الرياض, مكتبة الخريجي, ط١, ١٩٨٧: ١٢٣.**

[٩] **- د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٤٢.**

دەكات, كە بەهەمووو ئاژەڵان بەخشراوە , سروشتەكەی گەیشتۆتە ئاستی هەست كردن بەژان و چێژ , و هەوڵدانی یەكتریش سەبارەت بەو هەست كردنە , هەرچی دركاندنیشە ئاماژە كردنێكە بۆ سوود و زیان, پاشان ئاماژەكردنێكیشە بۆ دادپەروەری و بۆ ستەم).

وێژینەوەی لایەنە هەمەجۆرەكانی بابەتگەلی زمان لەلای ئەرستۆ چەند گیروگرفتێك پێشنیاز دەكات, لەوانە هەندێكیان بە دەقی فەیەسوفەكەو هەندێكی دیكەیان بە وەرگێرانەوە پەیوەستن , ئەگەر سەختیەكەی یەكەمی ئەم پرۆسەیە كات و ماوەیەكی زیاتری بوێ بۆ توێژینەوە و لێكۆڵینەوە, ئەوا سەختی دووەمیان وا بە باشترزانی كە بەخوێندنەوەی دەقە وەرگێرانەكانی ئەرستۆ كۆتایی پێ بێنین.[10]

زۆربەی زمانە زیندووەكان چەندەها زارو شێوەزاریان هەیە, هەبوونی ئەو هەموو زارە حاڵەتێكی سروشتییە و ئەگەری بەهیچزی زمانی نەتەوەییە, لە لایەكی تریش هەركە زارێك یان شێوە زارێك بە هۆی هەبوونی چەند ئەدگارێك یاخود بە هۆی مێژوویی یاخود سیاسیی شیمانەی ئەوەی لێدەكرێ ببێتە زمانی ستاندەرو زمانی نووسین بۆ هەموو زارەكانی تر, ئاخاوتنكەرانی زارەكانی تر بە ئاسانی ئەوە قەبوڵ ناكەن. ئەو پەسند نەكردنەش چەند ئەدگارێكی لە پشتەوە. گومان لەوە دانییە كە هەبوونی زمانێكی نووسین كە هەموو ئەدگارەكانی زمانی ستاندەری لە خۆ گرتبێت, پێویستیەكی نەتەوەییە. بە حوكمی ئەوەی كورد لە مێژووی نوێیدا قەوارەیەكی سەربەخۆی نەبووە, تا بتوانێ هەموو كورد وەك زۆربەی گەلانی دنیا خاوەن زمانی خۆی بێت.[11]

لە دەڤەری باكووریش بزاڤی زمانەوانی و گرنگی دان بە زمان و ئەدەب و تێكستی ئەدەبیدا سنووری ئەوەی بەزاند , بە جۆری یەكەم چیرۆك, یەكەم رۆژنامە , یەكەم رێزمان هەتا یەكەم شیعری نوێش بە زاری كرمانجی سەروو بووە. ئەو زارە تەنیا سەر بە باكووری كوردستان نەبووە, بەڵكو ئەو ئەدەب و رۆژنامە و گۆڤارانەی لە ئەستەنبوڵ و دیمەشق و قاهیرە دەردەچوون هەر بەو زارە بووە. هەر دوو زاری باكوور و باشوور لە هەر سێ ئاستە سەرەكییەكەی زمان: فۆنۆلۆژی , مۆرفۆلۆژی , سینتاكیس جیاوازیان هەبووە.

---

[10] - نەریمان خۆشناو ، زمانەوانی , هەولێر, ب ١, چ رۆژهەڵات, ٢٠١٠: ٣٤٧.

[11] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٧.

**تەوەری یەکەم :مێژووی سەر هەڵدانی واتا:-**

**واتاسازی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ هیندەکان و ئەو لێکۆلینەوە زمانەوانییانەی کە بۆ خزمەتی ئاین و پاراستنی, لەسەر پەرتووکی ڤیدایان کردبوو, کە مشتوومڕێکی زۆر لەسەر پەیدابوونی زمان هێنابووە ئاراوە, هەندێکیان لەو باوەڕەدا بوون لە ئیلهامەوە هاتووە و کاری خوایە, هەندێکیتر دەیان ووت نەخێر لە داهێنانی مرۆڤە.ئەم ململانێیە زۆر تەوەرەی وروژاند لەمانەش سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە, دەستەیەك بە پەیوەندییەکی هۆییان دانا وەك ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دووکەڵ و ئاگردا هەیە, دەستەکەی تر لەو باوەڕەدا بوون کە پەیوەندیەکە سروشتی و لە خۆوەیە, بابەتەکانی واتاسازی گرنگی خۆی هەبوو لایان بەتایبەتیش لە پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا, چونکە وای بۆ دەچوون فۆرم و واتا لەیەك جیا نابنەوە, لەگەڵ تێگەیشتن لە سروشتی وشە و رستە و واتاکەیان, دیارترین کاری هیندەکان لێکۆڵینەوە بوو لەسەر پۆلینە جیاوازەکان کە بوونەوەرەکان پێکدێنێت و بەم پێیە واتای وشەکانیان بۆ چوار جۆر دابەشکرد:[١٢]**

**١-ناوی گشتی کە ئاماژەیە بۆ واتای گشتی وەك:(کابرایەك, تەختە, گوڵ, ئاژەڵ.....هتد).**

**٢-سیفات کە ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندی شتێك وەك:( درێژ, کورت, قەڵەو, زیرەك..هتد).**

**٣-فرمان کە ئاماژەیە بۆ ڕووداوێك وەك:(خواردن, نووسی, هات, شکا...هتد).**

**٤-ناوی تایبەت کە ئاماژەیە بۆ کەسێکی دیاریکراو وەك:(تارا, سازگار, ئازاد, تاڤگە...هتد).**

**واتاسازی جێگای بایەخی فەیلەسووفە یۆنانییەکان بوو لەوانەش ئەفلاتوون لە سروشتی پەیوەندی نێوان فۆرم و واتادا پێی وابوو پەیوەندییەکی هۆیی هەیە, بەڵام ئەرستۆ بە پەیوەندییەکی لەخۆوەی لە قەڵەم دەدا و ئاخاوتنی دابەشکرد بۆ ئاخاوتنی ناوەوە و دەرەوە, کە بوو بە بنچینە بۆ زۆربەی تیۆرەکانی واتا لای ڕۆژئاواییەکان, یەکێ لە گرنگترین گفتوگۆکان لە چاخەکانی ناوەراست, لە نێوان (مۆداستModists)و(نۆمینالیNominalists) لەسەر سروشتی واتا بوو ئایا بیرە یان شتە, ئەرستۆ پێی وابوو واتا ئەو بۆچوونەیە کە لە مێشکی مرۆڤدا دەربارەی فۆرم هەڵگیراوە, سەرەڕای ئەمەش جیاوازیان کرد لە نێوان:[١٣]**

**١-تەن لە جیهانی دەرەوە.**

---

[١٢] **-هەمان سەر چاوەی پێشوو : ١٩- ٢٠ .**

[١٣] **- أحمد مختار عمر, علم الدلالة ,الكويت,مكتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢ : ١٧.**

**٢-بۆچوونەكان و واتا.**

**٣-دەنگ واتا و هێما و وشە.**

**واتاسازی وەك زانستێك سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم, (ماكس مۆلەر) بە یەكێك لە دامەزرێنەرانی بناغەی واتاسازی دادەنرێت كاتێ لە دوو پەرتووكەكەیدا( The Science of Language 1862) و(The Science of thought 1887) ئاماژەی بەوەكرد كە زمان و بیر لە یەك دەچن, بەڵام (ماكس مۆلەر) ڕێبازەكەی زیاتر لە گریمانە نزیك بوو نەك ڕاستییەكی زانستی و نەیتووانی ئەو بۆشاییە پڕبكاتەوە كە لە نێوان زمان و شیكردنەوەی لۆجیكیدا هەیە, هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە نەتوانێت لە زانستی واتاسازی پێشبكەوێت.واتاسازی وەك زانستێكی سەربەخۆ لە زمانەوانی مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٣٩), بەڵام نەك لە ژێر ناوی سیمانتیك.[١٤]**

**هەوڵەكانی لێكۆڵینەوە لە زمان بەردەوام بوون و چەندین قوتابخانە هاتنە كایەوە وەك قوتابخانەی ڕەواقیەكان**

**و ئەسكەندەرییە, هەروەها ڕۆمانەكانیش هەوڵێكی زۆریاندابە تایبەتی لە بواری ڕستەسازی و دانانی پەرتووكەكانی ڕستەسازی لاتینی بۆ قوتابخانەكان , كە تا سەدەی حەڤدە بەكاردەهات. زانستەكانی زمان لە چاخەكانی ناوەراست دەوڵەمەندیەكی بەخۆوە بینی لە ڕێگای قوتابخانەی سكۆلاتی(Scolastique) كە ململانێیەكی گەرموگوڕی بە خۆوە بینی لە نێوان دوودەستە یەك پەیوەندی نێوان فۆرم واتایان بە ڕێكەوتنی كۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدا, ئەوانی تر بە خودیان لە قەڵەم دەدا, گرنگی دان بە لێكۆڵینەوە واتاییەكان بە درێژایی مێژوو جێگای بایەخ و بەردەوام بوو, لە چاخی ڕاپەریندا لێكۆڵینەوە واتاییەكان شێوەیەكی لۆجیكی وەرگرت قوتابخانەی (پۆر ڕۆیاڵ) باشترین نموونەیە, كە لەو باوەڕەدا بوون هەوڵەكان زیاتر چڕبوونەوەی تیۆری جیاجیای زمانەوانی هاتەكایەوە لەپاڵ چەند زانستێكی تری وەك (فۆنۆلۆجیا, فۆنەتیك, ئیتمۆلۆجیا, ڕستەسازی....هتد), بەڵام خۆیان لە واتا بە دوور دەگرت, بۆ نموونە : چۆمسكی بانگێشەی ئەوەی كرد, كە واتا و ڕێزمان لەیەك جیابكرێتەوە دواتر لە بۆچوونەكەی پاشگەزبووەوە لە ژێركاریگەری هەندێك لە زمانەوانەكان كە پێكهاتەی واتاییان خستە نێو شیكردنەوەی ڕستە.[١٥]**

**بەكارهێنانی سیمانتیك(Semantique) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٣ كاتێك زمانەوانی فەرەنسی(M.Breal) بۆ یەكەم جار لە وتارێكدا بەكاریهێنا, دواتر(دارمستتر Darmesteter ) لە پەرتووكەكەیدا بە ناوی(ژیانی وشەكان) لە ساڵی ١٨٨٧ بەكاریهێنا, ئەم زاراوەیە كاتێك چەسپا كە (M.Breal)پەرتووكێكی بە ناوی ( Essai de semantique) لە ساڵی ١٨٩٧ بڵاوكردەوە كە تیایدا گرنگی دابوو بە وشە كۆنەكانی زمانە هیندۆ**

---

[١٤] -هەمان سەرچاوەی پێشوو :١٨.

[١٥] - منقور عبدا لجليل , علم الدلالة , أ صولة ومباحثة في التراث العربي, دمشق, ٢٠٠١ : ١٦.

**ئەورۆپییەکان, دوای برێل دیارترین کار لەم بوارەدا کاری زانای سویدی ئەدولف نورین(Adolf noreen) کە پەرتوکێکی لە ژێر ناوی (زمانەکەمان) بلاْویکردەوە و بەشێکی زۆری بۆ واتا تەرخانکردبوو لە ژێر ناوی (Somology), لەم پەرتووکەدا واتای بۆ دوو بەش دابەشکردووە:- ١-لێکۆڵینەوەی ئەرکی.**

**٢-لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆجی کە باس لە گەشەی زمان دەکات بە درێژایی مێژوو.[١٦]**

**١-١-٢-: واتاسازی هاوچەرخ:**

**لەڕابردوودا مشتومڕ لەسەر دۆزینەوەی کۆکی واتا بوو, (ئایا مانا چییە؟) , ئەویش وەکو چەمکێکی سەربەخۆ, ئەم بۆچوونەش وامانی لێ کرد کە دەرك بەپتربوون و فراوانبوونی گرفتەکە بکەین , بەلاْم هیچ پێناسەیەکی باوەڕ پێکراوی (واتا) لە ئارادا نییە... بەڵگو ئەم زاراوەیە هەندێك تەمومچی لەسەرە هەروەك لەلای خودی ئەفلاتون ئەم تەماویە لە ئارادا هەبووە.**

**بەلاْم پرسیار لەوەدایە, بۆچی زاراوەی (واتا) هەر بەتەماوی سەختی و زەحمەتی ماوەتەوە؟ زمانەوانەکان ئەمڕۆ گەیشتوونەتە ئەوەی کە (واتا) توخمێك نییە کەجودا و بەدەربێت لە تەواوی زمانە بەکارهێنراوەکە, هەروەکو توخمەکانی دی زمان , کە هەموو ئاوێتەو تێکهەڵکێشن , بۆ نموونە وەکو بەرزی و دێرژی, کە جۆرێك لە بوونی سەربەخۆی هەیە, جا گەر بڵێین کە شتەمان جۆرە بەرزیەکیان تیادایە ئەوە ئاماژەیە کە بۆ ئەوەی کە لێرەدا ژمارەیەك لەیەك بەرزەکان لەئاراداهەن, بەلاْم ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە خەسڵەتێکی بەرزی ڕوت و ڕەها بەدەر لەشتەکان لەئارادا هەبێ.**

**بەهەمان شێوەش کە دەڵێین: ئەو وشانەی کە واتایان هەیە , ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو وشانە بەشێوازێکی تایبەت لەڕستەدا بەکاردەهێنرێن, بۆ نموونە ئێمە دەتوانین مانای وشە تاکەکان (بەجودا) تاقی بکەینەوە پاشان مانای ڕستەکان بزانین , بەلاْم هیچ مانایەك ئیتر لەپاش ئەم دوو حاڵەتەوە بەدەست ناکەن.**

**کەواتە لە زانستە زمانەوانییە تازەکاندا واتا لە گوزەرگای شیتەڵکاری وردی ئەو ڕێچکەیەوە تاوتوێ دەکرێت کە وشەکان و ڕستەکان بۆیان بکرێ ڕێسا دەست نیشانکراوەکاندا بەکاربهێنرێن, جا ئەم ئاراستەیە دەیان ئەم پرۆگرامە ژمارەیەك لەفەیلەسوفان و دەروونناسان پەیڕەوەی دەکەن, (لودوی ڤیتجنشن) بە تایبەتتی جەختی لەسەر ئەم ئاراستەیە کردۆتەو, ئەویش لەو وتەیەیدا کە دەڵێت: مانای وشە ئەو مانایەیە کە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی لەزماندا دەیبەخشێت.[١٧]**

---

[١٦] -أحمد شامية و نبيلة عباس, محاضرات و تطبيقات علم الدلالة, الكويت, ٢٠٠٩: ٤٠.

[١٧] - نەریمان خۆشناو ، زمانەوانی , هەولێر, ب ١, چ ڕۆژهەلاْت, ٢٠١٠: ٢٤٨.

**1-1-3:گەشە و گۆڕانی واتا:**

**گەشەو گۆڕانی واتا پەیوەندی بە سیمالۆجی(Semasiology) و واتاسازی مێژوییەوە( Historical semantics) کە سەرتا لای ئەڵمانەکان لە (1800ز) دەستی پێکرد و دواتر گواستراوە بۆ زانایە کۆمەڵناسە فەرەنسییەکانە.[18]**

**لەم سەردەمەوە هەوڵدرا لە گۆڕانی واتای وشەکان بکۆڵدرێتەوە و لەسەر بنچینەیەکی لۆجیکی پۆلێنیان بکەین, چونکە گرنگترین دیاردە کە زمانەوانەکانی سەرقاڵ کردبوو گۆڕانی واتا و هۆکارەکان و ئەو بنەمایانە بوون کە باس لە هاتنەکایە و مردنی وشە دەکەن.**

**کۆهین(Cohen) لە کتێبەکەی(The diversity of meaning) دەپرسێ ئایا واتا دەگۆڕێ؟ بۆ ئەمە وەڵام دەداتەوە دەڵێت: هەمان وشە لەبەر گۆڕانی زمان بەپێ کات مانایەکی تر وەردەگرێ و بیرێکی تر روون دەکاتەوە جا بۆیە مەبەستمان لە گۆڕانی واتا گۆڕانی واتای وشەکانە.[19] ئاشکرایە کەزمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە باوەشی کۆمەڵگا دەژی و هەر پێشکەوتنێك لە کۆمەڵگا روودات لە زمانیش رەنگدەداتەوە باشترین بەڵگەش لە زمانی کوردیدا گۆڕانی زمانە لە دوای ڕاپەرین.[20] ئاشکرایە کە گرنگترین گۆڕان لە ئاستی واتا دا دەبێت, لەم بارەیەوە (ئۆڵمان) دەڵێت: واتا بریتیە لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی کە لە نێوان وشە وماناکەیدا هەیە, بەم پێیە هەر گۆڕانێك لەو پەیوەندیەدا روودات ئەوا بە گۆڕانی واتایی لە قەڵەم دەدرێ. وە گۆڕان لە واتا بە دوو شێوە دەبێت: کاتێ کە واتایەکی نوێ بە وشەیەکی کۆن دەدرێ, کاتێ کە وشەیەکی نوێ بە وشەیەکی کۆن دەدرێت.[21]**

---

[18] -عبدالقادر عبدالجليل , المعجم الوظيفي لمقاييس ألادوات النحوية, عمان, ط- دار الصفاء للنشرو التوزيع, ٢٠٠٦ : ٢٢٧.
[19] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة ,الكويت,مكتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢ : ٢٣٥.
[20] -رمضان عبدالتواب, مدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوى, القاهرة ,ط- ١, ١٩٨٢: ٥.
[21] -ستيفن أولمان, دور الكلمة في اللغة, بغداد , مكتبة شباب,١٩٨٦ : ١٦٩.

**١-١-٤:چەمکی زاراوەی:**

**سیمانتیکس(Semantics) لە وشەی یۆنانی(Semantika) وەرگیراوە, بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا, کە داکۆکی لەسەر پەیوەندی نێوان واتاکان دەکات, وەك: وشە و دەستەواژە و ئاماژە و هێماکان. واتاسازی زمانیش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا, کە بۆ تێگەیشتنی گوزاریشتەکانی مرۆڤ بەکاردێت لە چوارچێوەی زماندا.[٢٢]**

**١-١-٥:چەند پێناسەیەك بۆ واتاسازی:**

**واتاسازی پەیوەندییەکی بەناو یەکدا چووی بە زمانەوە هەیە, بابەتێکی ئاڵۆز و سەختە لە بەردەم زمانەوانان.هەر بۆیەش ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان لایەنی واتایان فەرامۆش کردبوو تەنیا بایەخیان بە ڕووخسار دەدا,کە ئەمەشیان بەستبووەوە بە زانیاری زیاتر و پێشکەوتووی مرۆڤ دەربارەی زمانەوانی, هەروەك(بلۆم فێلد) لەم بارەیەوە دەڵێت: (واتا دیارکردن خاڵێکی زۆر بێ هێزە لە لێکۆڵینەوەی زماندا و هەرواش دەمێنێتەوە تا زانیاری مرۆڤ لە ئاستی ئێستادا پێشتر دەکەوێت).[٢٣]**

**-واتاسازی لە سادەترین پێناسەدا بریتییە: لە لێکۆڵینەوەی واتا.[٢٤]واتاسازی بریتییە لە پەیوەندی نێوان شێوە(فۆرم).[٢٥]**

**-واتاسازی ئەو لقەیە لە زانستی زمان, کە لێکۆڵینەوە لە تیۆرەکانی واتا دەکات. یان ئەو لقەیە لێکۆڵینەوە لەو مەرجانە دەکات, کە پێویستە لە هێمادا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت واتا لەخۆبگرێت.[٢٦]**

**لەزانستی زماندا واتاسازی بریتییە لەو کێڵگە لاوەکییەی کە هەوڵەکانی بۆ لێکۆڵینەوەی واتا تەرخان دەکات, کە ئاستەکانی وشە و دەستەواژە و ڕستە و یەکەی گەورەتر لە گوتن(دەق) دەگرێتەوە. ناوچەی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکەدا بریتییە لە واتای ئاماژەکان و لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان یەکەکان و پێکهاتە زمانییە جیاوازەکان, وەك: هاوبێژی, هاوواتا, دژ واتا,فرەواتا, بەش لە گەشت, گرتنەوە, جیاوازی.[٢٧] (بلۆم فێڵد) جیا لە زمانەوانی تر سەبارەت بە واتا وەك ئاماژە دەیوت:(دەبێ وەسفێکی وردی زانیاری ناولێنراومان لەبەر دەست دابێت ئینجا مافی گەیشتن بە پێناسەی واتامان دەبێت).[٢٨]**

---

[٢٢] - **www.semantics- Wikipedia, the free encyclopedia.htm.**

[٢٣] -نورالهدى لوشن,علم الدلالة – دراسة وتطبيقا,ليبيا ,ط-١, ١٩٩٥: ١٦.

[٢٤] -جون لاينز, علم الدلالة, البصرة,ط- جامعة البصرة, ١٩٨٠ : ٩.

[٢٥] - **Hana Filip ,What is Semantics What is meaning , pdf, 2008 : 2.**

[٢٦] -أحمد مختار, علم الدلالة , القاهرة, ط- السابعة القاهرة, ٢٠٠٩: ١١.

[٢٧] - **Veronika Richtarcikova , Semantics of English , National University of loaf,2006:2.**

[٢٨] -وه فاء محمد كامل , النبيوية فى السانيات, كويت, مجلة عالم الفكر٢٦, ١٩٩٧ :٢٤٤.

کەواتە واتاسازی ئەو لقەیە لە زانستی زمان, کە لێکۆڵینەوەی واتا دەکات, هەروەها باس لە واتا و جۆرەکانی واتا و یەکەکانی واتا و تیۆرەکانی واتا دەکات.وە باس لە پەیوەندی واتاسازی و چەند زانستێکی تر دەکات وەك ( کۆمەڵناسی و لۆجیك و دەروونناسی و مرۆڤ ناسی و گەردوون ناسی ....هتد) دەکات. وە واتاسازی لێکۆڵینەوە لە هەمووئاستەکانی زمان دەکات وەك رستە سازی و وشە سازی و دەنگسازی و پەیوەندیە واتاکانی نێوان وشەکان وەکو( هاو واتا و فرە واتا) دەکات.

★چەند پێناسەیەکی واتا:[29]

١- ئوڵمان دەڵێ: واتا بریتییە لە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕی نێوان وشە و هێما بۆکراو, ئەم پەیوەندییەش وایان لێدەکات کە هەردەم پێویستییان بە یەکترەوە هەبێت.

٢- فێرس دەڵێ: واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندیەکی سیاقی ئاڵۆز.

کەواتە واتا هەموو ئەو قسە و گوتن و هێما و جوڵانەوانە دەگرێتەوە, کە لە لایەن مرۆڤە وە دەریدەبڕێت یان دەنووسرێت یان ئاماژەی پێدەکرێت, بە مەرجێك لایەنی واتایی لە خۆ بگرێت, وەك:( وشە, گرێ, گوتار, رستە, ئیدیەم, دەق...هتد).

### ١-١-٦:تیۆرەکانی گۆڕان:

بۆ لێکدانەوەی گۆڕانی زمان بۆچوونی جیاجیا هاتۆتە ئاراوە گرنکترین ئەم تیۆرانەش بریتین لە:

### ١- تیۆری سوك کردنی ئەرك:

قسەکەری هەر زمانێ هەوڵدەدات کورترین دەربڕین و کەمترین کات بەرامبەرەکەی خۆی تێ بگەیەنێت, ئەمیش لەو ئارەزووەی مرۆڤەوە هاتووە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین.[30] سوك کردنی ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەر ماسولکە و ئەندامانی ئاخاوتن بەم پێیە هەموو ئەوگۆڕانانەی کە لە زماندا روودەدات وەك: توانەوە و کرتاندن و جیابوونەوە و جێگۆرکێ لە ناو چوونی ئامراز و گۆڕان لە رێزبوونی کەرەسەی رستە و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی واتا...هتد.هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین و ئەو هێشوە دەنگانە کەرتدەکەن لەم دەنگانەش رزگارمان دەکات کەقورسن و بە ئاسانی بۆمان گۆناکرێت, هەندێ لە زمانەوانان ئەم بیردۆزەیان

---

[29] -طالب حسين علي , واتاسازی , هەولێر, چ رۆژ هەڵات, چاپ ١, ٢٠١١ : ٢٨.
[30] - ابراهيم أنس , دلالة ألفاظ , القاهرة,ط ٣ ,مكتبة ألانجلو المصرية, ١٩٧٦ :٦٧.

**پەسەند کردووە وەك (ویتنی) بە بەڵگەی ئەوەی زمانەکانی ئێستا لە هی پێشووتر ئاسانترە. هەندێ گۆڕان بەپێ ئەم بیردۆزە چاك لێکدەدرێتەوە.[٣١]**

**٢- تیۆری چینکاری:**

**بەپێی ئەم بیردۆزە زمان لەشێوەی پێکهاتنی دا وەك زەمین وایە( چین لەسەر چین) دروست بووە,واتە زمانێك کە لە ناوچەیەك بڵاودەبێتەوە وەك خۆی نامێنێت وکاری تێ دەکرێت لەلایەن ئەو زمانەی کەلەپێش ئەودا لە ناوچەکەدا هەبووە, بۆ نموونە: زمانی (ڕۆمانی) کە لە فەرەنسای کۆندا بڵاوبوەوەکەوتە ژێر کاریگەری زمانی (کێڵتی)**

**کە پێشتر لەناوچەکەدا بووە, هەروەها بەپێ ئەم بیردۆزە زمان لە رووی دەنگ و وشەوە, کار لە یەك دەکەن ئەمەش ڕەخنەی لێ گیرا, چونکە زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکا هیچ کاریگەرییەکی نەکرا سەر لەلایەن ئەو خەڵکانەی کە بە زمانەکانی ئەڵمانی, فەرەنسی, مەجەری قسەیان دەکرد لە ئەمەریکا.[٣٢]**

**٣- تیۆری مارتنێت:**

**بە باوەڕی زمانەوانی فەرەنسی (مارتنێت) هەموو زمانێك لەگەڵ پەیدابوونی دا هۆکاری گۆڕانی لەگەڵدایە, چونکە هەموویان ئەو ئارەزووەیان تێدایە کە ئاسان بن و ئەرکی زۆر نەخەنەسەر ئەو کەسانەی کە قسەیان پێدەکەن و بە کاریان دەهێنن. جا لەبەر ئەوەی زمانیش ناوێزەیەکی زۆری تێدایە, ئەم دیاردە ناوێزانەش تارادەیەك زمانیان لا سەنگ کردووە قسەکەران هەمیشە بەدوای هێنانەوەی هاوسەنگیەوە وێڵن و هەموو ئەو گۆڕانانەی دێتە کایەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ بێ گومان ئەم ئامانجەی قسەکەرانیش هەرگیز نایەتەدی, چونکە هێنانەوەی هاوسەنگ لە لایەك دەبێتە هۆی لاسەنگی لە لاکەی تری زمانەکە, بەم جۆرە کێشەکە بەردەوام دەبێت و زمان لە گۆڕان دەکەوێت کە لە ناو بچێت.[٣٣]**

**4- تیۆری رووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی:**

**هەندێ لە زمانەوانان گۆڕان دەدەنە پاڵ رووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وەك شەروشۆر و جەنگی بەربڵاو و داگیرکردن و برسیەتی و نەخۆشی و کۆچ و باری نائاسایی ونوێکردنەوە و ئاوەدانکرنەوەی وڵات, ئاشکرایە کە**

---

[٣١] - **محمد معروف فتاح, زمانەوانی , هەولێر, ز سەلاحەددین, ١٩٩٠ : ١٢٥ .**

[٣٢] **-**عبدالله عزیز محمد **, گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا , نامەر ماستەر, ك ئاداب- ز سەلاحەددین, هەولێر, ١٩٩٠ : ١٤.**

[٣٣] **- محمد معروف فتاح, زمانەوانی , هەولێر, ز سەلاحەددین, ١٩٩٠ : ١٢٤ .**

**هەر یەکێ لەم دیاردانە دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان, بەلاّم دیسان ئەم دیاردەیە هەموو گۆڕانێکمان بۆ لێکناداتەوە.[٣٤]**

## 5- تیۆری زمانی دایك:

**بەپێی ئەم بۆچوونە گۆڕانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ کاری دوو زمان یان زیاتر لەسەر یەکتری, ئەوانەی فێری زمانی بێگانە دەبن ئاسایی بەر لەمەش زمانی دایکی خۆیان دەزانن، ئینجا یان زمانی گۆڕان دێتەکایەوە وەك ئەوەی ئەو گۆڕانەی بەسەر ئینگلیزیدا هاتووە لە هیندستان.[٣٥]**

## ١-١-٧: ئامانجەکانی واتاسازی:

**واتاسازی بۆ چەند ئامانجێك هاتۆتە کایەوە, بە رای(بیرۆش) پێویستە واتاسازی بتوانی (لێڵی Ambiguty و ناوێزەیی Anomalie ) و شێوە دەبڕینەکانی Paraphrasen ئەم رستانەمان بۆ لێکبداتەوە:[٣٦]**

**أ- ئامێری چاپەکە مەبەستی خراپ نەبوو.**

**ب- خوشکە شوونەکردووەکەی ژنی پیاوێکی رەبەنە.**

**پ-پیاوەکە باسی خۆشەویستی سەرۆکی کرد.**

**ت- ١- دەرزیەکە زیاد لە پێویست کورتە**

**٢-دەرزیەکە بەپێی پێویست درێژ نیە.**

**دەبینین لە رستەی (أ) ناوێزەیە, چونکە مەبەست لەگەڵ مرۆڤی هۆشمەند دێت نەك چاپ , وە رستەی (ب) دژیەك وناوێزەیە, وەرستەی (ت) رستەیەکی تەمو مژاویە نازانین خۆشەویستی گەلە بۆ سەرۆك یان خۆشەویستی سەرۆکە بۆ گەڵ.**

**کەواتە واتاسازی بۆ لێکدانەوەی واتای وشە و واتای رستە و لێکدانەوەی لێڵ واتایی هاتۆتە ئاراوە.**

---

[٣٤] **-هەمان سەرچاوەی پێشوو, ١٢٤.**

[٣٥] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ١٢٥.**

[٣٦] **- د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٢٧-٢٨.**

**تەوەری دووەم: واتاسازی وشە :**

**دوو ڕێرەو لای واتاناسەکان هەیە, ڕێرەوی یەکەم: دەڵێن ڕستە تۆخمێکی بنجی یە بۆ واتا, بەڵام وشە بەشێکە, پارچە کە لەم توخمە گشتی یە, واتە ئێمە لە گشتەوە دەست پێ دەکەین, واتە لە ڕستەوە دەتوانین بیگەێنی و لە ڕێگای زانیاری واتای ڕاستەقینە بەشە پێکهێنەکانی ئەو گشتە دەست نیشان بکەین, یەکێ لە هاندەرەکانی ئەم بۆچوونە هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە: واتای ڕستە هەمیشە گەورەترە لە نرخی واتای ئەو وشانەی کەپێکی دەهێنن لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە: منداڵەکە درهەمێك بەپیاوەکە دەدات.[37]**

**ڕێرەوی دووەم: لەوەدایە کە لێکۆڵینەوەی واتای یەکەکان بەتەنیا مافی سەرەکی هەیە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان واتای وشەکان لە بەکارهێنان دا (واتە لە چوار چێوەدا , چونکە وشە دەبێتە مایەی ڕۆنانی ڕستە).ئەو واتاناسانەی بایەخ بە ڕستە دەدەن تێبینی ئەوەیان کردووە کە بابەتی واتاسازی فەرهەنگی پێویستە چونکە وشەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن.[38] هەرچەندە وشە دانەیێکی زمانی یەکجار دێرین و بڵاوە و ئاشنایە,بەڵام تائێستا پێناسەیێکی ورد و قووڵ و تەواوی نەخراوەتە ڕوو, زانایێکی وەکو مالینۆفسکی وشە بە دانەیێکی خەیاڵی دادەنێ و باوەڕی بەوە نییە, کە بوونێکی لە زماندا هەبێ. لە شێوازی ئاخاوتنیشدا وشە بەدوای یەکدا دێن وهیچ شتێکی نێوانیان سنووری وشەمان بۆ دیاری ناکات. بە ڕای هەندێ زمانەوانیش, وشە بچووکترین دانەی زمانە , کە توانستی جیابوونەوەی تێدای بێ. ئەم توانستە لە نوسینی زۆر زماندا ڕەنگی داوەتەوە و ئەویش بە وەدا بۆشایێکی بچووك لە نێوان سنووری دوو وشەدا بەجێ دەهێڵێ.[39]**

**-وشە بچووکترین یەکەی واتادارە لە زماندا, چونکە لە هەموو یەکەکانی تری زمان دیارترو ئاشناترە, هەروەها بوونی لە زماندا پێویستییەکی بەخورتییە, واتە هیچ زمانێك بەبێ وشە بوونی نییە.[40] کەواتە زاراوەی وشە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا ئێلە, ئەوەی تایبەتە بەو جیاکردنەوەیە ئەوەیە کاتێك کە تەماشای وشەکان دەکەین بەو پەسنەی کەوا یەکەی خاوەن واتا, پێویستە لەسەرمان بە گوێرەی ئەم دانانە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە شێوەی وشەیەك لەوانەیە بە زۆر واتاوە پەیوەنداربێ.**

---

**[37] - د. یوسف شەریف سەعید, واتاسازی, هەولێر ,چاپ وەزارتی پەروەردە,چ١, ٢٠١٣: ٣٧.**

**[38] -هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٧.**

**[39] - ئەورەحمانی حاجی مارف , فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی- کوردی-عەرەبی , سلێمانی, ٢٠٠٤: ٣٩٢-٣٩٣.**

**[40] - د. یوسف شەریف سەعید, واتاسازی, هەولێر ,چاپ وەزارتی پەروەردە , چ ١, ٢٠١٣: ٦.**

## ٢-١:جۆرەكانی واتای وشە:

ئەگەر تەماشای وشە بكەین لە ڕووی ئەو واتایانەوە كە دەیگەیەنێت ئەوا یەك جۆر واتا بەدی ناكرێت, بەڵكو دەكرێ چەندین جۆر لەواتا دەستینشان بكرێن, هەریەك لەو جۆرانەش گرنگیی خۆیان هەیە چ لەلای ئاخێوەر یان لەلای گوێگر ئەو گرنگیانەش دەبنە هۆكارێكی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە تێگەیشتن و جۆری تێگەیشتن.

دوو جۆر لە واتای وشە مان هەیە:

### أ- واتای چەمكی:

ئەم جۆرەی واتای بە جۆری یەكەمی واتا داناوەو بە هۆكارێكی بنچینەیی و سەرەكی دادەنێت لە كردەی تێگەیشتن لە ناو زماندا ئەم جۆرە واتایەش دەكرێ واڵێك بدرێتەوە كە ئەركی بنچینەیی و بنەرەتی زمان بووبێت كە جۆرەكانی تری واتا بەم شێوەیە نابن و كاریگەی كۆمەڵێ هۆكاری تر لەسەر ئەم واتایە بەدی دەكرێ, وەنەبێ ئەم بۆ چوونە وابكات كەواتای چەمكی كاریگەری بەسەر واتاكانی تری ناو زماندا بشكێتەوە یان بە گرنگتر لە قەڵەم بدرێت, یا خود بە گرنگترین ڕەگەزی تێگەیشتن لە ناو ئاخێوەرانی زمانێك دابنرێت.[٤١]لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرەی واتا لە هەموو جۆرەكانی تری واتا سەرەكی ترە, چونكە خاوەنی ڕۆنانێكی ڕێكە كە بەئاسانی دەتوانرێ لەگەڵ ڕۆنانی ئاستەكانی تری زماندا. بەراورد بكرێت بەتایبەتی ڕۆنانی فۆنۆلۆجی وڕستە سازی ئەم ڕۆنانەش لەسەر ئەم بنەمایانە كاردەكات: (بنەمای سیمای جیاكردنەوەو بنەمای كەرت بوون بۆ پارچە پێك هێنەرەكان).[٤٢]

### ب- واتای باركراو:

ئەو واتایەیە كە بەهای تێگەیشتنی دربڕینێكە لە دەربڕینەكان لە سایەی ئەوەی كە ئاماژەی بۆ دەكات و لەسەرووی ناوەڕۆكە چەمكییەكەوە, بۆ نموونە: ئەگەر تەماشای وشەی (ئافرەت) بكەین لە لایەن لە واتاوی چەمكییەوە سێ ڕووخساری هەیە (مرۆڤ – نێر - هەژار) كەواتە ئەم سێ لایەنە چەمكییە دەبنە پێوەرێكی ڕاستەقینەی وشەكە, ئەگەر ئەو ڕووخسارانە بگۆڕرینە سەر جیهانی ڕاستەقینە (الواقع العملی) ئەو سێ لایەنە چەمكییە دەبنە شتێكی ئاماژەپێكراو سەبارەت بە ئەوەی كە وشەكە ئاماژەی پێ دەكات, لێرە دا كۆمەڵێك سەربار هەن كە وشەی ئافرەت لەگەڵ خۆیدا هەڵیان دەگرێ, خۆ ئەگەر لە ڕووی بایەلۆجییەوە وەری بگرین, ئەوا ئافرەت جگە لە و سێ ئاماژەی پێ كراوە ئەوا دوو پێ و دو دەست و مناڵدانی هەیە, خۆ ئەگەر لە ڕووی كۆمەڵایەتی و دەروونییەوە سەیری بكەین ئەوا دەبێ بڵێین كۆمەڵ خوازەو خاوەنی سۆزی دایكانەیە, جگە

---

[٤١] - Leech. G., Semantics ,Londo:Longman,1974:10.

[٤٢] - محمد معروف فەتاح , زمانەوانی , هەولێر, ز سەلاحەددین, ١٩٩٠ :١٥٨.

**لەوانەش کۆمەڵێك ڕوخساری تری نموونەیی و نەگۆڕ لە خۆ دەگرێت کە بە ئافرەتەوە پەیوەستن, وەك(توانای قسەکردن, شارەزایی لە منداڵ بە خێوکردن, شارەزایی لە چێشت لێنان, جۆری پۆشاکی).[43]**

**ئەم جۆرە واتایەش (سەر بارێکە بۆ واتا بنچینەییەکەو سیفەتی چەسپاو و گشتی لە خۆ ناگرێ, بەڵکو بەپێی ڕۆشنبیری و کات و شارەزایی واتاکە دەگۆڕێت), بۆ نموونە وشەی چەقەڵ بە هەر کەسێك بگوترێ ئەوا بە واتای ناشیرین یان جەستەی لاواز و گەڕ دێت.[44]**

**٢-٢:ئاستەکانی واتاسازی:**

**واتا دەبێتە دوو ئاست (سیمانتیك و پراگماتیك ) یەکەم تایبەتە بە واتای فەرهەنگی دووەمیشیان تایبەتە بە واتای دەورووبەر:-**

**أ-سیمانتیك:**

**ئەم جۆرە واتایە پەیوەستە بە واتای هۆشەکی وشەوە, کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی سیمای واتایی دروست بووە وەك: ئامۆزا = نەوەی ٣+ نێر + ئاسۆیی.[45] یان ئەو واتایەی لە ئەنجامی پەیوەندی وشەکانەوە دروست بووە, پەیوەندیی هاو واتایی, دژواتایی , داپۆشین, جیاوازی, بەش لە گشت. یان ئەو واتایەی کە لە ئەنجامی ڕێزبوونی وشەکان دێتە کایەوە, واتای سیمانتیکی واتایەکی چەسپاوە و نەگۆڕە, هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات و گەشە و گۆڕان بە خۆوە دەبینێت, واتای سیمانتیکی پابەندە بە(یاسا) بۆ نموونە ئەگەر منداڵێك بە باوکی بڵێت: برۆ ئاوم بۆ بێنە. ئەوا نا دروستە, چونکە باری کۆمەڵایەتی ڕێگا نادات. واتاسازی پابەندی (توانست)ە, کە مرۆڤ بە سەلیقە یان بە زانستی یاساکان ڕێزمانی و نا ڕێزمانی رستە لێك جیادەکاتەوە, واتای واتاسازی پەیوەندیی بە لایەنی واتاوە هەیە وەك:**

**گوڵ = گوڵ (ڕووەك)**

**هەروەها پابەندی مەرجی دروستی و نا دروستییەوە وەك:**

**تارا بە یەکەم دەرچوو.**

---

[43] - احمد مختار عمر, علم الدلالة, كويت, جامعة الكويت , ١٩٨٢: ٣٧.

[44] - Leech. G., Semantics ,Londo:Longman,1974:16.

[45] -عبدالقادر هني, السانيات النبيوية في مطلع القرن العشرين, الجزائر, مجلة اللغة الآدب , ١٩٩٧: ٢١٨.

ئەم هەواڵە یان ڕاستە یان هەڵەیە, جگە لەمەش واتای واتاسازی پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆی سێ قۆڵییە کە (هێما, بیر, تەن) بەیەکەوە دەبەستێتەوە.[٤٦]

## ب- پراگماتیك:

ئەم جۆرە واتایە لە دەوروبەر وەردەگیرێت, کە واتای لە دەرەوەی واتای وشە و رستەکانە, وك: بۆ لە کوڕەکەتت داوە؟.[٤٧] لەم رستەیەدا باس لە زۆر شت کراوە کە دەر نە بڕاوە, وەك (تۆ ژنت هێناوە , تۆ منداڵت هەیە, منداڵەکەت لە ژنەکە بووە, منداڵەکەتان کوڕە, تۆ لە کوڕەکەت داوە). هەروەها واتای پراگماتیکی پەیوەندی بە واتایەکی نائاساییەوە هەیە, هەروەك (رولان بارت) دەڵێت: کاتێ کوڕێك گوڵێك بە دیاری دەداتە دەسگیرانەکەی , ئەوا دەبێتە هێما بۆ خۆشەویستی. [٤٨] واتای پراگماتیکی پابەندی(بنەما)یە و یاسا دەبەزێنێ بۆ واتایەکی قوڵتر وەك: خۆشەویستیت رووبارێکی بێ شەپۆڵە.واتە: خۆشەویستیت گرِوتینی تیا نیە ئەم جۆرە واتایە بەپێ (نێرەر) واتاکەی دەگۆڕێت , بۆ نموونە شاعیرێك(گوڵ) وەك(یار) سەیر دەکات.واتای پراگماتیکی پابەندی چالاکییە کە لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ رستە ناپەسندەکان دەکات, تاکو لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ, بۆ نموونە کاتێ دەگوترێ :( چایەکەت سارد بۆوە)(وەرگر) چایەکە دەخواتەوە... بەپێی دەوروبەر.کەواتە, واتای سیمانتیکی بریتییە لە ( واتای فەرهەنگی + کاریگەریی رێزمانی) , بەڵام واتای پراگماتیکی بریتییە لە ( واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەر).[٤٩]

---

[٤٦] - هەمان سەر چاوەی پێشوو : ٢١٨.

[٤٧] - هەمان سەر چاوەی پێشوو : ٢١٩.

[٤٨] -عبدالستار جواد, اللغة الاعلامية, الاردن, ط١, ١٩٩٨ : ٥٨.

[٤٩] Diane Larsen, Freeman Discourse Analysis in Second Language , new bury house U S A , 1980 : - 77.


# بەشی دووەم

# یەکە واتاییەکان, پەیوەندییە واتاییەکان

**بەشی دووەم :**

**تەوەری یەکەم: یەکە واتاییەکان :**

**زمانەوانەکان بیرورایی جیاوازیان هەیە بۆ یەکەی واتایی(Semantic unit) بۆ نموونە زمانەوانی سویدی(أدولف نورینAdolf) بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٠٨ سێمێم ی (sememe) بەکارهێنا, دواتریش (بلۆمفێلد) ساڵی ١٩٢٦ هەمان ناوی بەکارهێنا کاتێ کە, وتی مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە یان پێکهاتووە لە چەند یەکەیەك کە سیمای جیاکەرەوەن.[٥٠] مشتومڕێکی زۆری لای زمانەوانان هەیە بۆ یەکەی سەرەکی(واتا), ئایا وشەیە یان رستەیە, بەلاَم (واتا) لەیەك ئاستی زماندا نابینرێت, بەڵکو لە چەند ئاستێك دا بەرچاو دەکەوێت, کە لەهەریەکە یان دەست پێ بکەین ئەو واتاکەی جیاواز دەبێت, بۆ ئەم مەبەستە(ئیدا Nida) یەکەی واتایی کردە چواربەشی سەرەکی:[٥١]**




**١- مۆرفیمی بەند: بچووکترین دانەی واتادارە کە بە تەنها نایەت, بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆی تردا دێت و واتاکەی لەو ئەرکەیدایە کە دەیبینێت وەك:(ەکە)کە ئەرکی ناساندن دەبینێت. بۆ نموونە: دار+ ەکە = دارەکە.**

**٢- وشە: گرنگترین یەکەی واتاییە کە واتایەکی هۆشەکی هەیە, لەگەڵ ئەوەش واتایەکی نموونەیی نییە, بەڵکو واتای وشە بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشەکە و ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات بۆ نموونە:(ناسکە, تازە, خواردن...هتد).[٥٢]**

**٣- لێکدان: ئەم جۆرە پێکهاتووە لە لێکدانی چەند فۆرمێك کە واتاکانیان لە واتای وشەکەوە وەر —ناگیرێن کە بە سێ شێوە دێتە بەرچاو:**

---

[٥٠] - خلیفة بوجادی, نظریات التحلیل الدلالي, ٢٠١٠ : ٩.
[٥١] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة ,الکویت,مکتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢ : ٢٢.
[٥٢] - Jean Aitchison , Linguistics , Great Britain, Hodder dstonghton , 1993: 18.

**أ- ئیدیەم: بریتیە لەو تێكپچڕژانەی كە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێكهاتووە, كە واتاكەی لە واتای كەرتەكان یا پەیوەندی ڕێزمانی ئەم كەرتانە پێشبینی ناكرێن.[٥٣]ئیدیەم واتای فەرهەنگی وشە وەردەگرێت و بۆ مەبەستێكی تری دەبات, وەك: سك سوتان. لێرەدا واتای وشەكانی (سك, سوتان) واتای(سك سوتان)مان بۆ روون ناكاتەوە, بەڵكو واتایەكی تر دەدات وەك: منداڵی مرد.هەر بۆیەش دەبێت لە ئاستی پراگماتیكدا واتاكەی لێكبدرێتەوە.[٥٤]**

**ب- وشەی لێكدراو گرێ:**

**وشەی لێكدراو ئەو وشەیە بەلای كەمەوە لە دوو وشەی واتادار پێكدێت. وەك (مەلا ژن) كە واتای (مەلا + ژن) ناگەیێنێت, بەڵكو واتای(خێزانی مەلا) و (مەلایی ژن) دەدات.**

**گرێ: گرێ لە دیارخراوێك و دیارخەرێك یا چەند دیارخەرێك پێكدێ كە شوێنی وشە دەگرێتەوە لە رستەدا.[٥٥]**

**- ژنی مەلا .**

**لێرەدا واتای(ژن) لەم گرێییە جیپایە لە واتای (ژن) وەك وشە, چونكە وشەی (ژن) بە تەنها دوو واتای هەیە (Wife) و (Whoman), بەلأم وشەی (ژن) لەگەڵ (مەلا) واتای(Wife)**

**- دەدات واتە (خێزانی مەلا).**

**پ- وشەی ئاڵۆز: ئەو وشە ناسادەیەیە كە لە وشەیەكی سادە و زیادەیەك پێكهاتبێ. وەك: ئاسنگەر , كە لە واتای (ئاسن + گەر) پێك نە هاتووە چونكە ناوی پیشەی كەسی دارشتووە.[٥٦]**

**٤- رستە:**

**واتا لە سنووری رستەدا هەندێ زمانەوان بەگرنگتری دەزانن لە واتای وشە, چونكە وشە واتاكەی لە ناو رستەدا بە دیار دەكەوێت.[٥٧] واتای رستە بریتیە لە (واتای وشەكان+ كاریگەری ڕێزمانی) بۆ نموونە ئەم دوو رستەیەی لە ژمارەی وشەكان دا یەكسانن, بەلأم لە ڕیزكردن دا جیاوازن بۆیە واتای جیاواز دەدەن.وەك: [٥٨]**

---

[٥٣] **- محمد معروف فتاح, سنوور و بنەما ە ئەركەكانی كۆزمانەوانی , گ. ڕۆشنبیری نوێ , ژ ١١٢ بەغداد, بەغداد, ١٩٨٦ : ٦٨.**

[٥٤] - عبدالوهاب خالد موسی, **هێزو ئاوازە لە دیالێكتی كوردیی ژووروودا,هەولێر , بلأوكراوەی ئەكادیمیای كوردی ژ. ٧٥, چ حاجی هاشم, ٢٠٠٩ : ٨.**

[٥٥] **- ئاواز حەمە صدیق, ڕێزبوونی كەرستە لە زمانی كوردی, هەولێر, نامەی ماستەر, ك. ئاداب, ز. سەلاحەددین , ١٩٩٦ : ٤٣.**

[٥٦] **-ئەورەحمانی حاجی مارف , چەند كێشەیەكی زمانناسی , گ. كۆڕی زانیاری , بەرگ.١٥, بەعداد, ١٩٨٦ : ٥٠.**

[٥٧] **- د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٦٢.**

**- دارا لە رزگاری دا. - رزگار لە دارای دا.**

**جیاوازی ئەم دوو رستەیە ئەوەیە رستەی یەکەم(دارا) بکەرە و(رزگار) بەرکارە لە رستەی دووەمیش (رزگار) بکەرە و (دارا)بەرکارە.**

**٥- گوتن:**

**رستەی بەکار نەهێنراوە لە دەوروبەردا, بەمە واتای دەبێتە(واتای رستە+ واتای دەوروبەر). وەك:[٥٩]**

**- ژوورەکە ساردە.**

**ئەم رستەیە ئەگەر بخرێتە دەوروبەری گوتنەوە ئەوا واتای جیادەدات وەك ئەوەی :**

**١- پەنجەرەکە داخە.**

**٢- سۆپاکە داگیرسێنە.**

**٣- فەرشەکە رابخە....هتد.**

**٦- دەق (Text):**

**دانەیەکی سیمانتیکییە و پەیوەندی بە واتاوە هەیە نەك بە فۆرمەکە , کەبریتیە لە زنجیرە رۆنانێکی زمان کە یەکەیەکی گشتی تەواو پێکدێنێ, و رستەکان واتای یەکتری تەواو دەکەن تاکۆتایی دەق. واتە واتای رستە, پشت بە واتای رستەکانی تر دەبەستێ.[٦٠]**

**٧- گوتار:**

**ئاستێکی گەورەتر لە رستە دەگرێتەوە, وەیان بریتییە لە و قسەیەی کە ئەرکی گەیاندنی واتا و پەیامێکە بۆ کەسی بەرامبەر.[٦١] گوتار مەرجی ئازادی قسەو نۆبەگرتنی تیادانیە بۆیەش دەتوانین بڵێین : قسەیەکە لە دەوروبەرێکدا ئەنجام دەدرێت.**

---

**٥٨ - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٦٢.**

**٥٩ - Fromakain & Roman , <u>An-Introduction to Language</u> , Therd end , Holt Saunders , International Editions, 1983: 195.**

**٦٠ - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, <u>واتاسازی وشە و رستە</u> , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٦٤.**

**٦١ - محمد علي الخولي, <u>معجم علم اللغة النظري</u>,(انکلیزی - عةرةبي), بيروت-لبنان , ١٩٩١: ٧٦.**

**٨- ئاخاوتن:**

**قسە لە نێوان دوو هاوبەش یان زیاتر کە بە ئازادی بەڕێوە دەچێ.[٦٢] ئەگەر بێت و لەم پێناسەیە ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت هەموو قسەیەك بە ئاخاوتن دانانرێت, وەك قسەکانی کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمییەکانی وەك: مزگەوت , ژووری دادگا, پۆل و ....هتد,یان ئەو قسانەی مرۆڤ لەبەردەم خۆیەوە دەیکات, چونکە لەسەر بنەمای نۆبەگرتن ناچن بە ڕێوە. ئەو واتایەی لە ئاستی پراگماتیکدا لێکدەدرێتەوە, بریتییە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر کە گرنگە بۆ تێگەیشتن.[٦٣]**

**٢-١-٢:هۆیەکانی گۆڕانی واتا:**

**گومانی تێدانییە کە زمان بە تێپەربوونی کات دەگۆڕێت, ئەم گۆڕانەش هەموو زمانەکان دەگرێتەوە پابەندی یاسا گشتییەکانی گەشە و گۆڕانن. بۆ دیاردەی گۆڕانی واتا دوو هۆکاری سەرەکی هەن:[٦٤]**

**أ- بە مەبەست داهێنان(Innovation): ئەم جۆرە گۆڕانە دەگرێتەوە کە بە ئاگاییەوە ئەنجام دەدرێت لە دوو ڕێگاوە:**

**١- ئارەزوومەندان و شارەزایانی بواری ئەدەب بۆ کاریگەریکردنە سەر خوێنەر بەکاریدێن.**

**٢- یان کۆڕ و کۆمەڵە و دەستە زمانەوانییەکان ئەنجامیدەدەن کاتێك وشە یەك یا زاراوەیەك دادەڕێژن یان واتایەکی نوێ بە وشەیەکی کۆن دەبەخشن, ئەم جۆرە هۆکارە کاریگەرییەکی سنوورداری هەیە و زۆر جێگای بایەخ نیە.[٦٥]**

**ب- بە بێ مەبەست: ئەم هۆکارانە دەگرێتەوە کە نە خوازراو و بێ مەبەست و پێویستن و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و لە توانای کەسیشدا نییە بیوەستێنێت, هەروەك زمانەوانی فەرەنسی (مێلێت Meillet) ئاماژەی بۆ دەکات سێ هۆکاری سەرەکین کە بریتین لە( زمانی و مێژووی و کۆمەڵایەتی).[٦٦]**

---

[٦٢] - Levinson , S.C, Pragmatics , Cambridge University Press , 1997 : 284.

[٦٣] - Neil Smith , Chomsky – idea's & ideal U.K, Cambridge University Press , 1999: 36.

[٦٤] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی , واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٩٤.

[٦٥] - رمضان عبدالتواب, مدخل الی علم اللغة و مناهج البحث الغوی,القاهرة,ط.١ , ١٩٨٢ : ١١١.


[٦٦] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٩٦.

### ٢-١-٣:جۆرەکانی واتا:

تاوەکو ئێستا چەندین بۆ چوونی جیا بۆ لێکدانەوەی واتاهەن و هەریەك لەم بۆ چوونانەش نەیانتوانیوە سنوورێکی تەواو بۆ واتا دابنێن, هەر چەندە زمانەوانان رێکەوتنێکی ئەو تۆیان لەسەر جۆرەکانی واتا نییە, لە راستیشدا زۆرجار تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتربووینە و زۆر بەسەختی دەتواندرێت لێك جیابکرێتەوە, بۆ نموونە ناتوانرێت سیمای ئازایەتی کە واتایەکی ناوەسفیە لە وشەیەکی وەك شێر دابڕین هەرچەندە بەشێکیش نییە لەواتا هۆشەکییەکە, ئەگەر چی هەندێ لە زمانەوانان لەگەڵ ئەوەدانین, کە جۆرەکانی واتا دابەشبەکرێت لەوانەش (ئۆڵمان Oilman).[٦٧] هەروەها زمانەوان (ئیدمان Erdman) سێ جۆر واتا لێك جیا دەکاتەوە, کە بریتین لە واتای (هۆشەکی یا بنچی Essential, واتای دەوروبەر Contextual, وتای کاریگەر Feeling Tone).[٦٨]

#### ٢-١-٣-١- واتای وەسفی (هۆشەکی):

ئەم جۆرە واتایە وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و بە شێك واتای رستەی لێ پێکدێت کە واتایەکی نە گۆڕ و بلاَوە, لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنێ, بۆ نموونە کاتێك دەڵێین واتای(وەسفی) کوڕ چییە؟[٦٩]




#### ٢-١-٣-٢- واتای ناوەسفی(کاریگەر):

ئەم جۆرە واتایە بەپێی کەس و کات و کۆمەڵگا دەگۆڕێت.تێکەلاَوی هەست و سۆزو بۆچوونی (نێرەر) دەبێت, کەواتە, واتای(ناوەسفی) دەبێتە ( واتای وەسفی + واتایەکی زیادە کەکەس و کۆمەڵگا دەیخاتەسەری), بۆ نموونە کاتێك دەڵێین: مەبەست لەپیاو چییە؟ کەواتە تۆ واتایەکی زیادەت هەیە لەسەر واتا هۆشەکییەکە. کە دەچێتە ناو بواری (پراگماتیك)ەوە.[٧٠]

---

[٦٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٠٧.

[٦٨] -محمد محمد یونس, وصف اللغة العربیة دلالیا, لیبیا, جامعة فاتح, ١٩٩٣ : ١٥٧.

[٦٩] - د. عەبدولواحید مشیر دەزەیی, واتای کاریگەر لە بواری راگەیاندندا , نامەی دکتۆرا , ز. سەلاحەددین – کۆلیژی ئاداب, ٢٠٠٤: ٢١.

[٧٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢١.

**٢-١-٤:تیۆرەکانی واتا:**


**هەر لە زووەوە ڕێبازە زمانییەکان لە لێکۆڵینەوە واتاییەکاندا لەسەر واتای فەرهەنگی , یان لێکۆڵینەوەی واتای وشە چەسپیوە, بەو پێیەی کە وشە یەکەی سەرەکییە بۆ هەر**

**یەك لە ڕێزمان و واتا.[٧١] هەروەها لە بواری لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا زۆر لەو تیۆرانە دەرکەوتن, کە گرنگیان بە دانانی ڕێبازێکی دیاریکراو بۆ واتا دا.[٧٢]**

**چەندین تیۆری گرنگی واتامان هەیە کە لێکۆڵینەوەی واتای وشەیان لە خۆگرتووە:-**

**٢-١-٤-١:تیۆری ئاماژەیی:**

**ئەم تیۆرە لە واتاسازی نوێدا یەکەمین قۆناغەکانی تیۆری زانستی لە یاسای زمان پێکدەهێنێت, بەڵکو چاکەی جیاکردنەوەی بنچینەکانی واتا و پێکهاتەکانی بۆ خاوەنەکانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بە پشت بەستن بەو ئەنجامانەی"فردیناند دی سۆسێر" پێیگەیشت لە لێکۆڵینەوە زمانییەکانیدا, کە ئاماژەی زمانی تیادا تایبەت کرد.[٧٣] ئەوەی کە شێوازێکی زانستی بەم تیۆرە بەخشی هەردوو زانای ئینگلیزی "ئۆگدن و ڕیتچاردس" بوون, ئەو دووانەی بە سێگۆشەکەیان ناوبانگیان پەیداکرد, ئەو سێگۆشەیەی, کە پێکهاتەکانی واتا جیادەکاتەوە, سەرەتا بە بیر یان پێکهاتەی ناو زیهن دەست پێدەکات, دواتریش هێما یان ئاماژە دێت و بە ئاماژە بۆکراو, یان شتی دەرەکی کۆتایی دێت.[٧٤]**




**ئەم سێ پێکهاتەی جیاوازی واتا جیادەکاتەوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە, کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشە وەکو هێما و ئەو شتە دەرەکییەی, کە گوزارشتی لێدەکات نییە, وشە لایان دوو بەش لە خۆ دەگرێت, کە ئەوانیش شێوەی پەیوەندار بە ئەرکە هێماییەکەی و ناوەڕۆکی پەیوەندارە بە بیرۆکە(فکرە), یان**

---

[٧١] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة , القاهرة, ط- السابعة القاهرة, ٢٠٠٩: ٥٣.
[٧٢] -عبدالكريم محمد حسن جيل, في علم الدلالة دار المعرفة الجامعة, مصر, مكتبة الاسكندرية,١٩٩٧: ٢٢.
[٧٣] -منقور عبدالجليل,علم الدلالة – أصوله ومباحثة في التراب العربي, مكتبة اتحاد الكتاب العربي, بيروت, ٢٠٠١: ٨٣.
[٧٤] -هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٨٤.

سەرچاوە.[٧٥] مەبەست لە تیۆری ئاماژەیی ئەوەیە واتای هەر وشەیەك بریتییە لە ئاماژە بۆکردنی بۆ شتێکی غەیری خۆی. لێرەدا دوو ڕا هەیە:

١- ڕایەك وای دەبینێت, واتای وشە ئەوەیە, کە ئاماژەی بۆ دەکات.

٢- ڕایەکی تر وادەبینێت, واتای وشە ئەو پەیوەندییەیە, کە لە نێوان دەربڕین و ئاماژەبۆکراوەکەیدا هەیە.

لێکۆڵینەوەی واتا لە ڕای یەکەمدا لەسەر لێکۆڵینەوەی دوو لای سێگۆشەکە کورت بۆتەوە, کە ئەوانیش لای هێماو ئاماژەبۆکراون, ڕای دووەم داوای لێکۆڵینەوەی هەر سێ لایەکە دەکات, چونکە گەیشتن بە ئاماژەبۆکراو لە ڕێگەی بیر یان وێنەی زیهن (ناوەز) دەبێت.[٧٦]

**٢-١-٤-٢:تیۆری هۆشەکی:**

ئەم تیۆرە ئاستێکی تر لە ئاستەکانی تیۆری واتا لەخۆدەگرێت, ئەم تیۆرە داکۆکی لەسەر بنچینەی پێشبینی دەکات, کە واتای ناو زیهن(عەقل) دەگرێتەوە. ئەم تیۆرە بۆ فەیلەسوفی ئینگلیزی "جۆن لۆك" دەگەڕێتەوە,لە سەدەی حەڤدەم, کە ناوی نا تیۆری عەقلی(هۆشەکی).[٧٧] لێرەدا بۆچوونێکی تر هەیە لەوەدا پوخت بۆتەوە و دەڵێت زۆر وشە هەن پێشبینی عەقلییان نییە(واتە عەقل پێشبینیان ناکات) تەنها بۆ خودی پیتەکانی وشەکە نەبێت. ڕەتکردنەوەی تیۆری هۆشەکی (پێشبینی) دەسپێك بوو بۆ زۆربەی ڕێبازە نوێیەکان, کە لە سەدەی ڕابردوودا دەرکەوتن, بەو ئاراستەیە ڕۆیشت, کە واتا زیاتر بەزانستی بکات لە ڕوویەکی ترەوە.[٧٨]

**٣-١-٤-٢:تیۆری ڕەوشتی:**

تیۆری ڕەوشتی لە سەر پێویستی بەکارهێنانی زمان لە(پەیوەندی)دا دروست بوو. گرنگی بەو لایەنە دەدات, کە ئاشکرا تێبینی بکرێت, ئەمەش پێچەوانەی تیۆری هۆشەکی بوو, کە لەسەر بیر(فکرە), یا پێشبینی دروست بوو.[٧٩]گەڕان بەدوای ڕاستی واتا وای لە"بلۆمفێلد"ی زمانەوانی ئەمریکی کرد ئاراستەی هۆشەکی جێبێڵێت و بە دوای واتای ڕەوشتی زمانی بەرچاو بگەڕێت, هەروەها دوای ئەوەی ئەو بیرانەی, کە بۆی چوو بەدەست هاتن, ئاراستەی ڕەوشتی گرتەبەر.[٨٠]

---

[٧٥] - هەمان سەرچاوەی‌پێشوو: ٨٤.

[٧٦] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة , القاهرة, ط- السابعة القاهرة, ٢٠٠٩: ٥٥.

[٧٧] - منقور عبدالجليل,علم الدلالة – أصوله ومباحثة في التراب العربي, مكتبة اتحاد الكتاب العربي, بيروت, ٢٠٠١: ٨٥.

[٧٨] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة , القاهرة, ط- السابعة القاهرة, ٢٠٠٩: ٥٨.

[٧٩] -هەمان سەرچاوەی پێشوو : ٥٨.

[٨٠] - منقور عبدالجليل,علم الدلالة – أصوله ومباحثة في التراب العربي, مكتبة اتحاد الكتاب العربي, بيروت, ٢٠٠١: ٨٧.

**٢-١-٤-٤:تیۆری سیاقی:**

**وشە بەهای واتایی خۆیی لە چوارچێوەی ئەو سیاقەوە وەردەگرێت, کە تێیدا بەکاردێت, لەبەرئەوە دەبینین هەندێك لە زاناکان دەڵێن: دەستنیشانکردنی واتای وشە پێویستی بە دەستنیشانکردنی هەموو ئەو سیاقانە هەیە, کە تێیدا دەردەبڕدرێت, چونکە وشە چەندین بەکارهێنانی هەیە لە سیاقدا و هەر سیاقێك دەستنیشانی یەکێك لە واتاکان دەکات و بەمە دەستنیشانی واتای مەبەست لە وشە دیاری دەکرێت و سیاق ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە مەدا.[٨١] ڕێبازی تیۆری سیاقی بە یەکێك لە نزیکترین ڕێباز دادەنرێت بۆ واتا, لەبەرئەوەی نموونەیەکی کرداری بۆ دەسنیشانکردنی واتای شێوە زمانییەکان پێشکەش دەکات.[٨٢]**

**هەروەها "فێرس" دەڵێت:( واتا لە چوارچێوەی سیاقی یەکەی زمانییدا نەبێت نادۆزرێتەوە). واتە دانانی لە سیاقە جیاوازەکان واتا دەبەخشێت. لەبەر ئەمە خاوەنەکانی ئەم تیۆرە تێڕوانینی خۆیان خستەڕوو و گوتیان:( زۆربەی یەکە واتاییەکان لەپاڵ یەکەکانی تر دێن و ناتوانرێت واتای ئەم یەکانە وەسف بکرێت یان دەستنیشان بکرێت, مەگەر بە تێبینیکردنی یەکەکانی تر نەبێت, کە دەکەونە چوار دەوری).لەبەر داکۆکیکردنیان لەسەر ئەو سیاقە زمانییانەی, کە وشەی تێدا بەکاردەهێنرێت و گرنگی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی وشە بە وشەکانی تر ئەوەیان ڕەتکردەوە,کە گەیشتن بە واتای وشە لە ڕێگەی بینینی ئاماژەبۆکراوە, یان وەسفکردنی, یان پێناسەکردنی بێت.[٨٣]**

**٢-١-٤-٥: تیۆری بەکارهێنان:**

**لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن واتای وشە بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنانمان دەستنیشان دەکرێت. ئەم تیۆرەش دوو شێوەی هەیە: یەکێکیان بەکارهێنان بۆ جۆرێك لە ڕێکەوتن یان دەستوور دەگەڕێنێتەوە وپێی دەگوترێت(( تیۆری بەکارهێنانی ڕێککەوتنی)). ئەوی تریان بەکارهێنانەکە بۆ کۆمەڵێك ڕێکخستن و ڕێزمان دەگەڕێنێتەوە و پێی دەگوترێت ((تیۆری ڕێزمانی بەکارهێنان)).[٨٤]**

**٢-١-٤-٦: تیۆرە بواری واتایی:**

**کێڵگەی واتایی یان کێڵگەی فەرهەنگی بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەك, کە واتاکانیان بەیەکەوە پەیوەندارن, ئاسایی دەربڕینێکی گشتی کۆیان دەکاتەوەو دەخرێنەڕوو. نموونەی ئەمەش وشەی(ڕەنگەکان)ە, ئەویش**

---

[٨١] -ليندة زواوي, فقة اللغة للثعالبي, رسالة ماجستير, كلية ألاداب و اللغات, جامعة منتوري قسنطينة – ألجزائر, ٢٠٠ : ٢٤.
[٨٢] - منقور عبدالجليل,علم الدلالة – أصوله ومباحثة في التراب العربي, مكتبة اتحاد الكتاب العربي, بيروت, ٢٠٠١: ٨٨.
[٨٣] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة , القاهرة, ط- السابعة القاهرة, ٢٠٠٩: ٦٩.
[٨٤] -عزمي اسلام, مفهوم المعنى, الحولية السادسة- الرسالة الحادية و ثلاثون, صدر من كلية ألاداب – جامعة الكويت, ١٩٥: ٦٥.

دەکەوێتە ژێر زاراوەی گشتی(ڕەنگ) و ئەم جۆرە دەربڕینانە لە خۆدەگرێت, وەکو:سوور – شین – سەوز – سپی..هەتا کۆتایی. "ئۆلمان" بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و دەڵێ:( بریتییە لە پارچەیەکی تەواو لە بابەتی زمانی, گوزارشت لە بوارێکی دیارکراو دەکات لە شارەزاییدا). "لاینز"یش دەڵێ:( کۆمەڵێکی بەش بەشی وشەکانی زمانە). ئەم تیۆرە دەڵێ:( بۆ ئەوەی لە واتای وشەیەك بگەی پێویستە لە واتای هەموو ئەو وشانە بگەی, کە واتاییانە پەیوەندییان پێیەوە هەیە). هەروەها"لاینز" دەڵێت:(پێویستە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان وشەکان لەناو کێڵگەی واتایی بکرێت, بۆیە وا پێناسەی واتای وشە دەکات و دەڵێت:( واتای وشە بەهۆی پەیوەندی بە وشەکانی تر دەستەبەر دەبێت لەناو کێڵگەی فەرهەنگیدا). ئامانجی لێکدانەوەی کێڵگەی واتاییەکان بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو وشانەی کەوا تایبەتن بە کێڵگەیەکی دیاریکراو و دەرخستنی پەیوەندی هەریەکێکیان بەوەی تریان و بە زاراوەی گشتییەکە.[٨٥]

٢-٢: پەیوەندییە واتاییەکان:

سەرەڕای بایەخ دان بە پەیوەندی نێوان وشەکان لەناو کێڵگەی واتایی دیاریکراودا, واتاساز داوای لێ دەکرێت چارەسەری هەندێ نموونەی پەیوەندی نێوان یەکەی دیاریکراو بکات, هەروەها پەیوەندی واتایی سێ جۆرە لە خۆدەگرێت, کە ئەوانیش بریتین لە پەیوەندی واتایی لەئاستی وشە و لە ئاستی فرەیز و لە ئاستی ڕستەدا, بەلأم ئەو پەیوەندییە واتاییەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە بریتیە لە پەیوەندی واتایی لە ئاستی وشەدا, پەیوەندییەکانی وشە لە ناو ڕستەدا دوو جۆر پەیوەندی لەخۆ دەگرێت:

٢-٢-١: -پەیوەندی ستوونی (Paradigmatic):

پەیوەندیی وشەسازیی نێوان وشەکان دەگرێتەوە واتە لەجیاتی دانان یان گۆڕینەوەی وشەیەك بە وشەیەکی تری هاوئەرك لە تەوەرەی ستوونی بێ ئەوەی کار لە پەیوەندی ئاسۆیی ڕستەکان بکات و هەڵبژاردنیش لە دەست کارەکەیە, هێماکانی زمان لە کاتی بەکارهێناندا پەیرەوێك دروست دەکەن بەهای هێماکان لەو پەیوەندیەدا هاتووە کە هێمایەك لەگەڵ چەند هێمایەکی تر لە دیار نەبووی ئەواندا پەیدای کردووە, بەواتایەکی تر بریتییە لە پەیوەندی نێوان وشە پێکهێنەرەکانی ڕستە لەگەڵ وشە نادیار و لەبەر دەست نەبووەکانی نێو ڕستە, بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك:

- ئەو بەیانی دێت.

[٨٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ٦٦.

**هەر یەك لە وشەكانی ئەم ڕستەیە پەیرەوێك لە دەرەوەی ئەم ڕستەیە دروست دەكەن. بۆ نموونە جێناوی(ئەو) لەگەڵ جێناوی تری وەك(من, تۆ, ئەوان...هتد).[٨٦] ئەم پەیوەندیە لە زماندا پۆلێن دەكرێ بۆ چەندین پەیوەندی تر وەك:**

**أ-هاو واتا:**

**هاو واتا بریتیە لە دوو وشە یان زیاتر كە یەك واتایان هەبێت, وەك: جوان, ڕەند...هتد, ئەو كچە (جوانە, ڕەندە, شۆخە, قەشەنگە) پەیوەندی نێوانیان شوێنی ستوونییە و یەك واتایان هەیە, بەڵام زۆربەی بیروڕاكان ئاماژە بەوە دەكەن لە زماندا دوو وشە نیە یەك واتایان هەبێ, چونكە ئەگەر دوو وشە وەك یەك بن لە توانای كەم دەبێتەوە بۆیە بەرای ئەمان تەنها(خوێ:Nacl) هاو واتان.[٨٧]**

**-هاو واتاش ئەبێتە دوو جۆر:**

**١- هاو واتای تەواو: ئەم جۆرەیان بریتیە لە پەیوەندی نێوان دوو وشە كە بتوانن جێگای یەكتر بگرنەوە بێ ئەوەی واتا سەرەكی و لاوەكیە كە بگۆڕێ, بەڵام جۆرە هاو واتایە بە دەگمەن دەزانێ.[٨٨]هەروەها (Goodman و D. Widdowson و F. C. Stork) ئاماژە بۆ ئەو راستییە دەكەن كە وشەكان جگە لە كاریگەرییە ئاماژەییەكە كاریگەریەكی سۆزیشب هەیە, بۆیەش هاو واتای تەواو بە دوور دەزانن, جگە لەمەش ناتواندرێ شوێنی یەكتربگرنەوە بێ ئەوەی كاریگەری بەسەر واتا سەرەكییەكەی هەبێت هەرچەندە هەندێ جار دەتواندرێت دوو وشەی وەك:(mamaوmother ) لە هەندێ دەوروبەردا شوێنی یەكتر بگرنەوە هەروەك (Lehrer) ئاماژەی بۆ دەكات.[٨٩]**

**٢- هاو واتای ناتەواو :**

**پەیوەندی نێوان دوو وشەیە كە لە سیما واتاییە هۆشەكییەكاندا لە یەك بچن, بەڵام لە واتا لاوەكیەكان و دەربڕین و ڕوژاندندا جیاوازبن, كە باشتر وایە بە نزیكی واتا(Contiguity) ناو ببرێت وەك:(كچ- كیژ) هاواتای ناتەواون, چونكە سەرەرای واتا هۆشەكیەكەی واتای شێوازییان جیایە و هەر یەكەیان سەر بە زارێكە.[٩٠]**

---

[٨٦] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و ڕستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٣٨.

[٨٧] - ئاراس علی احمد, كۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤواتایا تەواو, گۆڤارا بەهدینان, چاپ ١ ,چ خانی, دهۆك ,٢٠٠٨: ١٠٢.

[٨٨] - نورالهدى لوشن, علم الدلالة, دراسة و تطبيقا, ط١ ,ليبيا, ١٩٩٥: ١٠٦.

[٨٩] -عبدالقادر عبدالجليل, المعجم الوظيفي لمقاييس ألادوات النحوية والصرفية, ط١ ,دار الصفاء للنشر و التوزيع, عمان,٢٠٠٦: ٢٧٠.

[٩٠] -هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٧١.

**ب-داپۆشین:**

**داپۆشین یان گرتنەوە گرنگترین پەیوەندی واتاسازی ڕۆنانیە و (لاینز) پێی وایە بریتییە لەم پەیوەندییەی لە نێوان دوو وشەدا هەیە بە شێوەیەك کە واتای یەکێکیان**

**ئەوەندە فراوان بێت کە بتوانێت واتای وشەکەی تریش بگرێتەوە.[٩١] داپۆشین لە سەرێکەوە نزیکە لە هاو واتا, چونکە وشە گشتییەکە دەتوانێت شوێنی وشە تایبەتە کە بگرێتەوە وەك: باڵندە( کۆتر, بولبول, تاوس, چولکە....تد) جا کاتێ دەڵێین:**

**تاوسێکم هەیە = باڵندەیەکم هەیە.**

**لە داپۆشین دا زاراوەیەکمان هەیە پێی دەڵێن زاراوەی گشتی یان وشە داپۆشەر(Cover word) و چەند زاراوەیەکی تایبەتیمان هەیە کە پێیان دەڵێن:(Subordinate) زاراوە تایبەتیەکان پۆلێك دروست دەکەن لە ناو زاراوە گشتیەکەدا, وەك: گوڵ( مێخەك, نەسرین, مینا, دالیا, یاسەمین....) ئەم وشانە پۆلێکن لە گوڵ.[٩٢] جا زاراوە گشتیەکە گوڵە و جۆرەکانی ئەندامی ئەو پۆلەن: وەك: گوڵێکم بۆ برد. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ : گوڵە مێخەکێکم بۆ برد, بەلآم کاتێ دەڵێین: گوڵە مێخەکێکم بۆ برد = گوڵێکم بۆ برد.**

**پ- بەش لە گەشت:**

**ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان (دەست) و (لەشی مرۆڤ)دا هەیە یا لە نێوان تایە و ئۆتۆمۆبیل هەیە, جیاوازی ئەم جۆرە پەیوەندیە لەگەڵ پەیوەندی داپۆشین ئەوەیە دەست جۆرێك نییە لە لەشی مرۆڤ, بەلآم دالیا جۆرێکە لە گوڵ . لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئایا بەشی بەش بەشێکە لە گشت؟ لێرەدا دوو بۆچوون سەرهەڵدەدات یەکەمیان بە بەشێك لە گشتی دادەنێت, ئەویتریان بە بەش لە گشتی دا نانێت. بۆ نموونە: پەیوەندی نێوان دەسك و دەرگا و ماڵ دەگوترێت دەسك و دەرگا دەشگوترێت دەرگا و ماڵ, بەلآم ناگوترێ دەسك و ماڵ جا دەتوانین بڵێن: دەرگاکە بێ دەسکە, بەلآم ناتوانین بڵێین: ماڵەکە بێ دەسکە, چونکە دەگوترێت دەسکی دەرگا.[٩٣]**

**ت- جیاوازی:**

**جیاوازی پەیوەستە بە بیرۆکەی نەرێ وەك دژواتا ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان ئەو وشانەدا دەبێت کە یەکتر داناپۆشین, بەڵکو دوو وشە جیاوازەکە دەبێت زاراوەیەکی گشتیان هەبێت.وەك: مانگەکانی ساڵ و ڕۆژەکانی**

---

[٩١] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٤١.

[٩٢] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة ,الكويت,مكتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢ : ٦٦.

[٩٣] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٤٣.

**هەفتە و پلەكانی سەربازی و ڕەنگەكان و...هتد. بۆ نموونە: پەیوەندی نێوان سەگ و پشیلە پەیوەندییەكی جیاوازیە, چونكە زاراوەكی گشتییان هەیە كە ئاژەڵە و دواتریش یەكتر داناپۆشن.[٩٤]**

**ح- دژ واتا:**

**دیاردەیەكی زمانی و واتاییە, ڕۆڵێكی گرنگ لە ڕوونكردنەوەی واتای وشەدا دەبینێت, هەرچەندە لە گشت زمانێكدا دژواتای تەواو نییە, بەڵكو لە چەند سیمایەكدا دژواتای یەكترن و بەشێك لە دژواتایی بە جۆرێك لە هاوواتا دادەنرێت, بەلام هاوواتاكان سیمایەكی ئەرێنی بۆ بوارە واتاییەكان دیاری دەكەن, كەچی دژواتاكان سیمایەكی نەرێنی دیاری دەكەن.[٩٥] ئاشكرایە, لە گشت زمانێكدا لە وشە دژواتاكاندا پەیوەندی لە نێوان فۆرم و واتای وشەكان بەدی دەكرێت و ئەم پێوەندییەش لە نێوان یەكێك لە وشە دژواتاكانی ناو ئەو زمانەدا هەیە زۆربەی زمانەوانەكان لەسەر ئەم پێناسەیە كۆكن, كە دژواتایی بریتییە لە:( دوو وشە لە واتادا دژواتان).[٩٦] بۆ نموونە: ناشرین ★ جوان, تەمەبەڵ★ زیرەك, باش ★ خراپ....هتد.**

**٢-٢-٢: ئاسۆیی:**

**ئەم پەیوەندییە, كە لە فەرەنسیدا پێی دەگوترێت(Syntagmatique) واتە زانستی ڕۆنان, ئەركی وردی بریتییە لە دەستنیشانكردنی یەكەكانی ناو دەستەواژە.[٩٧]هەروەها بریتییە لە پەیوەندی سینتاكسی نێوان وشەكان و دەركەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەكتردا لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەكی ئاسۆیی, واتە كام وشە لەگەڵ كام وشەدا دەچنە پاڵ یەكەوە. بۆ نموونە: پەیوەندی وشەی (دارسێو) لەگەڵ (زیرەك)دا پەیوەندییەكی نەگونجانە. هەروەها وشەی(منداڵ) لەگەڵ (شكان)دا ناگونجێت. بەلام وشەی (دارسێو) و (شكان) پێكەوە دەگونجێن, هەروەها وشەی(منداڵ) لەگەڵ(زیرەك)دا دەگونجێ, بەم شێوەیە:**

**- دارسێوەكە شكا.**

**- منداڵەكە زیرەكە.[٩٨]**

**هەروەها لە تەوەری ئاسۆیی دا دەتوانین بڵێین وشەی (بەفر) بە چەند شێوەیەك خۆی ئەگونجێنێ وەك: بەفر دەبارێت. بەفر سەرما ناهێڵێت. بەفر لەگەڵ دۆشاودا دەخۆرێت....هتد. كەواتە لەم پەیوەندییەدا هەموو ئەو**

---

[٩٤] - أحمد مختار عمر, علم الدلالة ,الكويت,مكتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢ :١٠٦.

[٩٥] - پەروین عوسمان مستەفا, واتا و وەرگێران , هەولێر, چاپ١,چ ڕۆژهەلات,٢٠٠٩: ١٣٠.

[٩٦] - Yule, The study of language , New York, Cambridge University Press, G2006: 104.

[٩٧] - مسعود بكر أحمد, دژواتا و فرەواتا لە شیعرەكانی(گۆران)دا, نامەی ماستەر,ز سەلاحەددین كۆلیژە زمان, ٢٠١٥: ٣٦.

[٩٨] - طالیب حسین علي, واتاسازی , هەولێر, چاپ١, چ ڕۆژهەلات, ١٩٩٨: ٣٣.

**هێمایانە پەیرەوێك دروست دەكەن بەهای هەر هێمایەك لە پەیوەندی نێوان هێماكاندا هاتووە.[99] پەیوەندی ئاسۆیش دە بێتە دوو جۆر:**

**أ-هاوڕێیەتی:**

**هاورێیەتی واتە پەیوەندیی ئاسایی بەیەكەوەهاتنی وشەیەك لەگەڵ هەندێ وشەی تر لەناو رستەیەكدا, لەسەر بنەمای رێككەوتن, پەیوەندیی هاورێیەتی نێوان وشەكانی زمان پلەدارە هەندێ وشە هەن رادەی بەكارهێنانیان بەرزە و هەندێكی تر نزمە, لێرەدا كەرەسەی بەدەسەلاَت بە تەواوی زاڵە بەسەركەرەسە بێدەسەلاَتەكەدا, لەهەر شوێنكدا بێت ئەوا بەدوای خۆی رایدەكێشێت, لەم راكێشانەش پێی دەڵێن (كۆتی هاورێیەتی) بۆ نموونە: - كورەكە( شیر, ئاو, چای, شەربەت...)دەخواتەوە.**

**- كورەكە( نان, سێو, گۆشت, ماسی...) دەخوات.[100]**

**ب-هەڵبژاردن:**

**دوو وشە یان زیاتر كە بەیەكەوە دێن هەندێ كۆت یان قیود دەخەنە سەر یەكتری لە رستەدا ئەم جۆرە كۆتانە پێیان دەگوترێ كۆتی هەڵبژاردن.[101]هەڵبژاردنی بكەر و بەركار ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەركی خودی كەرەستەكانی رستەوە هەیە و نابێ ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەركی واتایی و ئەركی بكەری و بەركاری بخاتە پشتگوێ.[102]**

**٢-٢-٣: لێڵ واتایی وشە:**

**لێڵ واتایی لەسنوری وشەدا ئەوەیە كە وشەیەك یان مۆرفیمێك بە تەنها ببیسترێ یان بخوێندرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە مانایەك تێی بگات.[103]هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی جیاوازی زارەكان لە لایەن ولاَتە عەرەبییەكانەوە هەندێ وشە بەكاردێت لە شوێنێكی تردا بەو واتایە بەكارناهێنرێن, ئەم وشانەش دەبنە هۆی دروست بوونی لێڵ واتایی, بۆنموونە لە ولاَتی (مەغریب)ی عەرەبیدا لە ناسنامەی شارستانیدا لە بڕی(تاریخ**

---

[99] - محمد معروف فتاح. هێماكاری و زمانەوانی , گ كاروان, ژ٢٥, هەولێر, ١٩٨٥: ٤٧.

[100] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٥٠.

[101] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٥١.

[102] - یوسف شریف سعید , دۆخەكانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی رستەسازی كوردی , هەولێر, چ حاجی هاشم, ٢٠٠٩: ٦٨.

[103] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٣١.

**الولادة) دەگوترێت تاريخ (الازدياد).[١٠٤]هەر دوو دەربڕینەکە بە واتای ڕۆژی لە دایك بوون دێت.لێڵ واتاییش دەبێتە دوو جۆر فرە واتا و هاوبێژی:**

**٢-٢-٣-١: فرە واتا:**

**فرە واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی واتایی, کە لە نێوان واتاکانی وشەیەکدا هەیە و واتاکان لە لایەنی تیۆری و مێژووییدا پەیوەندارن بە یەکەوە. بۆنموونە: وشەی (پێ) دوو واتای هەیە :١- بە شێکە لە لاشەی مرۆڤ یان گیاندار. ٢- بەشی خواراوەی شتێکە.[١٠٥]هەروەها لە پێناسەیەکی تری فرەواتادا ( وشە جیاوازەکان واتای جیاوازیان هەیە و خودی وشەیەك کۆمەڵێك واتای جیاواز لە خۆبگرێت بەمە دەگوترێت فرە واتا).[١٠٦] هەروەها زمانەوانە هاوچەرخەکان وا پێناسەی فرەواتایان کردووە:(دەربڕینێکە چەندین واتای هەیە, واتاکانیش لەیەك ڕەگەز دروست بوون).بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ گوێی لە وشەی(Operation) دەبێت, کە لە زمانی ئینگلیزیدا واتای ( عملە – کردار) دێت,بەڵام ئەگەر لەو سیاقە دابڕین کە تێیدا بەکاردێت, نازانین, کە ئایا مەبەستی لێی کرداری توێکاری(نەشتەرگەری)یە, یان کرداری ستراتیژی (سەربازی)یە, یان سیفەتێکی بازرگانییە. لەگەڵ ئەوشدا هەموو قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی هەست بەوە دەکەن یەك وشەیە و واتاکانی وشەکە گۆڕاون و لەیەکتر دوورکەوتوونەتەوە لە هێڵە جیاوازەکاندا.[١٠٧] کەواتە هەر وشەیەی کە لە ناو ڕستەیەك یان گرێیەك یان لە کاتی ئاخاوتندا یان لە هەڵبەستێکدا زیاتر لە دوو واتای بەخۆوە بینی ئەوە پێی دەڵێن فرەواتا.**

**أ- جۆرەکانی فرە واتا:**

**بەشێوەیەکی گشتی فرەواتا دوو جۆرە:-**

**١- فرەواتای هێڵی:**

**فرەواتا ڕێکەکان دەگرێتەوە کە یەکێکیان پسپۆری ئەویتربێت واتە بنەرەتی تربێت کە لە چەند جۆرێکدا خۆی دەبینێتەوە:[١٠٨]**

**أ- خۆگرتنەوە(Hyponymy): ئەو وشەیە دەگرێتەوە کە واتایەکی فراوان و واتایەکی تەسکی هەبێت. وەك : وشەی (خواردنەوە) لەم دوو ڕستەیەدا:**

---

١٠٤ - پەروین عوسمان مستەفا, واتا و وەرگێران , هەولێر, چاپ١,چ ڕۆژهەڵات,٢٠٠٩: ١٤٣.

١٠٥ - Argeni A. Zapata , Semantic Relationships , University de Los Andes, 2008 : 3.

١٠٦ - مسعود بكر أحمد, دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی(گۆران)دا, نامەی ماستەر,ز سەلاحەددین کۆلیژە زمان, ٢٠١٥: ٤٩.

١٠٧ - ستيفن أولمان , دور الكلمة في اللغة, ترجمه د. كمال محمد بشر, مطبعة الشباب, النيرة- مصر, ١٩٧٥ : ١١٢.

١٠٨ - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و ڕستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٣٢.

-رۆژێك پێش نەشتەرگەریەكە نابێت هیچ بخۆیتەوە. (هەموو شلە مەنێك).

- سەردار ناخواتەوە بیبسییەكی بۆ بێنە. (خواردنەوە كهولییەكان).[109] هەروەها لە خۆ گرتنەوە بەوە پێناسە دەكرێت, كە( پێوەندیی گشتییە بە تایبەتەوە, یان ئەو پەیوەندییەیە, كە وشەی تایبەت بە گشتییەوە دەبەستێتەوە).[110] بۆ نموونە, كە زاراوەیەكی گشتی بەكاردەهێنرێت چەندین وشەی تایبەت دەچنە ناو ئەو كۆمەڵەوە, ئەوانی تریش پێیان دەگوترێت ئەندامی كۆمەڵ.

ب- پارانۆمی (گشت و بەش): یەكێ لە واتاكانی لەم جۆرە فرەواتایە بەشێكە لە واتاكەی تری, بە واتایەكی تر ئەم جۆرە فرەواتایە دوو واتا یان زیاتری هەیە, جارێكیان هەمووی دەگرێتەوە جارێكی تر تەنها بەشێك دەگرێتەوە, كە بەهۆی دەوروبەرەوە دێتە ئاراوە, وەك دەرگاو پەنجەرە و خانوو....هتد. بۆ نموونە وشەی(دیوار) فرەواتایە و دوو واتای هەیە:[111]

- دیوارەكە بسرەوە. (هەموو دیوارەكە)

- دیوارەكەت پیسكرد. (بەشێك لە دیوارەكەت پیسكرد)

پ- بەرینی: وشە فرەواتاكە دوو واتا یان زیاتری هەیە یەكیان پان بەرین و فراوانە دیاردەیەكی زۆر دەگرێتەوە, واتاكەی تریشی تەسكە و لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دێتە ئاراوە وەك وشەی(نان) كە دوو واتای هەیە: نان وەك بژێوی ژیان واتە نان بڕاوی مەكە. یان نان وەك كولێرە(Brade) واتە نانی خواردن سەموون.[112]

٢- فرە واتای ناهێلی : فرەواتای نارێكەكان دەگرێتەوە لە ڕێگای خوازە و خواستن و دركەوە وەرگیراون و دەبنە دوو جۆر:[113]

أ- خوازە: وەك وشەی (سێو) كە جگە لە واتای (میوە) واتای (مەمك)ی ئافرەتیش دەگەیەنێت. بۆ نموونە شاعیر (نالی) دەڵێت:

لە دوگمەی سنەی دوێنێ نوێژی شێوان

بەیانی دا سپێدەی باغی (سێو)ان

---

[109] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ١٣٢.

[110] - عەبدوللا عەزیز محمد, هایپۆنیم و هەندێ پەیوەندی واتایی لە زمانی كوردیدا, نامەی دكتۆرا, كۆلیژی زمان – ز. سەلاحەددین, ٢٠٠٥ : ١٢.

[111] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و ڕستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٣٢.

[112] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ١٣٢.

[113] - سازان ڕەزا موعین, واتاو دەوروبەر, نامەی ماستەر, هەولێر, ك. پەروەردە- ز. سەلاحەددین, ٢٠٠٥: ٤٥.

**لێرەدا شاعیر (سێو)ی خواستوە بۆ (مەمك) كە لەشێوەی خری لە یەك دەچن و (دوگمەی سینە)ش نیشانەیە بۆ ئەم خواستنە.[١١٤]**

**ب- درکە: ئاماژەکردنی ئاراستەوخۆدەگرێتەوە و چەند جۆرێکە هەیە مەبەست لە خودی شتەکەیە و هەیە مەبەست لە سفەتی شتەکەیە و هەشە لە هاوگری (نیسبەت) شتەکەیە وەك: کابرایەکی هەڵشەیە واتە: زۆر بڵێی یە، یان ماڵێکی بە ئەرکن واتە: میوان یان زۆرە لێرەدا درکەیە لە سیفەت.[١١٥]**

**ب-کێشەی فرە واتایی:**

**بە بۆچوونی (بانتی) لە فرەواتاییدا وشە پەیوەندی بە چەند وێنەیەکی هۆشەکییەوە هەیە و لە نێوان ئەم وێنە هۆشەکییانەدا پەیوەندیەکی دوو سەرە هەیە. ئەوە بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە بوونی فرەواتایی بەکەم و کوڕی زمان دەزانن، پێی وایە**

**کە دیاردەی فرەواتایی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بواری زماندا.[١١٦]هەروەها (پاڵمەر) ئاماژە بە چەند گرفتێك لە لێکۆڵینەوەی کێشەی فرەواتاییدا کە ئەمانەن:**

**گرفتی یەکەم: ئەوەیە، کە بەگشتی وشەکان ئاماژە بە وێنەی جیاجیا دەکەن و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەتوانین بە شێوەیەکی دابڕ فرەواتایی دەستنیشان بکەین.[١١٧] بۆنمونە کاری "هێنا" لە فراوانترین بەکارهێنانیدا ئاماژە بە چەند واتایەکی جیاواز دەکات، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:**

**١- گوڵستان خواردنەکەی هێنا.**

**٢- گوڵستان هەواڵەکەی هێنا.**

**٣- گوڵستان منداڵێکی هێنایە دونیا.**

**لێرەدا دەبینین کاری "هێنا" لە هەرسێ ڕستەدا جیاوازە.**

**گرفتی دووەم : بەکارهێنانی خواستنی وشەکانە، ئەم گرفتە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە واتاناس بۆ نیشانکردنی واتای وشەیەك ڕوو بەڕووی دوو دڵی دەبێتەوە. بۆنموونە ئایا لە کاتی پۆلێنکردنی وشەکان لە دەروازە**

---

[١١٤] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی، واتاسازی وشە و رستە ، هەولێر، چاپ ٢، چ ماردین , ٢٠١١: ١٣٣.

[١١٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٣٣.

[١١٦] - مسعود بکر أحمد، دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی(گۆران)دا، نامەی ماستەر،ز سەلاحەددین کۆلیژە زمان، ٢٠١٥: ٥١.

[١١٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ٥١.

**دەنگییەکانی زماندا دەشێ یەکێك لە واتاکانی (نرگس), (روزنە)...هتد, بە چاو بزانین یا نا؟[١١٨] لێرەدا وشەی (نرگس) زۆر واتای هەیە:( گوڵی نێرگز, نازناوی ڕۆستەمی زاڵ). وە وەشەی (روزنە) بە واتای:( دەلاقە, کون, کەلێن, ڕۆژنە).**

**پ-ڕێگەکانی دروست بوونی فرە واتا:**

**توانای وشەیەك لە گوزارشتکردنی بۆ چەند واتایەك تایبەتییەکە لە تایبەتییە بنچینەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ و تەنها بە سەیرکردنێك بۆ هەر فەرهەنگەکانی زمان, ئەوا بیرۆکەیەکمان لەبارەی زۆری ئەو دیاردەیە پێدەبەخشێت.[١١٩] لەبەر ئەوە فرەواتایی لە ئەنجامی گۆڕانی واتای وشە و بەکارهێنان و خواستنەوە دروست دەبێت, بۆیە زۆر پێویستە باس لە ڕێگاکانی دروست بوونی فرەواتا بکەین:**

**١- ڕێگەی بەکارهێنان:**

**وشە لە ناو فەرهەنگدا واتایەکی دیاریکراوی هەیە, بەڵام لە ناو قسەکردندا بەپێی سیاقی قسەکە واتای نوێ وەردەگرێت. کەواتە واتای وشە بەپێی ناوەندی بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت, وەك (فتجنشتاین) لە بارەی چەمکی واتای سیاقیدا دەڵێ: (لێکدانەوەی واتای وشە بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکرێت و پشت دەبەستێ بەو دۆخە جیاجیایانەی کە وشەکەی تێدا بەکاردێ, وشەکان لە خودی خۆیان وەك مردوو وان, بەکارهێنان لە سیاقدا دەیانژێنێتەوە).[١٢٠] زۆر لە وشە فەرهەنگییەکان لە ئەنجامی بەکارهاتنیان لە دەرەوەی فەرهەنگدا واتای تر وەردەگرن و فرەواتایی دروست دەکەن, بەکارهێنانیش ئەمانە دەگرێتەوە:**

**أ- بەکارهێنانی ناو: بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو(فرەیزە ناویانەی), کە فرە واتان و لە شوێنی جیا جیادا بەکاردێن و واتای جیاواز دەبەخشن. وەك:**

**١- ئازاد نان دەکڕێت. لەم ڕستەیەدا (نان) فرەیزێکی ناوییە و بە واتای(کولێرە)هاتووە.**

**٢- ئازاد نان دەخوات. لێرەدا (نان) کە فرەیزێکی ناوییە, بە واتای (ژەم)هاتووە.**

**٣-ئازاد نانی بڕا. لەم رستەیەشدا (نان) بە واتای (بژێو - رزق)هاتووە, کە فرێزێکی ناوییە.[١٢١]**

**ب- بەکارهێنانی ئاوەڵناو: بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو(فرەیزە ئاوەڵناوییانەی), کە لە ئەنجامی لێکدان و بەکارهێنانیان لەگەڵ وشەی جیاواز, دەبێتە فرەواتا و واتای جیاواز دەبەخشێت. وەك:**

---

[١١٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ٥١ .

[١١٩] - ستيفن أولمان , دور الكلمة في اللغة, ترجمه د. كمال محمد بشر, مطبعة الشباب, النيرة- مصر, ١٩٧٥ : ١١٤.

[١٢٠] - محمد عەبدولکەریم ئیبراهیم, پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی رەخنەی ئەدەبی نوێوە, هەولێر, چاپ حاجی هاشم, ٢٠١٢ : ١٣٩.

[١٢١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٣٩.

١- تەلەفزیۆنێکی باشە. واتە باش و خراپ نییە, کە لێرەدا(باش) بە واتای ڕەسەنی خۆی هاتووە.

٢- ئەحمەد پیاوێکی باشە. لێرەدا (باش) بە واتای سیفات و خورەوشتی باش(چاك) هاتووە.

٣- سازگار قوتابیەکی باشە.لێرەدا(باش) بە واتای (زیرەك) هاتووە, واتە سازگار قوتابییەکی زیرەکە.[١٣٢]

ب- بەکارهێنانی کار: ئەم جۆرەشیان بریتییە لە بەکارهێنانی (فرمیزێکی کاری) لەگەڵ ناوی جیاواز, لێکدانیان لەگەڵ یەکتردا لەناو ڕستەدا دەبێتە وشەیەکی فرەواتا و واتای جیاواز دەبەخشێت.[١٣٣] وەك: ١- سۆزان نانی خوارد. (ژەم خواردن)

٢- سۆران غەمی خوارد.(غەم خواردن)

٢-**گۆڕانی واتای وشە:** زمان هەمیشە و بەردەوام لە گۆڕاندایە, گۆڕانی واتای وشەش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم گۆڕانە گشتییەوە کە لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ دێتەکایەوە.[١٣٤]ئەم گۆڕانەش لە زۆربەی زمانەکانی جیهان دەردەکەوێ, گۆڕانی واتای وشەش بێ سنوورە, بە واتا بەردەوام واتای وشەکان لە گۆڕاندان. لە لایەکەوە ژمارەی واتاکانی وشەیەك زۆردەبن و لە لایەکی دیکەشەوە واتای نوێ دێت پاڵ واتای بنجیی و فەرهەنگی وشەکان.[١٣٥]

٣- گواستنەوەی واتایی:

گواستنەوەی واتا ئەنجامی بەکارهێنانی میتافۆڕی دەربڕینەکانە. بۆنموونە ناوی ئەندامانی لەشی مرۆڤ بە واتاو ناوەڕۆکی گوێزراوەوە بۆ ئەو چشت و کەرەستانەی کە مرۆڤین یان مرۆڤ نین. وەك ( قاچ/ لە قاچی کورسی دا, وە چاو/ لە چاوی عەلادین دا, وە لووت/ لە لووتکە و لووتی شاخدا, وە باڵ/ لە باڵی فرۆکەدا....هتد.[١٣٦]گواستنەوەی واتاش بە دوو جۆرە ڕێگایە:-

أ- بە ڕێگەی خواستن: خواستن لای زانایانی ڕەوانبێژی گۆڕینی واتای وشەیەکە لە واتا سەرەتاییەکەوە بۆ واتایەکی نوێ. زمانەکان ئەم شێوازە بەکاردێنن لە نەشونمای زاراوەسازیدا, زاراوەسازان پەنا دەبەنە بەر واژە

---

[١٣٢] - مسعود بکر أحمد, دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی(گۆران)دا, نامەی ماستەر,ز سەلاحەددین کۆلیژە زمان, ٢٠١٥: ٥٤.

[١٣٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ٥٤.

[١٣٤] - ساکار ئەنوەر حەمید, وشەی خواستن لە زمانی کوردیدا , نامەی ماستەر, ك. زمان- ز.سەلاحەددین, هەولێر, ٢٠٠٩: ٥٣.

[١٣٥] -محمدی مەحویی, زانستی هێما- هێما و واتاو واتالێکدانەوە , سلێمانی ,گ.٢, چاپ پەیوەندی, ٢٠٠٩: ٣١-٣٢.

[١٣٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٢.

**کۆنەکان و بۆ واژەیەکی نوێ بەکاری دێنن و بەو پێیە وشەکە واتایەکی نوێ پەیدا دەکات لە جیاتی یان سەرباری واتا کۆنەکەی.[١٣٧]**

**ب- بە ڕێگەی خوازە:**

**خوازە بەو واتایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان نادات، بەڵکو لە ڕێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ دیاردەیەکدا واتا دەدات.بۆ نموونە وشەی (ئاگرنانەوە) لە زمانی کوردیدا بە واتای (ئاگربەردان بە شوێنێکەوە کە بسوتێ) و (هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاشوبنانەوە)دێت.[١٢٨] کەواتە دەتوانین بڵێین : خوازە بریتییە لەوەی وشەیەك بۆ واتا راستەقینەکەی خۆی بەکارنەهاتبێت، بەڵکو بۆ واتایەکی تر خوازراوە، بۆ نموونە وشەی (سك سووتان) لە ڕستەی ژنەکە سکی سووتا. لێرەدا وشە (سکی سووتا) بە واتای ئەوەی ژنەکە منالی مرد.**

**٤- فراوان بوونی واتا:**

**فراوان بوونی واتا(Widening) یان درێژبوونەوەی(Extension)، ئەو کاتە ڕوودەدات کاتێك کە لە واتایەکی تایبەتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ واتایەکی گشتی. فراوان بوونی واتاش مانای ئەوەیە کە وشەکە بە ژمارەیەکی زیاتری واتا لە چاو واتای پێشووی ئاماژەی بۆ دەکرێت.یان بواری بەکارهێنانی لە جاران فراوانتر دەبێت.[١٢٩]واتا وشەکە بە تێپەڕبوونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدا دەکات و دیاردەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە.لە سەرەتادا وشەکە بۆ یەك واتا بەکارهاتووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات واتایەك یان چەند واتایەکی تری وەرگرتووە و واتاکەی فراوان بووە.**

**٥-تەسکبوونەوەی واتا:**

**تەسك بوونەوەی واتا(Narrowing) کە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی فراوان بوونی واتا لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەیش واتە گواستنەوەی واتا لە مانا گشتییەکەیەوە بۆ مانای بەشی، یاخود تەسکبوونەوەی بوارەکەی. هەروەها هەندێکی تر وا پێناسەیان کردووە: بەوەی کەوا دەستنیشانکردنی واتای وشە و کەمکردنەوەی واتاکەیەتی.[١٣٠] لێرەدا وشەکە واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دێنێ و پسپۆڕی لە واتایەکی تەسکتردا پەیدا دەکات.**

---

[١٢٧] - جەمال عەبدول، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا , دهۆك ,چاپ حاجی هاشم,چ.٢, ٢٠٠٨: ٦٤.

[١٢٨] - ئەورەحمانی حاجی مارف , وشەسازی زمانی کوردی , بەغداد,چاپ کۆڕی زانیاری ,١٩٧٥: ١١.

[١٢٩] -أحمد مختار عمر ,علم الدلالة, القاهرة, الطبعة السابعة, ٢٠٠٩: ٢٤٣.

[١٣٠] -هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٤٥.

**٦-بەرزبوونەوەی واتا:**

**وشەیەك كە لە بنەڕەتدا بارودۆخێكی خراپی گەیاندبێت, وازی لەو واتایە هێناوە و واتایەكی باشتری وەرگرتووە, بۆ نموونە وشەی(شۆخ), كە ئێستە بە واتای(جوان) دێت لە قۆناغێكی پێشتردا بە واتای(بێ حەیا) بەكارهاتووە.[١٣١]**

**٧- نزمبوونەوەی واتا:**

**ئەمەش پێچەوانەی بەرزبوونەوەی واتایە و كاتێ ڕوودەدات كە وشەیەك واز لە واتایەكی باش یان بێ لایەن بێنێ و واتایەك وەرگرێ كە سووكی و ڕیسوایی بگەیەنێ. بۆ نموونە وشەی (بۆر)كە لە وشەی (بۆرە سوار) و (بۆرە زەلام)دا دەبینرێ لە بنەڕەتدا لە واتادا بێ لایەن بووە, بە واتای ئەوەی نە دۆخێكی خراپ و نەدۆخێكی باشی گەیاندووە, لە زمانی كوردی ئەمڕۆدا واتای وشەكە بەرەو ریسوا بوون هاتووە, چونكە ئەم وشەیە ئێستە بە واتای مرۆڤێكی لات و بێ بەهاو بێ باوەڕ دێت.[١٣٢]**

**٢-٢-٣-٢: هاوبێژی:**

**ئاشكرایە لە گشت زمانێكدا توانای دەربڕینی هەر وشەیەك بە چەند واتایەك تایبەتییەكە لە تایبەتییەكانی زمانی مرۆڤدا دەتوانرێت واتای ئەو وشانە لە ڕێگەی فەرهەنگەوە بدۆزرێتەوە, بەلاَم تەنیا فەرهەنگە ناتوانێت واتای ئەم وشانە روون بكاتەوە,**

**چونكە لە هاوبێژیدا دوو وشە یان زیاتر دەنگەكانیان وەك یەكن, بەلاَم ئەگەر ئەم وشانە لەكاتی بەكارهێنانیدا نەخرێنە دەوروبەرەوە واتا نادەن بەدەستەوە.[١٣٣](كریستاڵ) بەم جۆرە پێناسەی هاوبێژی دەكات و دەڵێت:( زاراوەیەكی واتاسازییە لە شیكردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگییانە دەكات, كە لە فۆرمدا یەكن لە واتادا جیاوازن).[١٣٤] ئەم وشانە دەگرێتەوە كە واتاكانیان لە یەك دوورن و لە وشە فرەواتاكان دروستبوون, واتاكانیش لە بنچینەدا بۆ دوو وشەی جیاواز دەگەرێنەوە واتە هەڵقولاَوی یەك ڕەگەز و بنچینە نین, كە لە لێكۆڵینەوە ئەدەبییەكان بە ڕەگەزدۆزی تەواو ناسراوە وەك: مار –(ماڵ) یان مار- مار. ئەمیش دەبێتە سێ جۆر:[١٣٥]**

---

[١٣١] - محمد معروف فتاح , زمانەوانی , هەولێر, چ٣, چاپ حاجی هاشم , ٢٠١١: ١٢٩.

[١٣٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو : ١٢٩.

[١٣٣] - پەروین عوسمان مستەفا, واتا و وەرگێران, هەولێر, چاپ رۆژهەلاَت, ٢٠٠٩: ١٢٥.

[١٣٤] - Crystal , A Dictionary of Linguistics and Phonetics ,Blackwell Publishing , D 2003: 220.

[١٣٥] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٣٣.

**١- هاوپیت: بەو وشانە دەگوترێت کە لە نوسیندا یەکن, بەڵام لە گۆکردندا جیاوازن, بۆ ئەم مەبەستەش هێز ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە وەك: دوو ڕوو- (منافق).**

**دوو ڕوو –(وجهان).**[١٣٦]

**٢- هاودەنگ: ئەم وشانە دەگرێتەوە کە لە گۆکردندا لە یەك دەچن, بەڵام لە نووسیندا جیاوازن کە لە زمانی کوردیدا نییە وەك:**

**(see) (١)بینین**

**(sea)(٢)روبار**

**٣- هاوبێژی تەواو: وشەیەکە چەند مانایەك دەدات, بەڵام واتاکانیان لەیەك دوورن وەك: ئازار(١)(مانگی مارت) , ئازار(٢)(ئێش و ژان), تیژ(١)(خێرایی زۆر), تیژ(٢)(تیژی چەقۆ).**[١٣٧]

### ٢-٢-٤- جیاوازی نێوان فرەواتا و هاوبێژی:

**زمانەوانەکان هەوڵیانداوە هەردوو دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی لێك جیا بکەنەوە بە رای(لیۆنز و لیچ و کریستەڵ) ئەکەر دوو وشە هەمان رەگەزیان هەبێ ئەو دوو وشە فرەواتای یەك وشەن, بەڵام ئەگەر ژێدەرەکەیان جیاواز بوو ئەوە هاودەنگە).**[١٣٨]**فرەواتا و هاوبێژی گرنگیان وەك یەك نیە, فرەواتایی ئابووریە لە وشە و نەبوونی توانای زمان کەم دەکاتەوە و ژمارەی وشەی فەرهەنگ زۆردەکات, بەڵام هاوبێژی بەشێکی گرنگ نیە لە زماندا, چونکە لە چالاکی زمان کەم دەکاتەوە و ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو کەسانەی فێری زمان دەبن, تەم ومژ دروست دەکات. تەم ومژ لە ئاخاوتن نیە, چونکە دەوروبەر دەیڕەوێنێتەوە, بەڵکو تەنها لە نووسیندا هەیە. فرەواتا و هاوبێژی لەیەك ئاستی زماندا نابینرێت تەنها وشە ناگرێتەوە, بەڵکو مۆرفیمە بەندەکانیش دەگرێتەوە, بۆ نموونە پێشگری(دا) واتای بەرەو ژێربوونەوە دەدات لە وشەکانی( داگرت, دابەزی, داکەوت), بەڵام لە وشەی(داپڵۆسی)واتای لێدان دەگەیەنێت و لە وشەی(داگیرساند)واتای بەرە و سەرەوە دەگەیەنێت.**[١٣٩]**هەروەها بەکارهێنانی کێڵگەی واتایی بۆ جیاکردنەوەی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی, ئەگەر هات و دەروازەکان بۆ یەك کێڵگەی واتایی بگەڕێنەوە, ئەوا ئێمە لە بەرامبەر فرەواتا داین بۆ یەك دەروازە, بە**

---

[١٣٦] -هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٣٣.

[١٣٧] - محمد معروف فتاح , زمانەوانی , هەولێر, ز.سەلاحەددین ,١٩٩٠ : ١٧٠.

[١٣٨] - سەلام ناوخۆش بەکر, زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانی کوردی , هەولێر, ٢٠٠٤: ٦٨.

[١٣٩] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ١٣٦.

**پێچەوانەوە ئەوا لە بەرامبەر هاوبێژی داین.[١٤٠] لە هاوبێژی یان هاودەنگیدا فەرهەنگسازی ڕەفتار لەگەڵ دوو وشە یان زیاتر دەکات, کە بە ڕێکەوت لە نووسین یان گۆکردن یان هەردووکیان کت و مت وەك یەکن, بەڵام واتاکانیان جیاوازن, لە یەك سەرچاوە هەڵنەقوڵاون, لەبەر ئەوە دەبێ هەریەکە لەم وشانە دەروازەی جیایان هەبێت,بۆ نموونە وشەی(شیر), لەم ڕستانەی خوارەوەدا:[١٤١]**

**١- شیر: شیرە تۆز(حلیب). وەك: ساوەکە هێشتا شیر دەخوات.**

**٢- شیر: شمشێر(ئامڕازی شەڕ). وەك: دەروێشەکە شیرێکی وەشاند.**

**هەروەها دەتوانین بەپێ خوازە فرە واتا لە هاوبێژی جیا بکەینەوە, چونکە وشەی خوازراو ڕەگەزەکەی بۆ وشە ڕەسەنەکە دەگەڕێتەوە, کەچی وشە هاوبێژەکان رەگەزیان جیایە, هەریەکە ڕەگەزێکی سەربەخۆیان هەیە و واتاکانیشیان لێك دوورن, بۆیە نابنە وشەی خوازراو.**

## ٢-٢-٥- پەیوەندی واتاسازی بە زانستەکانی تر:

**واتاسازی پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە هەیە و بۆیە پەیوەندی بە زۆر زانستی ترەوە هەیە و هەر لە روانگەی ئەم زانستانەش لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە, لیچ لەم بارەیەوە دەڵێت: واتاسازی خاڵی بەیەگەیشتنی زۆر زانست و بیرکردنەوەیە وەك: فەلسەفە و دەروونناسی و زمانەوانی هەرچەندە لە خاڵی جیاوازەوە دەست پێدەکەن.[١٤٢]**

### ٢-٢-٥-١- فەلسەفە:

**فەلسەفە و واتاسازی پەیوەندیەکی بەیکدا چوون یان بەیەکەوە هەیە هەریەکەیان لە ناو ئەوەی تردا دەبینرێتەوە, پێش چارەکە سەدەیەك زمانەوانەکان واتاسازیان بۆ فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلیجەکان جێهێشتبووە دواتر واتاسازی شوێنی خۆی گرت لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان, فەلسەفە ئەمەی روون دەکاتەوە کە واتاسازی دەیخاتە روو و واتاسازیش وەڵامی فەلسەفە دەداتەوە کە باس لە چونیەتی تێگەیشتن و درکپێکردن و لێکدانەوەی بابەتەکان دەکات, فەیلەسوفە یۆنانییەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە وروژاندنی کێشە واتایەکان وەك ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان وشە و واتا و تاکو ئێستاش لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و واقع دەکەن و لە راستی و نا راستی هەندێ کەسایەتی ئەندێشەیی و ئەفسانەیی وەك: تەرمزان و ساندرێللا...هتد, دەکۆڵنەوە کە لە چیرۆکەکاندا هاتووە.[١٤٣]**

---

[١٤٠] - عمر محمد فرج مدكور, الدلالة فی المعجم العربی المحاصر,ط١, القاهرة, ٢٠٠٨: ٤.

[١٤١] - **محمد معروف فتاح , لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەکان , هەولێر,چ.١, چاپ رۆژهەلأت, ٢٠١٠: ٣٧٧.**

[١٤٢] - **د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٣١.**

[١٤٣] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٣١.**

**کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان واتاسازی و فەلسەفە , ئەو زانستەیە واتای وشەکان لێکدەداتەوە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە, لەبەر ئەوە پەیوەندی بە خودی مرۆڤ و شتەوە هەیە, بۆنموونە کاتێك کە بە (منداڵێك دەڵێت وەرە دێوەکە هات). لەم ڕستەدا وشەی (دێو) بە واتا فەلسەفەیی واتا کەسێکی ترسناك دێت.**

**٢-٢-٥-٢- لۆجیك:**

**ئەو زانستەی زۆر بە روونی لە زماندا هەستی پێدەکرێت لۆجیکە, چونکە هەندێك جار گوێمان لە هەندێ دەربڕین دەبێ دەووترێ ئەم قسەیە لۆجیکی نییە.چونکە هەر لادانێك لە یاسا و دیاردە لۆجیکییەکان دەبێتە هۆکاری لێکپچران و تەواونەبوونی کردەی تێگەیشتن و دەرکەوتنی کەلێن لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا.[١٤٤]**

**کەواتە لۆجیك زانستێکە بەدوای یاساگشتییەکانی بیرکردنەوەی دروستدا دەگەڕێت, زمان و لۆجیك پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان بەیەکەوە هەیە بەوەی کەلۆجیك زانستێکە لەبیر و شێوەی جیاواز دەکۆڵێتەوە.**

**٢-٢-٥-٣- دەروونناسی:**

**دەروونناسی لێکۆڵینەوە لە لایەنی خودی زمان دەکات, دەروونناسەکان گرنگییەکی زۆر بە تێگەیشتن دەدەن, کە دیاردەیەکی تاکە کەسییە و خاڵی هاوبەشی واتاسازی و دەروونناسییە, مرۆڤەکان جیاوازیان هەیە لە تێەیششتن.[١٤٥] زۆر جار لێکدانەوەی واتا لە چوارچێوەی رەوشتەوە لێکدەدرێتەوە, بۆ ئەم مەبەستە سوود لە تاقیکردنەوەی (بافلۆف) وەرگیراوە.دەروونناسەکان پێیان وایە ئەرکی سەرەکی کۆئەندامی دەماری مرۆڤ بەتایبەتیش مێشك پێدانی واتایە بە هۆشیار کەرەوەکانی جیانی دەرەوە, باشترین بەڵگەشمان واتای دەروونی وشە و رستەیە, کەرەهەندی بەهێزی دەروونی لە زماندا دەردەخات.[١٤٦]**

**کەواتە دەروونناسی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە زمانەوە هەیە, جگە لەمەش کردەی زمان خۆی بەشێکی پەیوەندی بە دەروونەوە هەیە, چونکە زمان بۆ دەربڕینی بیرە و لە پێش قسەکردنەوە بە چەند کردەیەکی دەروونییدا دەروات تا دەبێتە گوتن و دەدرکێندرێت دوای قسەکردنیش ئەم هێمایانە دەچێتە مێشکی گوێگر و بیر لێکدەداتەوە و شێیاندەکاتەوە.**

---

١٤٤ **- هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل: ٣٢.**

١٤٥ **- احمد مختار عمر, علم الدلالة, ١٩٨٢,ل: ١٦.**

١٤٦ **- د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٣٣.**

### ٢-٢-٥-٤- کۆمەڵناسی(جڤاکی):

زۆر لە زمانەوانان زمان بە دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی ناو دەبەن لەوانەش (پیاژە) دەڵێت: زمان کەرەستەی پیوەندی کۆمەڵە, (لۆیی ژان کالوە) دەڵێت:زمان ڕاستیەکی کۆمەلآیەتیە, لەم پێناسانەدا گرنگیدان بە لایەنی کۆمەلآیەتی بە پلەی یەکەم هاتووە, کەواتە زمان تەنیا هۆی گواستنەوەی زانیاری نییە, بەڵکو کەرەستەیەکی گرنگیشە بۆ پەیوەندیکردن, هۆیەکیشە بۆ ئەوەی گوێگر زانیاری لەسەر قسەکەر وەربگرێت, کە سەر بە کام دەڤەرە یان خاوەنی چ پلەیێکی کۆمەلآیەتی یە...هتد.[١٤٧]واتاسازی زانستێکە بایەخ بە مرۆڤ و داب و نەریت و بۆنە کۆمەلآیەتییەکان دەدات, کۆمەڵناسی و زمان لەوەدا یەکدەگرنەوە, کە هەردووکیان گرنگی دەدەن بە کۆمەڵ, و زمان بە رەوشتێکی کۆمەلآیەتی لە قەڵەم دەدەن, زمان بەشێکە لەو بارە کۆمەلآیەتیەی, کە مرۆڤی قسەکەر تێدا دەژی, ئەگەر سەر بەیك نەتەوەیەکدا نەژین لە زۆر گفتوگۆ و هەڵس و کەوت ناگەین, ئەگەر سەر بەیەك نەتەوە و زمانیش بین, بۆ نموونە وشەیەکی وەك:(زەلام) لە کۆمەڵگای کوردی خۆماندا بەرامبەر وشەی (پیاو) دێت, بەلآم هەر هەمان وشە لای کوردەکانی ئێران واتای (کەر) دەدات, هەروەها لە زمانی عەرەبی وشەیەکی وەك (عمید) لە (عێراق) بە واتای ڕاگر کۆلیژ دێت, کەچی لە (لیبیا) بە سەرۆکی شارەوانی دەگوترێ, دیسان وشەیەکی وەك(Infant)ی زمانی ئینگلیزی لە کۆمەڵگای بەریتانی بە منداڵی شیرە خۆرە دەگوترێ, کەچی لە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بە منداڵێك دەگوترێ (Infant) کە نە گەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتووی تەمەنی(٢١) ساڵیە.[١٤٨] کاریگەری کۆمەڵگا هەر لەسەر زمان نیە, بەڵکو دیاریدەی پەرە زمانیەکانیش دەگرێتەوە کە شان بە شانی زمان بەکاردێن و, مر کۆمەڵە و شێوە و پیڕەوی بزاوتنی تایبەتی خۆی هەیە, لەگەڵ زماندا لە منالیەوە ئەندامی فێری دەبن, کە لەوانەیە ئەم پیڕەوە لە کۆمەڵێکی تر نامۆ و سەیر بێتە بەرچاو و خەڵکی تێی نەگەن, بۆ نموونە ئەوانەی خەڵکی ئەمریکای سەروونین لەوانەیە لەوە نەگەن, کە لووت خواردن نیشانەی باوەڕنەکردنە. هەروەها لەم ناوچەیەدا لەکاتی بەیەك گەیشتندا یان بەسەر سلآودەکەن یان بەدەست بەرزکردنەوە وەیا بە زەردەخەنەیەکی سەر لێو, یان بە ماچ و گرتنە باوەش, دوای جیابوونەوەیەکی درێژ سلآو بکات, دەبێ سێ جار لەتەوقی سەری بەرامبەرەکەی بدات, هەر بۆ هەمان مەبەست دانیششتوانی (ئەمریکای لاتینی) یش لە پشتی یەکتر دەدەن , لە ناوچەی (پۆلینزیا)ش پشتی یەکتری دەخورێنن, لە ولآتانی کەنداویش لووتیان بەریەك دەدەن.[١٤٩] هەروەها [ئاپپیرد] و [دیساپپیرد] [ون] دلێین: ناوی کرداری ڕێزمانی رەها دروست دەکەن بۆنموونە: منداڵەکان لە دەریاچەیەك مەلە دەکەن,(ئێن ئێل) دەڵێت: ناوێك دوو کاری دەخرێتە پاڵ بۆ

---

[١٤٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٤.

[١٤٨] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٣٤.

[١٤٩] - محمد معروف فتاح , زمانەوانی , هەولێر, ز.سەلاحەددین ,١٩٩٠ : ٢١-٢٢.

نموونە:( کارەکەرە بچووکەکە هات و بەرەو خوارەوە ڕادەکات).[150] زۆر جار لە ناو کۆمەڵدا بەکارهێنانی ناوێك کۆمەڵێك واتا دەبەخشێ بۆ نموونە: وشی (تەن) بە واتای (end) واتای کۆتایی دێت لە زمانی ئینگلیزی بەکاری دهێنن, زۆرجار لە زمانی ئینگلیزی وشەیەك چەند واتایەك دەبەخشێ ئەمەش تەنها لە حاڵەتی دووپات کردنەوە بەکاردێت, بۆ نموونە : باوك : من تۆ دەبینم. یان ئۆی تۆ من نابینیت. یان نەخێر تۆ نا. بەڵام من تۆ دەبینم. تۆ لە پشت ئەم دەوەنەیت. لێرەدا بە شێوەیەکی دووپات کردنەوە بەکارهاتووە, لە ڕۆمانی و عەرەبی و کوردی ڕێگای لێکسیکەلی واتای (ئاسپە کتوال) دەردەبرێت, چونکە جۆری لێکسیکەلەکە ئاسپەکتوال زۆر دیاردتر و زاڵ ترە لە ڕێزمانی ئینگلیزی دا بۆ نموونە: جوتیار کارەکەی لە کێڵگەیە.... جوتیارەکە ئێستا لە کێڵگە کاردەکات.[151] کەواتە هەڵبژاردنی ڕستە بۆی هەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بکاتە سەر پەیوەندیە کۆمەلأیەتەیەکانی نێوان قسەکەران (بەشداربووانی پرۆسەی پەیوەست بوون) بەتایبەتی ئەو ڕستەیەی کە وشەکان پەیوەندیان بەچەکی ئەدەب و(زبری) و (مارە) وە هەیە. کە ئەویش بەدەوری خۆی کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخمان و ڕۆڵمان لەتوێی ئەو کۆمەڵەی تیایداین, کاتێك کە گوێگر پرسیارێکی لە لایەن قسەکەرەوە ئارستە دەکرێت (مەبەستت چییە کە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ دەکەیت).ئەم شێوازە مەسەلەی گەورەتر لەو مانایەی کە یەکە واتاییەکە و ڕستەکە گەلآڵەی دەکەن دەورووژێنێت, چونکە لێرەدا شێوازێکی کۆمەلأیەتی دیاری کراو دەڕووژێنێت کە لە چینێکی کۆمەڵی دیاری کراو و خاوەن واتای دیاریکراوی بەرهەم هاتووە.

### ٢-٢-٥-٥- سیمالۆجی (هێما لۆجی):

سیمالۆجی (Semiotics) لە وشەی (Sema)ی یۆنانی داتاشراوە, کە بەواتای نیشانە دێت, زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوە و پۆڵینکردنی هەموو جۆرە نیشانەکان دەدات, بە زمان و نازمانیەوە (چارڵرس مۆریس) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٣٨) لە کتێبەکەی دا بە ناوی سیمالۆجی

زمانەوانی کرد بوو بە سێ ئاست: (سینتاکس, سیمانتیك, پراگماتیك):

١-( سینتاکس) پەیوەندی هێمایە لەگەڵ هێما. -٢

( سیمانتیك) پەیوەندی هێمایە لەگەڵ تەن لە دەرەوەدا.

٣-( پراگماتیك) پەیوەندی هێمایە لەگەڵ بە بەکارهێنەرەکەی.

---

[150]- Rafik Sulaiman" A contrastive study of the Category of Anteriority in English, Kurdish and Arabic" p. 78-119, Berlin 2015

[151] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٣.

**بە پێیە واتاسازی (سیمانتیك) بەشێکە لە سیمالۆجی, تەنها لەوەدا جیان سیمالۆجی لە هێما زمانی و نازمانییەکان دەکۆڵێتەوە , کەچی واتاسازی سیمانتیك تەنها لە هێما زمانیەکان دەکۆڵێتەوە.[152] کەواتە پراگماتیکیش لە هەردوو هێما زمانی و نازمانی دەکۆڵێتەوە , بەم جۆرەش پراگماتیك و سیمانتیك بەشێکن لە سیمالۆجی.**

**٢-٢-٥-٦- فەرهەنگسازی:**

**ئەم جۆرەیان واتاسازی و فەرهەنگسازی بەیەکەوە گرێدەدات , ئاشکرایە واتاسازی سێ زانست دەگرێتەوە,کە بریتین لە واتاسازی و وشەسازی و زانستی فەرهەنگ, زۆرجار واتاسازی سیمانتیك بەوە پێناسە دەکرێت کە لێکۆڵینەوە لە واتای فەرەنگی دەکات,بەڵام لە راستیدا واتاسازی تەنها گرنگی بەم جۆرە واتایە نادات, بەڵکو گرنگی بە واتای تریش دەدات وەك واتای رێزمانی و سێبەری واتایی.....هتد.[153] کەواتە فەرهەنگسازی لقێکە لە زمانەوانی و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاکە وشەکان دەدات و شێیان دەکاتەوە و لە واتای فەرهەنگییان دەککۆڵێتەوە و پۆڵێنیان دەکات وەك ئامادەباشییەك بۆ دانانی فەرهەنگ.**

**٢-٢-٥-٧- رەخنەی ئەدەبی: ئامانجی رەخنەی ئەدەبی دەرخستنی جوانی دەقە, کە هونەرێکی زمانییە و ئامرازەکی بریتییە لە وشە و سیستەمی زمان, لێکۆڵینەوەی واتایش وا پێویست دەکات ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە کە لە نێوان هێما و واتاکەیدا هەیە.[154] کەواتە واتاسازی ئەرکی رادەی روونی پەیامی نووسەر بۆ خوێنەر و دروستی گەیاندنی مەبەست دەگرێتەوە ئەستۆ.هەروەها ئەم ڕستانەی کە بە دەم گۆرانیەوە دەگوترێن ئاسانتر دەردەبردرێن بەم شێوەیە لە پارتی سپڵی ئینگلیزیدا جیاوازی هەیە لە زمانی ڕۆمانی دا هاوکات نزیکە لە مانای ڕێزمانیان.سیمای فۆرمی لە زمانی رۆمانی (سەر بەلاتینی) پێی دەناسرێت ناتەواوە , ناتەواوی لە زمانی رۆمانیکە شێوەی ڤیاسی ڕووبەرووی سیمای بەردەوامی ئینگلیزی دەبێتەوە بۆ نموونە: ئەوان چاوەڕێی دادوەریان دەکرد و مارتنێت بیری لە هەموو پارەکە دەکردەوە.** [155]

---

[152] - د. عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١: ٣٦.

[153] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٩.

[154] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٤٠.

[155] - Rafik Sulaiman" A contrastive study of the Category of Anteriority in English, Kurdish and Arabic" p. 78-119, Berlin 2015

**٢-٢-٦- بەراوردێك لە نێوان ئەو واتایانەی كە لە پەندەكانی پیرەمێردی هەڵبەستوان و ئەو واتایانەی كە لە سەردەمی ئێستا لە ناو خەڵك و كۆمەڵدا هەن:**

**١- ئەو واتایانەی كە لە كۆنەوە بە كارهاتوون واتای ڕەسەن , چونكە وەك توشی داتاشین و داڕمانە نە هاتووە, وەك حۆی بەكارهاتووە, بۆ نموونە وەك وشەكانی( ئاخاوتن, تەوانج, تازە....هتد) , بەڵام لە سەردەمی ئێستا و ناو خەڵك و كۆمەڵدا ئەو واتایانەی گوێبیست دەبێت یات بەكاردێن زۆر گۆڕانی بەسەر هاتووە تووشی داتاشین بوون , بۆنموونە وەك وشەكانی:( لێدوان , پەلار یان تعلیق, مۆدێرن...هتد).**

**٢- زۆر جار واتا كۆنەكان نامرن بە زیندووی دەمێنەوە,بەڵام واتا تازەكان زوو زوو لە ناو دوەچن یان دەتوانین بڵێن گۆڕانیان بەسەر دێ , ئەم گۆڕانەش بە زیادبوونی پاشگرێك یان پێشگرێك یان قەدی چاووگەوە دەبێت, بۆنموونە وەك وشەكانی :( هەژار ← فەقیر یان دەست كورت یانە نەبوون یان نەدار, دڵدار ← دڵزار یان دڵسۆز یان دڵیار,,,,هتد).**

**٣- ئەو واتایانەی كە لە پەندەكانی (پیرەمێرد) هەڵبەستوان بەكار هاتووە زۆربەیان واتای زیندوون واتاكانیان تا ئێستاش لە ناو خەڵك و كۆمەڵدا بەكاردەهێنرێن, بۆمنوونە وەك وشەكانی ( دەوڵەمەند , جوان , كەر , باش , دێ, ڕاست...هتد).**

**٤- ئەو واتایانەی كە لە سەردەمی ئێستا بەكاردێت زۆربەیان واتای خوازرو بێگانەن, واتە وشەی بێگانە شوێنی واتا ڕاستەقینە كوردیەكەی گرتۆتەوە كە لە ناو خەڵك زۆر باوە بەكاردێت, بۆ نموونە وەك لە وشەی (ڕیكلام) بە واتای (پرو پاگەندە) دێت, (ڕیكلام) وشەیەكی ئینگلیزییە كە ئێستا لە زۆربەی میدیاكان و سەر زاری خەڵك ئەم وشە باوە بەكاردێت, هەوەها وشەی (بای كۆد) بە واتای (كۆتای پێهاتن) دێت, دیسان (بای كۆد) وشەیەكی ئینگلیزییە زۆر بەكاردێت.**

**٥- ئەو هۆكارانەی وا لە واتای وشە دەكات لە سەردەمی ئێستا كە زوو زوو بمرن یان گۆڕانیان بەسەر بێ یان وشەی تر جێگایان بگرن , بەهۆی داگیركردنی كوردستانی باشوور لە لایەن دەوڵەتانی یەگرتووی ئەمەریكی و بەریتانیا , كە دەبینین زۆربەی ئەو وشانەی ئێستا بەكاردێن وشەی ئینگلیزیە, یان بەهۆی بازرگانی گشتی لەگەڵ وڵاتانی دروا سێ وەك توركیا و ئێران كە زۆر جار وشە توركی یان فارسی بەكاردەهێنین.**

# بەشی سێیەم

## هاو واتا و فرە واتا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیردا

## بەشی سێیەم

### هاو واتاو فرە واتا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیردا

**لێکۆڵینەوەیەکی پڕاکتیکییە, بریتییە لە هەڵبژاردنی هاو واتا و فرە واتاکان لە هەندێ پەند و شعرەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیردا.**

**تەوەری یەکەم :**

**٣-١: کورتە باسێك لە مێژووی و ژیان و لە دایك بوونی(پیرەمێرد)ی شاعیردا:**

ئێستا دوای چەندین ساڵ بەسەر تێپەر بوونی ئەو ڕۆژەدا کە خەڵکی شاری سلێمانی پێشوازیی ئەو پیاوە مەزنەیان کرد, نەوەی نوێ بۆیان هەیە بپرسن: ئەو پیاوە کێ بوو؟ چ کارە بوو؟ لاپەڕەکانی ژیانی چۆن بوو؟ چی کرد و چی بە جێ هێشت؟ بۆ چی گەڕاوەتەوە؟ ...بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە, بۆ ساڵانێکی زۆر دوور. ڕۆژێ لە ڕۆژانی ساڵی(١٨٦٧ ) ماڵی مەحمود ئاغای هەمزاغای مەسرەف لە گەڕەکی گوێژە لە شاری سلێمانی خۆشی و بەشارەتێکی تێ کەوت, گوێزەبانە دەبەخشرایەوە, مزگێنی ئەدرا و زەردەخەنە لە سەر لێوی ئەو پیاو ماقوڵانە دەنەخشا کە پیرۆزباییان لە مەحمود ئاغا دەکرد,چونکە خوا کوڕێکی دابوویە. لەبەر ئەوەی باوکی مەحمود ئاغا – واتە هەمزاغای مەسرەف- لێپرسراوی کاروباری دارایی ئەحمەدی پاشای دوا فەرمانڕەوای بابانەکان بوو, مەحمود ئاغاش پیاوی ماقوڵێکی ئەو دەورە بوو, لەبەر ئەوە لە ڕۆژی سیازدەیدا مەولوودنامە بەم بۆنەیەوە خوێندرا و خواردن بۆ هەژاران نێرا و بەرگ بۆ منالأنی بێ باوك کراو(مەلا)ش بانگی گوێی ئەم ساوایەدا داو ناونرا (توفیق), کەواتە پیرەمێر ناوی تەواوی (توفیقی کوری محمود ئاغای کوری هەمزە ئاغای موسەرەفە ) ، بە نازو نیعمەت بە خۆشەویستتیەوە پەروەردە کرا, تا تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵأن ئەوسا ئیتر بردیانە (حوجرە)ی مەلا حسێنە گۆجە(٤) بۆ خوێندن. لەوێ مایەوە هەتا قورئانی تەواوکرد. ئەمجا سمایل نامە و چەند کتێبێکی تری وردیلەی خوێند.بەم جۆرە تۆفیقی شاعیرە بەردەوام بووە لەدوای مەلایەنی دەستی کردووە بە نووسینی هۆندراوە و پەند بە شێوەی هەڵبەست.[١٥٦]

مامۆستا مستەفا صالح دەربارەی پیرەمێرد و زانست دەڵێت: دەربارەی کۆمەڵێ زانستی لە سلێمانی زۆر نووسراوە تێکڕایی ئەو نووسەرانەش بایەخیان بە دەوری (پیرەمێرد) داوە, کو چۆن بۆتە باوکی گیانیی و هەرە دڵسۆزی ئەم کۆمەڵە و چەند بە تەنگ پێشکەوتنی قوتابخانەکەوە بووە , بۆ یەکەم جار لەو قوتابخانەیەدا بە هیمەتی پیرەمێرد تەمسیل کرا , بە پێشنیاز و سەرپەرشتی ئەو کۆڕی ئەدەبی تیادا سازکرا , دەستی دایە باڵی ئەو

---

[١٥٦] - مستەفا ساڵح کەریم , باخێك لە وشە و گەشتێك بە ژیان نامەی پڕ شکۆی پیرەمێرد دا , چا, سلێمانی ,٢٠١٤,ل٩.

**قوتابیانەی کە بەهرەی شیعریان هەبووە, نموونەی دیاری ئەوانەی (بەنگینە)یە – حاجی باقی ڕەحمەتی – کە پەیتتا پەیتا , پیرەمێرد بۆ هاندانی , شیعرەکانی لە ڕۆژنامەکەیدا بلاّو دەکردەوە. کە کۆمەڵەی زانستی لە ساڵی (١٩٢٦)دا پێك هێنرا وەلاّمی بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆ بۆ ڕەمزی فەتاح و فائقی مارف بەگ و پارێزەر ڕەفیق تۆفیق هاتووە.زانستی کۆکردنەوەی ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمە کە هەریەکەیان بە پێی شارەزایی خۆی دەرسی تیا بڵێتەوە. بەم پێیە ماوەی (١٢) ساڵ بڵێسەی مەشخەڵی (زانستی) دڕی بە تاریکی نەزانین ئەدا , پیرەمێردیش هەڵگری شاپڵێتەی خۆشگڕی ئەم کاروانە بووە, تا مەجید یەعقوبی بوو بە موتەسەریفی سلێمانی و لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەی ژینی داخست.[١٥٧]**

**د. عیزەددین دەڵێت: دەرچوونی ڕۆژنامەی (کورد) لە پێشکەوتنی ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا هەنگاوێکی نوێ بوو, هەروەهاش لاپەڕەیێکی پرشنگدارە لە ژیانی ڕۆژنامە نووسیی پیرەمێرددا. پیرەمێرد لەماوەی ئەو چارەکە سەدەیەدا کە لە تورکیا مایەوە چالاکیەکی دیاری لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا هەبوو, جگە لە (ڕەسملی کتاب) و ڕۆژنامەی (کورد) و (مصور محیت) کەلە ئەستەنبول دەردەچوون هەروەها لە ڕۆژنامەی (تان) ی فەرەنسی و لە (شەفەقی سورخ) و (فەرهەنگ)ی ئێرانیدا خۆی تەنی بانگی کوردیی دەدا.کە گۆڤاری (ژین)یش لە ئەستەنبوول دەرچوو پیرەمێرد چالاکیەکی باشی تێدا نواند, هەرئەوەش , وای لێکرد لەمەو دوا لە سلێمانی پاش ڕۆژنامەی (ژیان) ڕۆژنامەی دووەمی بەناوی (ژین)ی ئەستەنبووڵەوە ناو بنێ (ژین).**

**د. عیزەددین مستەفا رەسول , لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە(١٢٠), حوزەیرانی ١٩٨٦ , (نەورۆز و چەند یادگاریەك), کە باس لەوە ئەکات (پیرەمێرد) وەك هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بانگی کردووە بۆ ئاهەنگی نەورۆز وە لەویدا (پیرەمێرد) شیعرێکی بۆ نووسیوە.**

**بەڕێز مامۆستا ناهیدە حلمیی دەڵێت: (پیرەمێرد) مێردی یەکێك لە پورەکانی دایکمە (خوشکی باوکی), ئەڵی پیرەمێرد زەمانی عوسمانی لەگەڵ حاجی مەلا سەعید برای ئەحمد ئاغای کەرکوکلی (زادە)و پێکەوە دەچن بۆ تورکیا لە ئەستەنبوول نیشتەجی دەبن لەوی (پیرەمێرد)دەست دەکات بە کۆمەڵێك کاری نووسین و دارشتنی شیعر و بلاّوکردنەوەی چەند بابەتتێکی زانستی و نەتەوایەتی.[١٥٨]**

**داهێنانێکی تری (پیرەمێرد) لە بواری ریکلامدا, کاتێك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کۆلیژی (حقوق) لەبەغدا تەواو دەکات و دەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی بڕیار ئەدا پارێزەریی بکات و بۆ ئەم مەبەستەش نوسینگەی تایبەتی خۆی دەکاتەوە. (پیرەمێرد) دەیەوێ خزمەتی بکات و لەخوێنەرانی (ژیان)ی بگەیەنێ کە ئەم لاوە لەشارەکەدا**

---

**[١٥٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣١١.**

**[١٥٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٩٨.**

**پارێزەریی دەکات بە ستایش و پیاهەڵدانەوە ئەم نوسینە کە دەچێتە خانەی ریکلامەوە, بەڵام بێ بەرانبەر بڵاوی دەکاتەوە. ئەمەش دەقی نوسینەکەی پیرەمێردە:**

**لەخوێندەوارە هەڵبژێراوەکانمان ئیبراهیم ئەحمەد کۆڵێجی حقوقی تەواوکردووە, سەودای وەزیفەی نەکەوتووەتە کەللەوە, هاتووە(ئەوقات)ی ئەکا, ئەم کورە ئێمە ئەیناسین, لەهەرچی زمان هەیە شێوەیەکی زۆر پەسەندی بۆ خۆی داناوە, خەلەفی (خەلەف شەوقی)یە, بەزەوقێکی عیلمی جەزمبەیەکی شاعیری هەیە, ئەتوانێ دەعوا لەپەردەیەکی جوان دا تەسویر بکاو بیباتە زیهنی گوێگرانەوە... خوا وێنەیان زیاد بکات.**[159]

## ٣-١-٢: هاو واتا و جۆرەکانی لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا:

**هەروەك لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد هاو واتا دوو جۆرە یەکەم هاواتای تەواو کە ئەم جۆرەیان زۆر دەگمەنە دووەم هاو واتای ناتەواو.( بڕوانەلاپەرە٣٦).**

### جۆری یەکەم: هاو واتای تەواو لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا:

**١- ( مە عاش , فرە):**

**مەعاشی بە لاش, بێ پیتەو بێ خێر**

**دەستی ماندوو لە سەر زگی تێر**

**ئاغای تەماعکار هەر دەڵی بیدە**

**کەر بە جۆ بمرێ ئەوسا شەهیدە**

**دێی فرە کوێخا نا حەسێتەوە**

**بزن هەر جارێ دەڕوێتەوە**[160]

**هەردوو وشەی ( مەعاش ,فرە) هاو واتای تەواون , بەگۆڕینی وشەکان بۆ وشە هاو واتاکانیان واتای دێرە شعرەکە ناگۆردرێ, چونکە وشەی مەعاش وشەیەکی عەرەبییە دەوانین وشەی (موچە) دابەنین کە وشەیەکی کوردیە واتای دێرە شعرەکە ناگۆڕێت.هەروەها وشەی (فرە) هاو واتای تەواو بە گۆڕینی وشەی فرە بۆ وشەی (زۆر) واتای دێرەکە ناگۆڕێت. واتا سەرەکی کار ناکاتەسەر واتا لاوەکییەکە.**

---

[159] - هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٣١.

[160] - فایق هۆشیار- مصطفى صالح كريم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب ,٢٠١٤,چ٣,ل ٨:.

٢- (قەت):

قەت ڕێك ناكەون گەورەی ئەم شارە

تاریكایی شەو ئێوارە دیارە[١٦١]

وشەی (قەت) وشەیەكی عەرەبییە بە گۆڕینی وشەی (قەت) بۆ وشەی (هەرگیز) واتای دێرەكە ناگۆڕێت چونكە هاو واتای تەواوە , واتا هۆشەكییەكەی ناگۆڕێت. لەم چەند دێرە شعرەدا هاو واتای تەواو بەرچاو دەكەوێت , هەروەك باسمان كرد ئەم جۆرەیان زۆر دەگمەنە.

## جۆری دووەم : هاو واتای ناتەواو لە پەندەكانی (پیرەمێرد)دا.

١- (میرات , نەوە):

گەنجێ بە ڕەنج بێ ئەمینێتەوە

میرات بۆ (نەوە) شەڕ ئەنێتەوە [١٦٢]

هەردوو وشەی ( میرات , نەوە) هاو واتای ناتەواون , وشەی (میرات ) لەگەڵ وشەی ( لە پاش بە جێماو) یان (بۆ ماوە) هەمان واتایان هەیە بەڵام شێوەزارو دیالێكتیان جیایە. هەروەها وشەی ( نەوە) لەگەڵ وشەی (وەچە) هەمان واتایان هەیە دیسان لە شێوەزار و دیالێكت لە یەك جیان.

٢- (زۆردار):

جوولەكە ساڵێ هامان ئەكوژن

زۆردار هەر ڕۆژێ خوێنی ئەمژن[١٦٣]

وشەی (زۆردار) هاو واتای ناتەواوە , هاو واتاكەی وەشەی( دەسەڵاتدارە) یان (ستەمكار) دیسان هەر یەك لەم وشانە لە دەربڕین و دیالێكتدا جیاوازن , بە دانانی وشەی (دەسەڵاتدار یان ستەمكار) لە شوێن وشەی (زۆردار) واتای دێڕە شعرەكە ناگۆڕێت, هەرچەندە واتا سەرەكییەكە جێ واتا لاوەكیەكەی گرتۆتەوە.

٣- ( فەقیر , هەژار):

گەلاوێژ هەڵات شەوقی ئەگرێ

---

[١٦١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٩.

[١٦٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٢١.

[١٦٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٢٧.

بەرگی فەقیر و هەژار هەدڕێ[١٦٤]

هەردوو وشەی (فەقیر و هەژار) هاو واتای ناتەواون , ئەگەر وشەی ( فەقیر) لابەرین تەنها وشە (هەژار) بەهێڵینەوە ئەوا واتای دێڕە شعرەکە تێك ناچێت, یان بە پێچەوانەوە بە لابردنی وشەی (هەژار) مانەوەی وشەی (فەقیر), واتای دێڕە شعرەکە تێك ناچیت.

٤- (وەختا):

ئەگەر ئەتەوێ نەیێن بە گژتا

ئامادەی شەڕبە لە هەموو وەختا[١٦٥]

وشەی (وەختا) هاو واتای ناتەواوە , هاو واتاکەی وشەی (کاتا)ە .

ئەگەر وشەی ( وەختا)ە بە گۆڕین بە وشەی (کاتا), ئەوا واتای هۆشەکی ناگۆڕێت, دەتوانین بەڵێن (ئامادەی شەڕ بە لە هەموو کاتا).

٥- ( قاپی):

هێندە لێی تورەبوون بە شەڕ و هەرا

لە قاپی سەرا ئێجگاری تۆرا[١٦٦]

وشەی (قاپی) هاو واتای ناتەواوە , هاو واتاکەی وشەی ( دەرگا)یە, ئەگەر لەم دێڕە شعرەدا وشەی (قاپی) بە گۆڕین بە وشەی ( دەرگا), واتە بەڵێن : ( لە دەرگای سەرا ئێجگاری تۆرا).لە ڕاستی دا وشەی (قاپی) وشەیەکی تورکییە.

٦- (فەلەك):

چەرخ و فەلەکمان بۆ هەڵخراوە

بەڵام کەس هێزی گوژمەی نەماوە[١٦٧]

[١٦٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل:٣٣.
[١٦٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٣٤.
[١٦٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٤٣.
[١٦٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٤٣.

**وشەی (فەلەك)مان  هاو واتای ناتەواوە , هاو واتاكەی وشەی ( گەردوون)ە , دیسان بە گۆڕینی وشەی (فەلەك) بۆ وشەی (گەردوون) واتا و مەبەستی دێڕە شعرەكە ناگۆڕێت.**

**٧- ( وه ظیفه):**

**وه ظیفه ئێستا هەمووی بۆ نانە**

**لێی ناگەڕێن ئەم دەوڵەمەندانە[١٦٨]**

**وشەی (وه ظیفه) هاو واتای ناتەواوە , وشەیەكی عرەبییە , هاوتاكەی وشەی( پیشە)یە**

**ئەگەر وشەی (پیشە) لە جێگای وشەی (وه ظیفه) دابەنێین واتای دێڕە شعرەكە ناگۆڕێت.**

**٨- (وەفد):**

**وا شەمەندەفەر بوو بە هی خۆمان**

**تا وەفد زۆر بێ قازانجە بۆمان[١٦٩]**

**وشەی (وەفد) هاو واتای ناتەواوە ,  وشەی (وەفد) لە (ایفاد) هاتووە وشەیەكی عەرەبییە هاو واتاكەی وشەی (شاند)ە , ئەگەر وشەی (وەفد) لا بەرین وشەی (شاند)  دابەنێین هەمان مەبەست و واتا دەبەخشێت , واتای سەرەكی دێڕە شعرەكە.**

**٩- (عەقڵ , صاحێبیان , دەماغ):**

**لەش و عەقڵ و دڵ ئەم سیانە ساغ بێ**

**صاحێبیان دەبێ هەر بە دەماغ بێ [١٧٠]**

**هەرسێ وشەی (عەقڵ , صاحێبیان , دەماغ) هاو واتای ناتەواون, وشەی (عەقڵ) وشەیەكی عەرەبییە هاو واتاكەی (هۆش)ە , وە وشەی (صاحێب) وشەیەكی عەرەبییە هاو واتاكەی وشەی (خاوەن)ە , وە وشەی (دەماغ) وشەیەكی عەرەبییە هاو واتاكەی وشەی(مێشك)ە, بە گۆڕینی هەر یەكە لەم وشە عەرەبییانە بۆ وشەی هاو واتا كەیان كار ناكاتە سەر واتای دێڕە هە ڵبەستەكە.**

---

[١٦٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٤٦.

[١٦٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل:١٠٢.

[١٧٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ١٠٣.

**١٠- (شێعر):**

**ئەو شێعرە خۆشە لای من زگ تێر کا**

**چشتی نایابی خوارنم فێر کا[١٧١]**

**وشەی (شێعرە) هاو واتای ناتەواوە, وشەیەکی عەرەبییە , دەتوانین لە جێگای وشەی (شیعر) , وشەی (هەڵبەست)ە دابەنێین چونکە هاو واتای یەکن ئەم دوو وشەیە.**

**١١- (تۆڵە , ئینتیقام):**

**ئەوەی لە دوژمن تۆڵە دەستێنێ**

**ئەو ئینتیقامەیش بۆ ئەو نامێنێ [١٧٢]**

**هەردوو وشەی (تۆڵە , ئینتیقام) هاو واتای یەکن لە جۆری هاو واتای ناتەواون , (ئینتیقام) وشەیەکی عەرەبییە , ئەگەر وشەی (ئینتیقام) لابەرین وشەی( تۆڵە) لە شوێنی دابەنێین یانە بە پێچەوانە ئەوا واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕدرێت, هەمان مەبەستی خۆی دەگەیێنێت.**

**١٢- (فەقیر , هەژار):**

**چاو نابڕێتە مەسنەد و پارە**

**بۆ ئیشی فەقیر وەك خزمەتکارە**

**هەندێ وەك دووپشك چزوی پڕژاوە**

**طبعەتن مێملی کەوتە و هەژارە [١٧٣]**

**دیسان هەردوو وشەی (فەقیر , هەژار) هاو و**

**١٣- (ئیش , کار):**

**خۆ ئەگەر بۆ ئیش و پیاو بگەڕێن**

**بۆ کار ڕەوایی ئینجا لەسەر ڕێن [١٧٤]**

---

[١٧١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ١٠٦ .

[١٧٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ١١٩.

[١٧٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل: ١٢٤.

[١٧٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ١٢٦.

**هەردوو وشەی (ئیش , کار) هاو واتای ناتەواون , وە هاو واتای یەکن . ئەگەر وشەی (ئیش) لە شوێن وشەی (کار) دابەنێین یان بە پێچەوانەوە, ئەوا هیچ لە واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت, چونکە هەر دوو وشە هەمان واتا دەبەخشن تەنها لە دیالێکتوو شێوەزاری دەربڕین جیاوازن.**

**١٤- (بەد , خراپ):**

**کە لەگەڵ بەددا دانیشی و هەستی**
**پشت بە خراپەی چاکان ئەبەستی** [175]

**دیسان هەردوو وشەی (بەد , خراپ) هاو واتای یەکن , وە هاو واتای ناتەواون, هەردوو وشە یەك واتا دەبەخشێت بەڵام لە دیالێك دا جیاوازن وشەی (بەد) زیاتر لە ناوچەی سلێمانی بە کاری دەهێنن, وشەی (خراپ) زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە کاری دەهێنن. لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (بەد یان خراپ) هەمان واتاو مەبەستیان هەیە.**

**١٥- (ئەرخەوان):**

**ئەترسم تارای ئەرخەوان وابێ**
**خومی جوولەکەی دەوران شێوابێ** [176]

**وشەی (ئەرخەوان) هاو واتای ناتەواوە , هاو واتاکەی وشەی (بەنەوشە)یە. واتا دەتوانین لە جیاتی وشەی (ئەرخەوان) لە دێڕە هەڵبەستەکە وشەی (بەنەوشە) دابەنێین.ئەمیش دیسان لە دیالێکت و شێوازی دەربڕین جیاوازن.**

**١٦- (سەیرکەن):**

**ئەوی هەیشیەتی هەر بە پەرۆشە**
**سەیری کەن سەیری دونیا چەند خۆشە** [177]

**وشەی (سەیرکەن) هاو واتای ناتەواوە , هاو واتاکەی وشەی (تەماشاکەن), کەواتە دەتوانین لە جیاتی وشەی (سەیرکەن) , وشەی (تەماشاکەن) دا بەنێین. هەردوو وشەکە یەك واتا دەبەخشن تەنها لە دیالێکتوو شێوەزاری دەربڕین جیاوازن, وشەی (سەیر) لە ناوچەی سلێمانی و دەورووبەری زیاتر بەکاردێت, بەڵام وشەی (تەماشا) زیاتر لە ناوچەی هەولێر و دەوروبەری هەروەها زۆر جاریش لە ناوچەی بادینان ئەم وشە بەکاردەهێنن.**

---

[١٧٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ١٧١.
[١٧٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ١٩٤.
[١٧٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٢٠٠.

**١٧- (زۆپا , صۆپە):**

**هەندێ بە زۆپا گەرم ئەبنەوە**
**هەندێ بە صۆپە گەرم دەبنەوە [178]**

**هەردوو وشەی (زۆپا , صۆپە) هاو واتای ناتەواون, وە هاو واتای یەکترن , هەردوو کیان واتای ئامێری گەرم کەرەوە دەگەیێنن, بەلاّم دیسان لە دیالێکتوو شێوەزاری دەربڕین جیاوازن.**

**١٨- (خادیم):**

**عیزرائیل پیشەی هەر گیان کێشانە**
**کەچی خادیمی عەرشی رەحمانە [179]**

**وشەی (خادیم) وشەیەکی عەرەبییە, دەتوانین لە شوێنی ئەو وشەی (خزمتکار) دابەنێین , چونکە هاوواتای ناتەواوە , لەم دێڕە هەڵبەستە هەمان واتا دەبەخشێت.**

**١٩- (بێگانە , بەهانە , حازرە):**

**برا , برای خۆی لا بێگانەیە**
**فرزەند لە باوك بە بەهانەیە**
**هەموویش ئەیزانین یەکێتی چاکە**
**دوو کەس یەککەوێ سێ کەس غەمناکە**
**کە هەمووی ئاشت بن بۆ تۆ چاکترە**
**هەر رۆژە خوانی لایێک حازرە [180]**

**هەر سێ وشەی ( بێگانە , بە هانە, حازرە) هاو واتای ناتەواون, هەر یەکە وشە هاو واتاکانیان بریتین لەمانە:**
**بێگانە ⟵ بیان**

**بەهانە ⟵ هەنجەت**

**وشەی (حازر)ە وشەیەکی عەرەبییە , بە واتای (ئامادە)یە دێت, واتە دەتوانین لە وشەی (حازر) بەگۆڕینەوە بە وشەی (ئامادە)یە, هیچ واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت.**

---

[178] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٢٠٢.
[179] - هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل: ٢١٨.
[180] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ,ل: ٢٢١.

**٢٠- (دین , عەکس, سەفەر , بەهار , ربیع):**

**بە دینی ئیسلام بەد نایەتە ڕێ**

**پەندی سە فسە طە ی ژین چی لە دەست دێ**

**بەڵام هەر وا بین شاری کوێرانە**

**کەس, کەس نابینێ شەڕە گۆچانە**

**عەکسی یەکترین (سەفەر) و(نیسان)**

**بەهار و (ربیع) ئەوانیش هەروا**

**وەك ئێمە و ئەوان پێکەوە دەڕوا [١٨١]**

**هەر چوار وشەی ( دین , عەکس , سەفەر , ربیع) عەرەبین , لەم دێڕە هەڵبەستەدا دەبنە هاو واتای ناتەواو , وە وشەی (بەهار) کوردیە ئەویش هاو واتای ناتەواوە. هەر یەك لەم وشانە هاو واتاکانیان بە زمانی کوردی بریتین لەم وشانە:**

**دین ⟵ ئاین**

**عەکس ⟵ پێچەوانە**

**سەفەر ⟵ گەشت**

**ربیع ⟵ بەهار**

**٢١- (زانستی , ئەخلاق , علیم):**

**خەرقەی زانستی زەحمەت ئەدرێ**

**سا مەگەر گومرگ هەناسەی ببڕێ**

**ئەخلاق ئاوێنەی علیم و سەروەتە**

**بەبێ ئاوێنە (خۆ دین) زەحمەتە [١٨٢]**

**هەر سێ وشەی (زانستی , ئەخلاق , علیم) هاو واتای ناتەواوە , (ئەخلاق و علیم) دوو وشەی عەرەبیین , هەریەك لە وشە هاو واتاکانیان بریتیین لە مانە:**

**زانست ⟵ علیم**

**[١٨١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٢٤٠.**

**[١٨٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل:٢٦٧.**

**ئەخلاق ⟵ ڕەوشت**

**٢٢- (سەیران , گەران):**

**یاخوا هەمیشە لە سەیرانا بن**
**بۆ هەموو شوێنێ لە گەڕانا بن [١٨٣]**

**هەردوو وشەی (سەیران , گەران) هاو واتای یەکن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون.دیسان لە دیالێکتو دەربڕینی شێوەزار جیاوازن .ئەگەر لە جێگای وشەی (سەیران), وشەی (گەران) دابەنێین هیچ لە واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت.**

**٢٣- (گرژە , تووڕەیی):**

**کەچی تۆ ئەڵێی بامیەکەم ترشە**
**ئەم خەڵکە هەمووی ڕووی لە تۆ گرژە**
**دە باوکە ئێرە خۆ (کەرکووك) نی یە**
**(مەلا بامێ) بێ بەو تووڕەییە [١٨٤]**

**هەر دوو وشەی (گرژە , تووڕەیی) هاو واتای یەکن , وە لە جۆری هاو واتای ناتەواون, دیسان لە دیالێکتوو شێوەزار جیاوازن. ئەگەر لە نیوە دێڕە وشەی (گرژە) بەگۆڕین بە وشەی (تووڕەیی) بەڵێین:( ئەم خەڵکە هەمووی ڕووی لە تۆ تووڕەییە) هەر هەمان واتا دەبەخشێتە دێڕە هەڵبەستەکە.**

**٢٤- (شاخە , کێوێ , گرد):**

**ئەم دارو بەردەو ئەم شاخە بەرزە**
**خوا دایڕشتووە, لەنگەری ئەرزە**
**یارەبی ماڵی درۆیان شێوێ**
**درۆی وا دەکەن ئەوەندەی کێوێ**
**کاتێ ئەتبەنە (گردەکەی سەیوان)**
**ئەتخەنە ژێر خاك بە دەنگی قۆرئان [١٨٥]**

---

[١٨٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل:٢٧٧٠.

[١٨٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٢٨٠.

[١٨٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل:٣٢٦, ٣٧٣, ٣٩٨.

**هەرسێ وشەی (شاخ, کێو, گرد) هاو واتای یەکن , هەرسێ وشە هەمان واتا دەبەخشن, لە جۆری هاوواتای ناتەواون, ئەم سێ وشە تەنها لە دیالێکتوو شێوەزار جیاوازن.**

**٢٥- ( زیافەت , میوان , کارخانە):**

**هەندێ کە (زیافەت) بە سەلەم ئەدەن**
**چاوەڕێی هەڵن تۆڵەێیک بدەن**
**هەندێ کە میوان نانێکیان ئەخوات**
**ئەبێ (موسهیلی) بۆ بێ دوا بەدوا**
**پیاوێ بە پیاوێك ئەڵێ بە تانە**
**دوێنێ خوشکەکەت چۆتە (کارخانە) [١٨٦]**

**هەر دوو وشەی (زیافەت , میوان ) هاو واتای ناتەواون , وە (زیافەت) وشەیەکی عەرەبییە وشەی (میوان) هاو واتاکەیەتی بە کوردی, ئەگەر لە شوێنی وشەی (زیافەت), وشەی (میوان) دابەنێن هیچ لە واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت. هەروەها (کارخانە) لێرەدا هاو واتای ناتەواوە بەرامبەر وشەی (مەیخانە) چونکە وشەی (کارخانە) لەم دێڕە هەڵبەستەدا واتای کارکردن ناگەێنێت, بەڵکو واتای (مەیخانە) دەگەینێت.**

**٢٦- (قاتل , خوێن ڕیشتن):**

**ئەو دەوڵەتانەی دڵ بریندارن**
**کێ دەڵێ لەگەڵ قاتڵدا یارن**
**برینی ناحەق قەتماغەیش بێنێ**
**بیر ناچێتەوە , ئێشی دەمێنێ**
**دەست بە کڵاوی خۆمانا بگرین**
**بۆ خوێن ڕشتنی ناڕەوا بگرین [١٨٧]**

**(قاتل) وشەیەکی عەرەبییە هاو واتای ناتەواوە, هاو واتاکەی (خوێن ڕیشتن)ە کە وشەیەکی کوردییە , دیسان لەم دێڕە هەڵبەستە ئەگەر وشەی (قاتل) لابەرین وشەی (خوێن ڕیشتن) دا بەنێن , واتە بڵێین (کێ دەڵێ لەگەڵ خوێن ڕیشتن یارن). ئەبینین هەر هەمان واتا و مەبەست دەدات واتای دێڕەکەی نەگۆڕا.**

---

[١٨٦] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٣٢٨.**

[١٨٧] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٣٣٨.**

**٢٧- (له خۆبایی , بەرز فڕی):**

**ئەمە پاداشی بێ وەفایی یە**

**دۆم بە سەروپێ له خۆ بایی یە**

**ئەمانە هەموو بەخواستی خوایە**

**کێ ئەیگوت (یۆنان) ژوور (ئیتالیا)یە؟**

**هەرچی بەرز فڕی کە کەوتە خوارێ**

**سەرو گوێلاکی ئەشکێ بە جارێ [١٨٨]**

**هەردوو وشەی (لەخۆ بایی , بەرز فڕی) هاو واتای یەکن , لە جۆری هاو واتای ناتەواو. ئەگەر هەر وشەیەکیان لە جێگای وشەکەی تر دابنێ, ئەوا واتای دێڕە هەڵبەستەکە تێك ناچێت.**

**٢٨- (ئاڵتوون , زێڕ):**

**ئاڵتوون کە ناوی بە زەێڕ ئەبرێ**

**ناوی (زێڕ) دێنی, کەر بۆت ئەزەڕێ [١٨٩]**

**هەردوو وشەی (ئاڵتوون , زێڕ) هاو واتای یەکن یەك واتا دەبەخشن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون.**

**٢٩- (پادشا, میر):**

**دوێ شەو لە خەوما پادشایە بووم**

**کاتێکم زانی وەك گەدایە بووم**

**ئەگەر کاسبی بکەوێتە ناو**

**ئەوسایە میری ئەگەڕێ بۆ پیاو [١٩٠]**

**هەر دوو وشەی (پادشا, میر) هاو واتای یەکن , هەمان واتا دەبەخشن , وە لە جۆری هاو واتای ناتەواون.**

**٣٠- (قاپی , گوم):**

**خۆڵی بەر قاپی دەوڵەمەند پێوە**

**پارە ڕژاوە ئاڵتوونە پێوە**

---

[١٨٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل:٣٤٧ .

[١٨٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٣٥٠.

[١٩٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٣٩٠.

**من ئەڵێم نابێ ئەم ئێشە وابێ**

**چونکە دەوڵەمەند پارەی گوم نابێ** [١٩١]

**(قاپی) وشەیەکی تورکییە , بە واتای (دەرگا یان دەرکە), لە جۆری هاو واتای ناتەواوە. دەتوانین لە جێگەی (قاپی) وشەی (دەرگا یان دەرکە) بەکار بەهێنین بەڵێن:(خۆڵی بەردەرگای دەوڵەمەند پێوە),دەبینین واتای دێڕە هەڵبەستەکە نەگۆڕا. هەروەها وشەی (گوم) بە واتای ( وون بوون یان بزربوون) دێت, هاو واتای ناتەواوە,دەتوانین لە جێگەی وشەی (گوم) , وشەی (وون بوو, یان بزر بوو) دا بەنێین هەر هەمان واتا دە بەخشێت , بەلاّم لە دیالێکت دا جیاوازن, وشەی (گوم) لە ناوچەی گەرمیان , وە وشەی(وون بوون) لە ناوچەی سلێمانی , وە وشەی (بزربوون) لە ناوچەی هەولێر بەکاردێت.**

**٣١- (کرِێوە, سارد):**

**هاوینان دنیا پڕە لە میوە**

**زستانان بەفر بە کرِێوەیە**

**ئەوەی سروشتی ساردە وەك زستان**

**تەزوو ئەخاتە ناو جەرگی ئینسان** [١٩٢]

**هەردوو وشەی (کرِێوە , سارد) یەك واتایان هەیە , هاو واتای ناتەواون, دیسان (کرِێوە) لە ناوچەی سلێمانی بەکاردێت ,وە وشەی (سارد) لە ناوچەی سلێمانی و ناوچەی هەولێر بەکاردێت.**

**٣٢- (دوعا , نزا):**

**دوعا و نزای خەڵك تەئسیر نانوێنێ**

**مەگەر بۆمبای چاو هەڵی تەکێنێ** [١٩٣]

**هەردوو وشەی (دوعا, نزا) هاو واتای یەکترن, وە هاو واتای ناتەواون, دیسان لە دیالێکت و شێوازی دەربڕین جیاوازن, ئەگەر یەکێك لەم دوو وشە لا بەرین هیچ واتای دێڕەکە ناگۆڕدرێت. هەروەها وشەی (دوعا) وشەیەکی عەرەبییە.**

---

[١٩١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٤٠٨.

[١٩٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٤٣٢.

[١٩٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٤٣٣.

**٣٤- (خەزان):**

**خەزان هات گەلأی ڕەزان هەڵوەری**

**تێکرا تێپەڕی بەرو سێبەری** [١٩٤]

**وشەی (خەزان), هاو واتاکەی وشەی (پایز)ە , هاو واتای ناتەواوە, وشەی خەزان لە ناوچەی سلێمانی بەکاردێت , وشەی (پایز) لە ناوچەی هەولێر و دەوروبەری بەکاردێت .**

**٣٥- (حەیوان):**

**تێنەگەیشتن هێندە ستەمە**

**بڵێی , حەیوانە هێشتاوکو کەمە** [١٩٥]

**(حەیوان) وشەیەکی عەرەبییە, واتا کوردیەکەی وشەی (گیاندارە, یان ئاژەڵ) هەردوو وشەکە هاو واتای ناتەواوی وشەی (حەیوانە).**

**٣٦- (قەبر , گۆڕ):**

**کە لەگەڵ مردوو ئەچیە سەر قەبران**

**باوەڕ بە مردن ئەکەی بە گریان**

**ئاخ ئەو کەسانەی کە چاك ئەگۆڕن**

**بۆ ژیان ناشێن, شایستەی گۆڕن** [١٩٦]

**(قەبر) وشەیەکی عەرەبییە , واتاکەی وشەی (گۆڕ)ە , هاو واتای ناتەواون. ئەگەر وشەی (قەبر) لابەرین بیکەین بە وشەی (گۆڕ) واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت. واتە بەڵێین: ( کە لەگەڵ مردوو ئەچیتە سەر گۆڕستان). واتای نەگۆڕا , تەنها زیاد کردنی پاشگری (ستان) بۆ کۆکردنەوەیە تا لەگەڵ نیوە دێڕی تری هەڵبەستەکە بە گونجێت.**

---

[١٩٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٥٠١.

[١٩٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٥٣٨.

[١٩٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٥٣٩, ٥٤١.

٣٧- (پاك , تەميز):

زۆر پياوی پاكی تەميز وەك گەوهەر

هاونشينی بەد لەكەی خستە سەر [١٩٧]

هەردوو وشەی (پاك , تەميز) هاو واتای يەكن , يەك واتا دەبەخشن, وە لە جۆری واتای ناتەواون , لە ديالێكت و شێوەزار جياوازن , ئەگەر وشەی (پاك يان تەميز) يەكێك لە و وشە لابەرين واتای دێڕەكە ناگۆڕێت .

٣٨- (بايەخ, كەڵك):

ئەمانە هيچيان (بايەخ)يان نی يە

كە زوو بەسەرچوون كەڵكيان چی يە؟ [١٩٨]

هەردوو وشەی (بايەخ , كەڵك), هاو واتای يەكن, يەك واتا دەبەخشن وە هاو واتای ناتەواون , چونكە لە ديالێكت و شێوە زار جياوازن. هەروەها وشەی (سود)يش هەر هاو واتای وشەكانی (بايەخ و كەڵكە).

٣٩- (سەخی , بەخشندە):

(سەخی) كە ئەيخوا ئەشيدا بە خەڵك

بۆ خۆی و ناسياو, بۆی ئەبێ بە كەڵك

(بەخشندە) هەمووی ئەبەخشێتەوە

ئەوەی پێ ئەبڕێ, ئەمێنێتەوە [١٩٩]

هەردوو وشەی (سەخی , بەخشندە) هاو واتای يەكن هەمان واتايان هەيە, وە لە جۆری هاو واتای ناتەواون, چونكە لە ديالێكت و شێوەزار جياوازن.

٤٠- (خۆف , ترس):

ئەوی ئازاری نەبێ ئوف ناكا

ئەويش بێزار بێ لە هيچ خۆف ناكا

---

[١٩٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٥٤١.

[١٩٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٥٨٧.

[١٩٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٥٩٢.

**ئەركی زستانیش وا هات بەسەرما**

**سەرم سڕماوە لە ترسی سەرما [٢٠٠]**

**(خوف) وشەیەكی عەرەبییە , واتاكەی بە زمانی كوردی وشەی (ترس)ە , هاو واتای ناتەواوە. ئەگەر وشەی (خۆف) لابەرین وشەی (ترس) لە جێگای دابەنێین , بڵێین: ( ئەویش بێزار بێ لە هیچ ترس ناكا), هیچ لە واتای دێڕە هەڵبەستەكە نەگۆڕا.**

**٤١- (شەرەف , نامووس):**

**هەواڵی مەردی و شەرەف ئەپرسی**

**ناو یان لێ ناوە كوردە نامووسی [٢٠١]**

**هەردوو وشەی (شەرەف , نامووس) هاو واتای یەكترن یەك واتا دەبەخشن, هاو واتای ناتەواون چونكە هەمان واتایان هەیە تەنها لە دیالێكتوو شێوەزاری دەربڕین جیاوازن. وشەی (شەرەف) زیاتر لە ناوچەی سلێمانی و گەرمیان و دەوروبەری بەكاردەهێندرێت, وشەی (نامووس) زیاتر لە ناوچەی هەولێر و دهۆك و دەوروبەری بەكاردەهێندرێت.**

**٤٢- (شانس , تالع):**

**شانس كە بە كوردی (تالعی) ناوە**

**لە تەبیعەتی چێریكدا خولقاوە [٢٠٢]**

**وشەی (شانس) وشەیەكی عەرەبییە , هاو واتاكەی (تالع)ە كە ئەویش وشەیەكی عەرەبییە هەرچەندە لە و دێڕە هەڵبەستەدا (پیرەمێرد) دەڵێ وشەی (شانس) بە كوردیەكەی واتا (تالع)ە , بەلاَم هەردوو شەی (شانس, تالع) عەرەبیین و هەمان واتایان هەیە لە جۆری هاو واتای ناتەواون , هاو واتاكەیان بە زمانی كوردی وشەی (بەخت)ە.**

**٤٣- (جاسوس):**

**هی واشمان هەیە هێندە بێ نامووسی**

**بەوە ئەخورێ كەوا جاسووسە [٢٠٣]**

---

[٢٠٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٦١٩, ٦٣١.

[٢٠١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٦٩٩.

[٢٠٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٧١٦.

(جاسووس) وشەیەکی عەرەبییە , واتاکەی بە کوردی (سیخوڕ)ە کە ئەبێتە هاو واتای ناتەواو. ئەگەر وشەی (جاسووس) لابەرین وشەی (سیخوڕ) دابەنێین ئەوا واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت.

٤٤- (بەند , حەپسخانە):

بەم چوار دیوارەش هێشتا بەند نابێ

ئەبێ لەوەوە گەردش بەر پا بێ

ئەم لای دیوارە, ئەولاشی دیوار

حەپسخانەیە بۆ گورگێکی هار [٢٠٤]

هەردوو وشەی (بەند , حەپسخانە) هاو واتای یەکن لە جۆری هاو واتای ناتەواون , ئەگەر وشەی (بەند) پاشگری (ینخانە) بۆ زیاد بکەین ئەبێتە (بەندینخانە) وەك وشەی (حەپس) پاشگری (خانە) بۆ زیاد کراوە بۆتە (حەپسخانە). واتە ئەگەر لە شوێنی (حەپسخانە), وشەی (بەندینخانە) دابەنێین هەمان واتا دەبەخشێ شێوازی خوێندنەوەی دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت. دیسان وشەی (بەند) یان (بەندینخانە) لە ناو چەی سلێمانی و گەرمیان و دەوروبەری بەکاردێت, وە وشەی (حەپسخانە) لە ناوچەی هەولێر و دەوروبەری بەکاردێت.

٤٥- (حەرام زادە, زۆڵ):

ئێستر لە گوێ درێژ بارەبەر ترە

حەرام زادەیە بە خەتەر ترە

خۆزگە هەر کەسێ وا زۆڵ بوایە

ئەسڵی نەبوایە لەم سەر دنیایە [٢٠٥]

هەر دوو وشەی (حەرام زادە , زۆڵ) هاو واتای یەکن یەك واتا دەبەخشن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون چونکە لە دیالێکت و شێوەزار جیاوازن. هەروەها وشەی (بیژی) هاو واتایە لەگەڵ هەر دوو وشەی (حەرام زادە , زۆڵ). وشەی (بیژی) ناوچەی هەولێر و دەوروبەری بەکاری دەهێنن, وشەی (زۆڵ) یان (حەرام زادە) ناوچەی سلو دەروبەری بەکاری دەهێنن.

---

[٢٠٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٧٤٠.

[٢٠٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٦١٩, ٦٣١.

[٢٠٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٨٣٥.

٤٦- (عيللەت , دەرد):

ترس و واهيمە نەبوو لە ناوا
عيللەتمان بە ئاو ئەدا بە ئاوا
بە نوشتەی شێخێك, يا لەرز بڕينێ
ئەدەما دەردو ژانی بڕينێ [٢٠٦]

هەردوو وشەی (عيللەت , دەرد) هاو واتای يەكن يەك واتا دەبەخشن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون.

٤٧- (ڕووناك, چرا):

ئەوی ئەخوێنێ و ئەيهێنێتە كار
ئەلەكتريكە بۆ ڕووناكی چاو
هەندێكی وايش هەن چراوە كوژێنن
كەڵەكی (ميری سوور) ئەڕوخێنن [٢٠٧]

هەردوو وشەی (ڕووناك, چرا) هاو واتای يەكن يەك واتا دەبەخشن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون. ئەگەر وشەی (چرا) بە گۆڕين بۆ وشەی(ڕووناكی) هەر هەمان واتا دەبەخشێتە دێڕە هەڵبەستەكە , بڵێن: ( هەندێكی واش هەن ڕووناكی كوژێنن), دەبينين واتاكەی نە شێواوە.

٤٨- (شادی , فەرەحی):

ئيتر حەفلەيە و شادی و ئيستيعراز
بەرخی (حەمەليان) سەربڕی سەرباز
دەرد گرانە ئينسان حەسەدە
فەرەحی نادا بە دڵ, زۆر بەدە [٢٠٨]

هەردوو وشەی (شاد, فەرح) هاو واتای يەكن يەك واتا دەبەخشن, لە جۆری هاو واتای ناتەواون. (فەرح) وشەيەكی عەرەبييە , بەڵام زۆر جار لە ناوچەی هەولێر لە جياتی وشەی (شادی) , وشەی (فەرح) بە كاردەهێنن.

---

206 - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٨٥١.

٢٠٧ - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٨٦٢.
٢٠٨ - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٨٧٣, ٨٨٥.

**٤٩- (تانە, تەوانـج):**

**من ئەگەر ڕاست بێ, پیرێکی ژیر بم**
**نابێ لە تانەی دوژمن دلگیر بم**
**ئەبێ ئەو خوڵقە خراپەم چاك كەم**
**خۆم لە تەوانجی بەدگۆ بێ باك كەم [٢٠٩]**

**هەردوو وشەی (تانە , تەوانـج) هاو واتای یەكن یەك واتا دەبەخشن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون. لە دیالێكت و شێوەزار جیاوازن, وشەی (تەوانـج) ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری بەكاری دەهێنن , وشەی (تانە) لە ڕۆژ هەلأتی كوردستان زیاتر بە كاردێت. هەروەها وشەی (پەلار) دەبێتە هاو واتای هەردوو وشەی (تەوانـج , تانە), بەلأم وشەی (پەلار) لە ناوچەی هەولێر زیاتر بەكاردێت. وشەی (تانە) لە زمانی توركی بە واتای (دانە) دێت.**

**٥٠- (سپڵە, بەدنمەك):**

**بەلأم لە پیاوی سپڵە مەبوورە**
**چونكە بەدنمەك لە وەفا دوورە [٢١٠]**

**هەر دوو وشەی (سپڵە , بەدنمەك) یەك واتا دەبەخشن هاو واتای یەكن , بە واتای ئەوە دێت كەسێك چاكەی لە بەر چاو نە بێت و خراپەت لەگەڵ بكات لە كاتێك دا تۆ زۆر چاكەت لەگەڵ كردبێت و مەنەتی بە چاكەكانت نە بێت بەو جۆرە كەسانە دەڵێن ( سپڵە یان بەدنمەك). هاو واتای ناتەواون چونكە لە دیالێكت و شێوەزاری دەربڕین جیاوازن.**

**٥١- (قیامەت, مەحشەر):**

**بە مەلایان گوت قیامەت كەیە؟**
**وتی كە مردی محشەر ئەوەیە [٢١١]**

**هەردوو وشەی (قیامەت , مەحشەر) هاو واتای یەكن یەك واتا دەبەخشن , لە جۆری هاو واتای ناتەواون. زۆری جار لە جیاتی وشەكانی (قیامەت , مەحشەر) بەكاربەهێنن دەڵێین (ڕۆژی دوایی یان ئاخر زەمان یان كۆتای دونیا), ئەمانەش هاو واتای وشەی (قیامەت , مەحشەر)ن.**

---

[٢٠٩] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٨٩٩.**
[٢١٠] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٩٠١.**
[٢١١] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٩٢٠.**

**٥٢- (ئاین, دین):**

**ئاینی ئیسلام وا قالّ کراوە**
**هیچ قۆرت و قەڵبەی تیادا نەماوە**

**ئێمە ئەو دینە پاکە جێد ێڵێن**
**لەسەر ئادابی ئەوروپا وێڵێن [٢١٢]**

**(دین ) وشەیەکی عەرەبییە, هاو واتاکەی بە زمانی کوردی وشەی (ئاین)ە , هاو واتای ناتەواون. ئەگەر وشەی (دین), بە گۆڕین بە وشەی (ئاین) ئەوا واتای دێڕە هەڵبەستەکە ناگۆڕێت.**

**تەوەری دووەم:**

## ٣-١: فرە واتا لە پەندەکانی (پیرەمێرد)دا:

**١- گەورە: وشەیەکی فرە واتایە .**

**گەورە: ١- زل . ٢- زەلام . ٣- پایە بەرز . ٤- سەرۆك (سەرۆك کۆمار) . ٥- پیر, بە تەمەن. ٦- سەردار . ٧- بەڕێوەبەری ماڵ . ٨- نۆبەرە (یەك منالّی دایك و باوکێك). ٩- بەر پرس ١٠- گەورەی دارستان(شێر). ١١- دەسەلاّتدار.[٢١٣] واتاکانی وشەی گەورە زۆرە لە فەرهەنگ دا هاتووە, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستوان بەم واتایە دێت:-**

**١- گەورە: بە واتای سەرۆك (سەرۆك کۆمار).**

**گەورە کە یەك بن میللەت سەر دەخەن**
**دەڵێن دوو ڕێوی شێرێ کەوڵ ئەکەن [٢١٤]**

**لێرەدا وشەی (کەورە) بە واتای سەرۆك دێت , واتا ئەگەر سەرۆکەکان یەك بگرن میللەت سەر دەخەن. هەروەها (شێر) گیاندارە هەردەم بە گەورەی دارستان هاتووە, واتە سەرۆکی گیاندارن.**

---

[٢١٢] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل: ٩٤١ .**
[٢١٣] **- عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٧٣٧.**
[٢١٤] **- فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣,ل ٨:.**

٢- گەورە: بە واتای بەرپرس(مسئول) دێت.

وەختێ کەژن بوو بە گەورەی گەڕەك
با ئیتر ئێمە دەست بدەینە خەڕەك [٢١٥]

لێرەدا وشەی گەورە بە واتای (بەرپرس)دێت.واتە ئەگەر ژن بوو بە بەرپرسی گەڕەك .

٣- گەورە: بە واتای دەسەلاّتدار دێت.

قەت ڕێك ناکەون گەورەی ئەم شارە
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە [٢١٦]

لێرە دا وشەی گەورە بە واتای (دەسەلاّتدار) دێت, هەڵبەستوان مەبەستی ئەوەیە دەسەلاّتدارانی ئەم شارە ڕێك ناکەون.

٤- گەورە: بە واتای (زل) دێت.

ماکینەی گەورەی ئەلەکتریك هات
خوا یار بێ نووری فەن کەوتە ولاّت [٢١٧]

لەم دێڕە هەڵبەستە دا وشەی (گەورە) بە واتای (زل) دێت, مەبەستی (پیرەمێرد) واتە مەکینەی زۆر گەورەو زەبەلاحە.

٥- گەورە: بە واتای تەمەن دێت.

عەقڵ بە گەورە و بچووکی نی یە
کاری دیوانی بەربووکی نی یە [٢١٨]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گەورە) بە واتای تەمەن هاتووە, واتە مەبەستی (پیرەمێرد) مرۆڤ هەیە لە تەمەن گەورەیە بەلاّم بێ عەقڵە بیر و هەستی باش نیە, بەلاّم مرۆڤ هەیە تەمەنی بچووکە بەلاّم ژیرە عاقڵە زیرەکە.

---

[٢١٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩٠.
[٢١٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩٠.
[٢١٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧١.
[٢١٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٦١.

٦- گەورە: بە واتای زل دێت.

ئەڵەمان لەپێش شەڕی گەورەدا

ئەیانگوت لەگەڵ ئاسمان دەور ئەدا [٢١٩]

وشەی (گەورە) لەم دێڕە هەڵبەستەدا واتا باس لە چۆنیەتی شەڕەکە ئەکات کە زۆر زل بوو گەورە بووە.

٢- دۆست: وشەیەکی فرە واتایە.

دۆست: ١- خۆشەویستی لەنێوان دووکەس. ٢- هەواڵەتی. ٣- یار. ٤- خەزمایەتی.

٥- هاوڕێ.[٢٢٠] ٦- حەزلێکردن. ٧- ئاشقبوون.[٢٢١] واتاکانی وشەی (دۆست) زۆر بە کەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-

١-دۆست: بە واتای هاورێیەتی دێت.

تا خۆت دۆست نەبی, کەس نابێتە کەس

چەپڵە لێ نادرێ بە تەنها یەك دەست لە عاست [٢٢٢]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) بە واتای هاوڕێیەتی هاتووە.

٢- دۆست: بە واتای (خزمایەتی) دێت.

زۆر بەسەر دۆستا مەێی خەتەرە

تانەی دۆست لە تیر دوژمن بەدترە [٢٢٣]

لێرەدا وشەی (دۆست) بە واتای خزمایەتی دێت , واتە مەبەستی (پیرەمێرد) ئەوەیە کە زۆر بەبەر چاوی خزم مەڕۆ چونکە تانەی دۆست لە تیری دوژمن باشترە.

---

[٢١٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٩٤.

[٢٢٠] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٣٠٣.

[٢٢١] - مجید عبداللة ابراهیم , فەرهەنگی سەرچاوە , عەرەبی- کوردی , سلێمانی, ٢٠١٥, ل: ٤٠٠.

[٢٢٢] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل :١٣.

[٢٢٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤.

**٣- دۆست: بە واتای خۆشەویستی.**

**دۆستت ئەوەتە کە ئەتگرینێ**

**دوشمن ئەوەتە پێت پێ ئەکەنێ[٢٢٤]**

**لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) واتای خۆشەویستی دەگەینێت.**

**٤- دۆست: بە واتای هەواڵەتی دێت.**

**تیری دۆست لە پێی (ژیان) درا بوو**

**زۆراب بە تیغی ڕۆستەم کوژرابوو [٢٢٥]**

**لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) بە واتای هەواڵەتی دێت.**

**٥- دۆست: بە واتای هاوڕێیەتی دێت.**

**مەدحی ڕووبەڕوو پیاو ئەدا بەشوو**

**زۆر دۆستی سەر نان بە دوژمن دەرچوو [٢٢٦]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەشدا دیسان وشەی (دۆست) بە واتای هاوڕێیەتی دێت.**

**٦- دۆست: بە واتای خۆشەویستی دێت.**

**کە دۆستت ڕۆیی و تۆ بێ وەفا بووی**

**دیارە لە ڕێزەی پیاوەتی دەرچووی [٢٢٧]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) بە واتای خۆشەویستی دێت.**

**٧- دۆست: بە واتای هاوڕیەتی دێت.**

**هاونیشینی بەد زوو تەئسیر ئەکا**

**زۆر دۆستی گیانی لێ داگیر ئەکا [٢٢٨]**

---

[٢٢٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٨.

[٢٢٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٨.

[٢٢٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٦٥.

[٢٢٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١١٩.

[٢٢٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١١٧.

**وشەی (دۆست) بە واتای هاوڕێیەتی هاتووە, واتە دۆستی گیانی مەبەستی هاوڕێ زۆر نزیکە هاوڕێی گیانی لە زمانی ئەنگلی**

**زی پێ دەڵێن ( close friend) .**

**٨- دۆست: هەواڵەتی دێت.**

**لەگەڵ یەك زاهیر دۆستی دەنوێنن**

**خەریكن ملی یەكتر بشكێنن [٢٢٩]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) بە واتای هەواڵەتی هاتووە.**

**٩- دۆست: بە واتای خزم (خزمایەتی) دێت.**

**نیشان بەو نیشان ئەمجارەی دەربەند**

**لای دۆست و دوژمن پشتمان لە یەك سەند [٢٣٠]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) بە واتای خزم هاتووە, واتە , مەبەستی (پیرەمێرد) لای خزمەكان و دوژمەنەكان پشتمان لە یەك كرد.**

**١٠- دۆست: بە واتای هاوڕێیەتی دێت.**

**ئەوەی دوژمنە و بە زمان دۆستە**

**(الخناس)یكە ئادەمی پۆستە [٢٣١]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) ب واتای هاوڕێیەتی هاتووە.**

**١١- دۆست: بە واتای هاوڕێیەتی دێت.**

**هەزار دۆستت بێ هێشتاكو كەمە**

**تەنها دوژمنێ زۆر زۆر ستەمە [٢٣٢]**

**دیسان لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دۆست) بە واتای هاوڕێیەتی هاتووە.**

---

[٢٢٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٣٢.

[٢٣٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٣٧.

[٢٣١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤٤.

[٢٣٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤٥.

**١٢- دۆست: بە واتای هەواڵەتی دێت.**

**ئەو دوژمنانەی لە ڕوودا دۆستن**

**بۆ هەڵ دەگەڕێن چاوەڕێی پۆستن [٢٣٣]**

**وشەی (دۆست) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای هەواڵەتی هاتووە.**

**٣- چاکە: وشەیەکی فرەواتایە.**

**چاکە: ١- پیاوەتی. ٢- مرۆڤایەتی. ٣- یارمەتی دان. ٤- خێرکردن. ٥- باش بوون.[٢٣٤] واتاکانی وشەی (چاکە) زۆر بە کەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١-چاکە: بە واتای (باش بوون) دێت.**

**نیەتت چاك بێ ئیش دەبەیتە سەر**

**درەخت(زڕ) نەبێ, هەر بۆت دێتە بەر [٢٣٥]**

**لێرەدا وشەی (چاك) بە واتای باش دێ مەبەستی (پیرەمێرد) ئەگەر نیەتت باش بێ.**

**٢- چاکە : بە واتایخێرکردن دێت.**

**تۆ چاکە بکەو بیدە بە ئاوا**

**خەڵکیش نەزانێ, لای خوا نووسراوە [٢٣٦]**

**لەم دێرە هەڵبەستەش وشەی (چاکە) بە واتای خێرکردن دێت. واتە مەبەستی (پیرە مێرد) خێرکردن لەگەڵ کەسێك کە نەیناسی بیکە بەڵام لای خوا وون نابێت.**

**٣-چاك: بە واتای (مرۆڤایەتی) دێت.**

**ئەو لادتان بە ناز پەروەردە مەکەن**

**چاك نابن خۆتان ڕەنج بردە مەکەن [٢٣٧]**

---

[٢٣٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٣٢٠.

[٢٣٤] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل١٩٧.

[٢٣٥] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل :١٣.

[٢٣٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤.

[٢٣٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٥.

لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (چاك) بە واتای مرۆڤایەتی دێت.

٤- چاك: بە واتای (باش بوون) دێت.

ئەولادتان  بە ناز پەروەردە مەکەن
چاك نابن خۆتان ڕەنج بردە مەکەن [٢٣٨]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (چاك) بە واتای باش هاتووە.

٥- چاك: بە واتای (خێر کردن) دێت.

هەرچی  چاکەی کرد, چاکەی دێتەڕێ
درەخت  بنێژی دیارە  بەر دەگرێ [٢٣٩]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (چاك) , دوو جار دووبارە بۆتەوە بە واتای خێرکردن هاتووە لە هەر دوو جار دا.

٦- چاك: بە واتای جارێك (مرۆڤایەتی), جارێك (باش بوون) دێت.

ئەگەر من چاك بم عالەم بۆم چاکە
بەڵام مرە مڕ شەڕی سەر لاکە [٢٤٠]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا دوو جار وشەی (چاك) دووبارە بۆتەوە , لە جاری یەکەمدا بە واتای مرۆڤایەتی هاتووە, بەڵام لە جاری دووەم بە واتای باش بوون هاتووە.

٧- چاك: بە واتای (باش بوون, باشە) دێت.

بە کەسێکیان گوت پیاوێکی چاکە
بۆیە پێی ئەڵێن کە شیری پاکە [٢٤١]

وشەی (چاك) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای باشە دێت.

[٢٣٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٥.
[٢٣٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤٦.
[٢٤٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٢٤.
[٢٤١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٤٥.

**٨- چاك : بە واتای (پیاوەتی) دێت.**

**ئێستری چەمووش چاکەی پێ ناوێ**

**لەسەر ئالیکیش جووتە دەهاوێ [٢٤٢]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (چاك) بە واتای پیاوەتی هاتووە.**

**٩- چاك: بە واتای (مرۆڤایەتی) دێت.**

**چەن خۆشە ئینسان بە ڕووێکی پاك**

**دۆست و بێ باك بێ بە کردەوەی چاك[٢٤٣]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (چاك) بە واتای مرۆڤایەتی هاتووە.**

**١٠- چاك : بە واتای (باش بوون) دێت.**

**وا چاوت لێ یە کە کۆچی خێڵە**

**ناوی چاك لە شوێن خۆت بەجێ بێڵە [٢٤٤]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (چاك) بە واتای باش بوون هاتووە.**

**٤- هیوا: وشەیەکی فرە واتایە.**

**هیوا: ١-ئومێد . ٢- ناوە بۆ مرۆڤێکی (نێر)[٢٤٥]. واتاکانی وشەی (هیوا) زۆر بە کەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- هیوا: بە واتای (ئومێد) دێت.**

**بە هیوای هاوسێ بێ چێشت ئەمێنێ**

**چاوەڕێی دەست بی, هەر خەو ئەبینی[٢٤٦]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (هیوا) بە واتای ئومێد دێت.**

---

[٢٤٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٦٤.

[٢٤٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٨٤.

[٢٤٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٤٨.

[٢٤٥] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل١٠٢٣.

[٢٤٦] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل :١٢.

**٢- هیوا: بە واتای ئومێد دێت.**

**ئەوەی کە وەفای بۆ دوای خۆی نەبێ**
**ئیتر تۆ دەبێ هیوای چیت پێ بێ [٢٤٧]**

**دیسان وشەی (هیوا) بە واتای ئومێد دێت.**

**٣- هیوا: بە واتای ناوی نێر بۆ پیاوێك بە کار هاتووە.**

**گوناحی کەس نیە خەتای خۆمانە**
**جێگای هیوامان (گردی سەیوانە) [٢٤٨]**

**وشەی (هیوا) لەم دێڕە هەڵبەستە بۆ ناوی مرۆڤ (نێر) بە کارهاتووە, مەبەستی (پیرەمێرد) باس لە مردنی هاوڕێیەکی ئەکات کە مردووە لە گردی سەیوان کە دەکەوێتە شاری سلێمانی لەوێ نێژراوە.**

**٥- (دەست): وشەیەکی فرە واتایە.**

**دەست: ١- دەستی مرۆڤ واتا ڕەسەنەکەیەتی .٢- توانا. ٣- چەلەنگ. ٤-دەست کورت بە واتای(هەژار). ٥- دەست بە تاڵ بە واتای(بێ کار). ٦-دەست پێك بە واتای سەرەتایەك. ٧- دەست بڕ بە واتای دزی کردن یا فێڵکردن. ٨- دەست نوێژ بە واتای شۆردنی دەمو چاو بۆ نوێژکردن. ٩- دەست پاك بە واتای مرۆڤێکی ڕاستگۆ باوەڕ پێکراوە.١٠- دەست درێژ بە واتای شەڕکەر و ئاژاوە چی.١١- دەستەیە واتە بە کۆمەڵ.١٢- تاقم, ڕێز . [٢٤٩] واتاکانی وشەی (دەست) بە زۆر واتا هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١-دەست: بە واتای توانا دێت.**

**بەڵام وەك دەستمان خۆیشمان بلاَوین**
**یەك ئاگرین بۆیە وا بێ کلاَوین [٢٥٠]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دەست) بە واتای (توانا) دێت.**

---

[٢٤٧] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٦٥.**

[٢٤٨] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٤.**

[٢٤٩] **- عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل٣١٥.**

[٢٥٠] **- فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣ ,ل :٧٠.**

٢- دەست: بە واتای دەستبڕین و دزی کرن  و فێڵکردن دێت.

من دەوری حەربی عوموومیم دیوە

ئەوەی  بترسێ  دەستی  بڕیوە[٢٥١]

وشەی (دەست) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای (دزی کردن و فێڵ کردن) هاتووە.

٣- دەست: بە واتای دەست درێژ و ئاژاەچی دێت.

ئێستا وا لێمان کەوتنە بە هانە

بە دەست خەڵکەوە بێڵ زۆر ئاسانە [٢٥٢]

لەم دێرە ەڵبەستەدا وشەی (دەست) بە واتای خەڵکی بێزار کەر و ئاژەوچی هاتووە.

٤- دەست: بە واتای دەستی مرۆڤ واتا ڕەسەنەکەی خۆیەتی.

فۆرمەی وەزیفە کە بوو بە کفن

دەست وپێ لە پیاو ئەبێ بە دوژمن [٢٥٣]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دەست) بە واتا ڕەسەنەکەی خۆی هاتووە, واتای دەستی مرۆڤ دەگەیێنێت.

٥- دەست: بە واتای کۆمەڵ دێت.

ئێمە لە دەستەی سێیەم بەخیلین

لە چاو شاراندا بۆیە زەلیلین [٢٥٤]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دەست)ە بە واتای کۆمەڵ هاتووە.

٦- دەست: بە واتای (تاقم ,ڕێز )دێت.

ئەگەر نەمردین هەتا بەهار دێ

بۆ دەستەی ئێمە کورتان لە شار دێ [٢٥٥]

---

[٢٥١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧١.

[٢٥٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٣.

[٢٥٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١١٠.

[٢٥٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٢٨.

[٢٥٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤٢.

**مەبەستی (پیرەمێرد) واتە بۆ تاقمی ئێمە ڕێزی ئێمە کورتان لە شار دێ.**

**٧- دەست: بە واتای ڕەسەنەکەی خۆی ( دەستی مرۆڤ )دێت.**

**جیهان خاتوون چۆن دەست ئەکاتە مل**
**بیر ناچێتەوە قابیل و هابیل [٢٥٦]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دەست) بە واتای ڕەسەنەکەی خۆی دەست هاتووە.**

**٦- خاڵ: وشەیەکی فرە واتایە.**

**(خاڵ): ١- وشەی بانگ کردن بە برای دایك. ٢- بە واتای خاڵ بەندی دێت. ٣- خاڵی بە واتای بەتاڵ دێت. ٤- بە واتای خاڵ خاڵ واتە پەڵە پەڵە. ٥- بە واتای خاڵ لە ڕوو. ٦- بە واتای خاڵ مافۆر دێت. ٧- خاڵ بە واتای پاك و تەمیز دێت.[٢٥٧] واتاکانی وشەی (خاڵ) بە زۆر واتا هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- (خاڵ): بە واتای بانگ کردن بە برای**

**بە خاڵۆ خاڵۆ هات بە لامەوە**
**بوو بە تولە مار دای بە پامەوە [٢٥٨]**

**وشەی (خاڵ) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای بانگ کردن بە برای دایك هاتووە.**

**٢- (خاڵ): بە واتای خاڵی سەر ڕوو دێت.**

**بە کەر ناوێرن بە کورتان شێرین**
**وەك سوورە واڵەین بە خاڵمان فێرین [٢٥٩]**

**لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (خاڵ) بە واتای خاڵی سەر ڕوو هاتووە.**

---

[٢٥٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١١٧.

[٢٥٧] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٢٣٧.

[٢٥٨] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل :١٩.

[٢٥٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩١.

**٧- (ئەمین)؛ وشەیەکی فرە واتایە.**

**(ئەمین)؛ ١- دەس پاك و ڕاست . ٢- جێ متمانە. ٣- ناوە بۆ مرۆڤێکی (نێر). [٢٦٠] ٤-جێ باوەڕ.٥- دڵنیا, ئاسودە. ٦- خوایە لێم وەربگرە.[٢٦١] واتاکانی وشەی (ئەمین) زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- (ئەمین)؛ بە واتای ناوی مرۆڤ بۆ (نێر) هاتووە.**

**(حاجی ئەمین)یش ما چۆ بواچە**
**نوێژی جعفەری و تشریبی پاچە [٢٦٢]**

**وشەی (ئەمین) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای ناوی مرۆڤ بۆ (نێر) هاتووە .**

**٢-(ئەمین)؛ بە واتای باوەر پێکراوە جێ متمانە دێت.**

**منیش ئیمانم بەوە مەتینە**
**عالی بەکار دائیم ئەمینە [٢٦٣]**

**لەم دێڕە هەڵبستەدا وشەی (ئەمین) بە واتای جێ متمانە , باوەڕ پێکراو دێت.**

**٨- چا؛ وشەیەکی فرە واتایە.**

**چا: ١- چایی. ٢- کێو , چیا. ٣- بیر , چاڵ. ٤-چا بۆتەوە. ٥- ساغ.[٢٦٤] واتاکانی وشەی (چا) زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- چا: لە جاری یەکم بە واتای چاك بوونەوە دێت, لە جاری دووەمدا بە واتای چایی خواردنوە دێت.**

**کە ئێمە سەعات باش چا بکەینەوە**
**پارەمان نابێ چا بخۆینەوە [٢٦٥]**

---

[٢٦٠] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٢٦.

[٢٦١] - مجید عبداللة ابراهیم , فەرهەنگی سەرچاوە , عەرەبی- کوردی , سلێمانی, ٢٠١٥, ل: ١٣٧.

[٢٦٢] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب ,٢٠١٤,چ٣,ل :١١٦.

[٢٦٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١١٦.

[٢٦٤] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ١٩٥.

**لە نیوە دێڕی یەکمدا وشەی (چا) بە واتای چاك بوونەوە هاتووە, لە نیوە دێڕی دووەمدا (چا) بە وای چایی خواردنەوە هاتووە.**

**٩- دانا: وشەیەکی فرە واتایە.**

**دانا: ١- زانا. ٢- زۆرزان, ٣- داهێنەر. ٤- دانا وەك ناولێنانی مرۆڤ بۆ (نێر).** [٢٦٦] **واتاکانی وشەی (دانا) زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- دانا: بە واتای جاری یەکەم (داهێنەر) جاری دووەم(زانا) لە جاری سێیەم (داهێنەر) دێت.**

**ئایینی ئیسلام تەساویی دانا**
**بەڵام فەزڵیشی بۆ دانا دانا** [٢٦٧]

**لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی (دانا) بە واتای داهێنەر دێت. لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (دانا) بە واتای زانا هاتووە, وە دیسان لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم وشەی (دانا) بە واتای داهێنان هاتووە.**

**٢- دانا: بە واتای داهێنان دێت.**

**بێ شەرمی شەڕی زۆر لێ قەوماوە**
**لەبەر ئەوە خوا شەرمی داناوە** [٢٦٨]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (دانا) بە واتای داهێنان هاتووە.**

**١٠- تازە: وشەیەکی فرە واتایە.**

**تازە: ١- نوێ. ٢- باش, چاك , پەسند. ٣- تازە دروستکراو . ٤- تازە داهاتوو. ٥- ئێستا.** [٢٦٩] **واتاکانی وشەی (تازە) بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- تازە: بە واتای نوێ دێت.**

---

[٢٦٥] -- **فایق هۆشیار-** مصطفى صالح كريم- محمود احمد محمد- محمد نوری- **احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣,ل: ٩٢٣.**

[٢٦٦] عبدالرحمن شرفكندی**(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٢٨٥.**

[٢٦٧] - **فایق هۆشیار-** مصطفى صالح كريم- محمود احمد محمد- محمد نوری- **احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣,ل: ٨٥٤.**

[٢٦٨] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩٤١.**

[٢٦٩] - عبدالرحمن شرفكندی**(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ١٤٠.**

**که (بامیه)ی تازە و (تەماتە) دەرچوو**

**با بڵێین , ڕۆستەم مێ بوو یا نێر** [٢٧٠]

**لێرە دا وشەی (تازە) بە واتای نوێ هاتووە , واتە تازەیە نوێیە .**

**٢- تازە: بە واتای ئێستا , نوهادێت.**

**تازە وەستا حمەد شەو ڕوو دۆز ئەکا**

**بەر دوکانەکەی تەپ و تۆز ئەکا** [٢٧١]

**لەم دێڕە هەڵبەستەا وشەی (تازە) بە واتای ئێستا , نوها هاتووە.**

**٣- تازە: بە واتای ئێستا, نوها دێت.**

**بە (تلی لی لی) مانگای بۆ دەبەن**

**ئەم بێ شەرمی یە تازە کەوتە بەین** [٢٧٢]

**لێرە دا وشەی (تازە) بە واتای ئێستا نوها, هاتووە.**

**٤- تازە: بە واتای نوها, ئێستا دێت.**

**تازە دەوڵەمەند خانوو ئەکڕن یا**

**ئۆتۆمبیلی تیا لێ ئەخوڕن** [٢٧٣]

**دیسان لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (تازە) بە واتای ئێستا, نوها, هاتووە.**

**١١- وەستا: وەشەیەکی فرە واتایە.**

**وەستا: ١- لە بزاو کەوتو (ئاشەکەمان وەستا). ٢- ماندو.٣- وەستام لە کار. ٤- تۆ کارزانی. ٥- بە ڕاوەستانەوە.** [٢٧٤] **واتاکانی وشەی (وەستا) زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

---

[٢٧٠] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣ ,ل :١٠٦.

[٢٧١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٢٠.

[٢٧٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٣٥٢.

[٢٧٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٨١.

[٢٧٤] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٩٣٣.

**١- وەستا: بە واتای بەڕاوەستانەوە دێت.**

**ئەوەی بە توندی لە جێی خۆی هەستا**

**کاتێك ڕوانی ماندوو بوو وەستا** [٢٧٥]

**لێرەدا وەشەی (وەستا) بە واتای ڕاوەستان هاتووە .**

**٢- وەستا: بە واتای وەستای کارزان , وەستاکار دێت.**

**هەر موویە لە ڕیز ڕیزەوە تێپەڕێ**

**مەقەستی وەستای دەلاك ئەبیڕێ** [٢٧٦]

**لێرە دا وشەی (وەستا) بە واتای وەستای کارزان , وەستا کار ئەو کەسەی کە کار ئەکات و لێزانە , هاتووە.**

**٣- وەستا: بە واتای کارزان دێت.**

**بە عەشایەریی دەعوا حەل دەکەن**

**شاگر شەق ئەخوا و وەستا تێ دەخەن** [٢٧٧]

**وشەی (وەستا) لەم دێڕەهەڵبەستەدا بە واتای کارزان هاتووە.**

**٤- وەستا: بە وتای لە جاری یەکەمدا (ڕاوەستان) , لە جاری دووەمدا (وەستای کار, کارزان) دێت.**

**تا پێکوڕی خۆت لە لا وەستا بێ**

**بێگانەت نەوێ, با لات وەستا بێ** [٢٧٨]

**لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (وەستا) بە واتای (ڕاوەستان) هاتووە, بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (وەستا) بە واتای (کارزان, وەستایکار) هاتووە.**

---

[٢٧٥] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب ,٢٠١٤,چ٣,ل :٢١.

[٢٧٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٨٩.

[٢٧٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩٥.

[٢٧٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٨٤٨.

**١٢- مەکە: وشەیەکی فرە واتایە.**

**مەکە: ١-شاری کعبەی موسلمانان. ٢- ئەو شتە یا کارە مەکە. ٣- نەکردن, نەفیکردن.** [٢٧٩] **واتاکانی وشەی (مەکە) زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- مەکە: بە واتای نەکردن , نەفیکردن دێت.**

**هەرچەندە دۆست لە لات وەك براو کەسە**
**هێندە ئامشۆی مەکە , پێت بڵێن بەسە !** [٢٨٠]

**لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (مەکە) بە واتای (نەکردن) هاتووە. واتە وا مەکە.**

**٢- مەکە: بە واتای (کەعبەی پیرۆز, بە واتای نەکردن) دێت.**

**کەرەکەی عیسا ببەنە مەککە**
**بڵێن , گۆڕاوە تۆ باوەڕ مەکە** [٢٨١]

**لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (مەککە) بە واتای کەعبەی پیرۆزی موسڵمانان هاتووە, لە نیوە دێڕی دووەمدا بە واتای (نەکردن) هاتووە.**

**٣- مەکە: بە واتای (نەکردن, کەعبەی پیرۆز) دێت.**

**کەسی هیوادار نائومێد مەکە**
**خێرت ئەنووسێ بەقەد ڕێی مەککە** [٢٨٢]

**لە نیوەدێڕی یەکەمدا وشەی (مەکە) بە واتای (نەکردن , نەفیکردن) هاتووە, لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (مەکە) بە واتای کەعبەی پیرۆز موسڵمانان هاتووە.**

**٤- مەکە: بە واتای ئەو شتە یا ئەو کارە مەکە دێت.**

**لە هیچ ئیشێکدا بە دڵی مەکە**
**لە کاری گەڵدا سەرچڵ مەکە**[٢٨٣]

---

[٢٧٩] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , **فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە** , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٨٣١.

[٢٨٠] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, **پەندەکانی پیرەمێرد**, ب , ٢٠١٤ ,چ٣,ل :١١.

[٢٨١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٦.

[٢٨٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٣٣٩.

**له هەردوو نیوه دێڕ وشەی (مەکه) یەك واتای هەیه , به واتای ئەو شته یا کاره مەکه هاتووه.**

**١٣- شیر: وەشەیەکی فره واتایه.**

**شیر: ١- شمشێر. ٢- ئەو شیرەی که له گوانی ئاژەل دەدۆشرێت. ٣- شیری خۆراك.[٢٨٤] واتاکانی وشەی (شیر) زۆر بەکەمی هاتووه له فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیه له ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانه دێت:-**

**١- شیر: به واتای شیری له گوانی ئاژەل , شیری خۆراك, دێت.**

**بێ (دۆ) به هیوای شیری مەڕ ئەژی**
**کاتێکی زانی بەرخ مەڕی مژی [٢٨٥]**

**لەم دێڕه هەڵبەستەدا وشەی (شیر) به واتای , شیری خۆراك, ئەو شیرەی له مەڕ دەدۆشرێت , هاتووه.**

**٢- شیر: به واتای جارێك (شیری خۆراك), جارێك (شیری شمشێر) دێت.**

**یەکێکیان شیری بەر دایکیەتیه**
**ئەوی تر شیری حکومەتی یه**
**شیری حکومەت دەست هەرکەس درا**
**وەك یەك دەبڕێ دوژمن و برا ! [٢٨٦]**

**له نیوه دێڕی یەکەمدا وشەی (شیر) به واتای , شیری خۆراك هاتووه, به لاّم له نیوه دێڕی دووەم لەگەڵ دێڕی دووەم دوو جار وشەی (شیر) هەیه , هەر دوو جار به واتای شیری شمشێر هاتووه.چونکه باس له دەست بڕین و کوشتن دەکات.**

**٣- شیر: به واتای شیری خۆراك دێت.**

**کەڵه شێر تا کۆڵ بدا به گیره**
**فیتنه هەوێنی نۆ قازان شیره [٢٨٧]**

**لەم دێڕەدا وشەی (شیر) به واتای شیری خۆراك هاتووه.**

---

[٢٨٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٦٠.

[٢٨٤] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانه بۆرینه , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٤٩٧.

[٢٨٥] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣,ل : ٨٤.

[٢٨٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٤٥.

[٢٨٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٣٣٠.

٤- شیر: بە واتای شیری خۆراك دێت.

تۆ بۆنی شیری خاوەت لە دەم دێ
کە ڕێ نازانی چۆن دەگەیتە دێ؟ [٢٨٨]

دیسان لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (شیر) بە واتای شیری خۆراك هاتووە , باس لە شیری مەمکی دایك دەکات.

٥- شیر: بە واتای شیری خۆراك دێت.

کە شیرت خستە سەر ئاگری گڕ
بە جۆش هەڵدەچێ و ئەڕژێ کوتوو پڕ [٢٨٩]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (شیر) بە واتای شیری خۆراك , هاتووە.

٦- شیر: بە واتای جارێك (شیری شمشێر), جارێك (شیری خۆراك) دێت.

شیر کە یەك ڕوو ئالەتی شەڕە
شانە دووڕووە وا لە سەر سەرە
ناڵێن کە شیرە تۆڵە ئەسێنێ
هەر ژن بە شانە سەری دادێنێ
تا شیرت ئەبڕێ شێرانە هەستە
ناوی پیاوەتیت بمێنێ بەستە [٢٩٠]

لەم سێ دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (شیر) واتای جیا دەبەخشێت, لە دێڕی یەکەمو دووەمدا وشەی (شیر) بە واتای شیری شمشێر هاتووە, بە لاَم لە دێڕی سێیەمدا وشەی (شیر) بە واتای شیری خۆراك هاتووە.

٧- شیر: بە واتای (شیری شمشێر) دێت.

ئێستا ئەو شیرە ژەنگی هێناوە
تیژی و بڕشتی کۆنی نەماوە [٢٩١]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (شیر) بە واتای شیری شمشێر, هاتووە.

---

[٢٨٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٦٠.
[٢٨٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٩٥.
[٢٩٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٨٣٠.
[٢٩١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٨٧٠.

**١٤- سەرمایە: وشەیەکی فرە واتایە.**

**سەرمایە: ١- سەرمایەی دەسکەوت. ٢- سەرما وەرز. ٣- سەر ساخ و سەلامەت. ٤- نەخۆش کەوتنە بە سەرما. ٥- سامان و سەر وەت. ٦- دەوڵەمەندبوون. [٢٩٢] واتاکانی وشەی (سەرمایە) زۆرهاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- سەرمایە: بە واتای (سەرمایەی دەست کەوت) دێت.**

**سەرمایە بۆ خۆت , زەکات بۆ خودا**
**چاکتر بەر ئەدا [٢٩٣]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (سەرمایە) بە واتای سەرمایەی دەسکەوت , هاتووە.**

**٢- سەرمایە: بەواتای جارێك (دەوڵەمەندی), جارێك(سەرما وەرز) دێت.**

**ئێستا ئەو بایە بوو بە سەرمایە**
**با بەهاریش بێ ئەڵێ: سەرمایە [٢٩٤]**

**لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (سەرمایە) بە واتای دەوڵەمەندی هاتووە, بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (سەرمایە) بە واتای سەرما وەرز هاتووە.**

**٣- سەرمایە: بە واتای جارێك (سامان و سەروەت), جارێك (سەرما و سارد) دێت.**

**پیاو بێ سەرمایە کوشتەی سەرمایە**
**با لەو کونەوە تا بێ سەرمایە [٢٩٥]**

**وشەی (سەرمایە) سێ جار دووبارە بۆتەوە لە م دێڕە هەڵبەستەدا, لە جاری یەکەم بە واتای سەروەت و سامان هاتووە, لە جاری دووەم و سێیەمدا بە واتای سەرما و ساردی هاتووە.**

**٤- سەرمایە: بە واتای (ساردی و نەخۆشی ) دێت.**

---

[٢٩٢] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , **فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە** , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٤٤٢.

[٢٩٣] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, **پەندەکانی پیرەمێرد**, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل ١٤:.

[٢٩٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٣٠٢.

[٢٩٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٣٥٤.

**کەچی بە سەرمایش (کەسیرە) ئەبین**

**باێیکی لێ داین لە (برە) ئەچین** [٢٩٦]

**وشەی (سەرمایە) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای سەرما وساردی و نەخۆش کەوتن , هاتووە.**

**٥- سەرمایە: بە واتای (سەرمایەی دەستکەوت) دێت.**

**بە (مازوو) لە دەست چووبوو سەرمایە**

**ئەیویست بە (سیچکە) بێتەوە کایە** [٢٩٧]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (سەرمایە) بە واتای سەرمایەی دەستکەوت , هاتووە.**

**١٥- کەوا : وشەیەکی فرە واتایە.**

**کەوا: ١- باڵاَ پۆشی ئاودامانی پیاوان. ٢- باڵاَ پۆشی بەرپشتێند. ٣- کەڵە شاخی خوێن بەردان. ٤- کولەجەی لۆکە تێخراو, دار لۆکە. ٥- کەوا وەك ئامرازی پەیوەندی بەکاردێت.٦- کەوای شاخەڵی مەلا.[٢٩٨] واتاکانی وشەی (کەوا) زۆر بەکەمی هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- کەوا: بە واتای (باڵاَپۆشی ئاودامانی پیاو) دێت.**

**کەواکەی خۆمە ئەیکەیتە بەرم**

**ڕۆنەکەی خۆمە ئەیدەیتە سەرم** [٢٩٩]

**وشەی (کەوا) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای باڵاَپۆشی ئاودامانی پیاو, هاتووە.**

**٢- کەوا: بە واتای (باڵاَپۆشی بەرپەشتێند) دێت.**

**هەوڵی وەظیفە ئەدەن تێر ناخۆن**

**تا دیسانەوە دەبنە کەوا کۆن** [٣٠٠]

**وشەی (کەوا) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای باڵاَپۆشی بەر پەشتێند, هاتووە.**

---

[٢٩٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٣٩.

[٢٩٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٥٠.

[٢٩٨] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٦٧١.

[٢٩٩] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل :٤٨.

[٣٠٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩٧.

**٣- کەوا: بە واتای جارێك (ئامرازی پەوەندی), جارێك(باڵاپۆشی ئاودامانی پیاو) دێت.**

**کەوا بێ بۆ چ هەر باوی (کەوا) بێ**
**ئەوەی (کەوا) بێ کە مەردی تیا بێ [٣٠١]**

**وشەی (کەوا) سێ جار لەم دێڕە هەڵبەستەدا هاتووە, لە جاری یەکەم وەك ئامرازی پەیوەندی هاتووە, لە جاری دووەم و سێیەمدا وەك باڵاپۆشی ئاودامانی پیاو, هاتووە.**

**٤- کەوا: بە واتای جارێك (ئامرازی پەیوەندی), جارێك (کولەجەی لۆکە تێخراو, دار لۆکە) دێت.**

**ئەو درەختانەی کەوا بێ بەرن**
**ئەشێ هەر وەکوو (کەوا) ببڕن [٣٠٢]**

**لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (کەوا) بە واتای ئامرازی پەیوەندی هاتووە, بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (کەوا) بە واتای کولەجەی لۆکە تێخراو, دار لۆکە هاتووە.**

**٥- کەوا: بە واتای ئامرازی (پەیوەندی) دێت.**

**ئەوانەی کەوا کاریان بە دەستە**
**کە هات لە ڕێیا بوون بە دوو دەستە [٣٠٣]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (کەوا) بە واتای ئامرازی پەیوەندی هاتووە.**

**٦- کەوا: بە واتای (ئامرازی پەیوەندی) دێت.**

**کەوا بێ خۆشی جیهان بۆ دڵە**
**زەوقی روحیشت بە دڵ حاصڵە [٣٠٤]**

**وشەی (کەوا) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای ئامرازی پەیوەندی هاتووە.**

---

[٣٠١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٢٣.
[٣٠٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٦٣.
[٣٠٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٨٣.
[٣٠٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٨٧.

**٧- کەوا: بە واتای (ئامرازی پەیوەندی) دێت.**

**ئەوانەی کەوا سەرکەوتن تەواو**

**بە فیداکاری لاوان هاتنە ناو** [٣٠٥]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (کەوا) بە واتای ئامرازی پەیوەندی هاتووە.**

**٨- کەوا: بە واتای (بالآپۆشی بەر پەشتێند) دێت.**

**تۆ تووڕە مەبە, دنیاکە وایە**

**وەك (سەعدی) وتی, نان بۆ کەوایە** [٣٠٦]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (کەوا) بە واتای بالآپۆشی بەر پەشتێند, هاتووە.**

**١٦- کەرە: وشەیەکی فرە واتایە.**

**کەرە: ١- ئاژەڵی گوێ درێژ. ٢- فرۆیەك کە لە قەفە قامیش گەرەم دەکرێ. ٣- کڵوە بەفری ورد. ٤- کەسێکی بە تەمەن گوێ بیستی دەنگ نە بێ. ٥- ئەو ڕۆنە یەکە لە شیری ئاژەڵ کۆ ئەبێتەوە. ٦- ناوچەیەکە لە کوردستان. ٧-کەرو برش.٨- مرۆڤی بێ عەقڵ دە وترێ کەرە.** [٣٠٧] **واتاکانی وشەی (کەرە) زۆر هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- کەرە: بەواتای (ئاژەڵی گوێ درێژ) دێت.**

**تووڕەکەی جۆ, بۆ کەری دێز پێوی**

**تۆپینی دەوێ و زەرەری خێوی** [٣٠٨]

**وشەی (کەرە) بە واتای ئاژەی گوێ درێژ هاتووە , لەم دێڕە هەڵبەستەدا.**

**٢- کەرە: بە واتای (ئاژەڵی گوێ درێژ) دێت.**

**کەرەکەی عیسا ببەنە مەککە**

**بڵێن گۆڕاوە, تۆ باوەر مەکە** [٣٠٩]

---

[٣٠٥] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٨٦١.**

[٣٠٦] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩١٠.**

[٣٠٧] - عبدالرحمن شرفکندی**(هەژار) , فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٦٥٥.**

[٣٠٨] - **فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب ,٢٠١٤,چ٣,ل :١١.**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (کەرە) بە واتای ئاژەڵی گوێ درێژ هاتووە.**

**٣- کەرە: بە واتای جارێك (ئاژەڵ گوێ درێژ), جارێك (مرۆڤی بێ عەقڵ) دێت.**

**کەرەکەی عوزێریش لە قورئانایە**
**بەعسەتی ئەویش زۆر بە مانایە**
**ئەڵێن ئەو کەرە تەنها زەڕیوە**
**نێرە مووك بووەو هیچ نە پەڕیوە**
**خۆ کەری عیسایش نەتەوی نی یە**
**نازانم ئەوە حیکمەتی چی یە؟**
**ئێستا کەرێکی دەجاڵمان ماوە**
**هێشتا کورتانی بۆ نە دووراوە**
**تەرسی کەرەکەی دەجاڵ خورمایە**
**بۆ ئەو خورمایە خەڵکی لە دوایە** [٣١٠]

**وشەی (کەرە) پێنج جار دوو بارە بۆتەوە لە هەموو شوێنەکان بە واتای ئاژەڵی گوێ درێژ هاتووە. تەنها لە کۆتای ئەم هەڵبەستەدا وشەی (کەرە)کە, بە واتای مرۆڤی بێ عەقڵ هاتووە .**

**٤- کەرە: بە واتای (ئاژەڵی گوێ درێژ) دێت.**

**ڕەسەن بۆ نا سوار, ئاو زەنگی نادا**
**کەرە هەرچی هەستا سواری بوو پیادا** [٣١١]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (کەرە) بە واتای ئاژەڵی گوێ درێژ هاتووە.**

**٥- کەرە: بە واتای جارێك (فرۆیەك کە لە قەفە قامیش گەرەم دەکرێ), جارێك (مرۆڤی بێ عەقڵ) دێت.**

**تۆ تێری ئەکەی لە نان و کەرە**
**ئەو کە تێری خوارد پێت ئەڵێ کەرە**
**منیش شەوێکیان خۆم ئەمەم گوێ لێ بوو**
**تاریك بوو یەکێ کە لە سەر ڕێ بوو**

---

[٣٠٩] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٦.**
[٣١٠] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٠٢- ٢٠٣.**
[٣١١] - **هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٢٩.**

**ئەیگوت ئەم کەرە بۆ چی وا دەکا**
**ئەم هەموو  چێشتە چۆن پەیدا دەکا** [٣١٢]

**لەم چەند دێرە هەڵبەستەدا وشەی (کەرە) سێ جار دووبارە بۆتەوە, لە جاری یەکەم وشەی (کەرە) بە واتای فرۆیەك کە لە قەفە قامیش گەرەم دەکرێ کە خواردنە , هاتووە, بە لاّم لە جاری دووەم و سێیەمدا بە واتای مرۆڤی بێ عەقڵ هاتووە.**

**١٧- گران: وشەیەکی فرە واتایە.**

**گران: ١- سەنگین , قورس. ٢- نرخی زۆرە , بەهایە.٣- بە شەرم و حەیاو لە سەر خۆ. ٤-توش بوونی دیلی و ئەسیری. ٥- کەوتنە زیندانەوە حەپسا. ٦- گوێ گران بوون. ٧- گرانە تا نەخۆشی. ٨- تەمەڵی و لەش گرانە. ٩- ئاخاوتنی نوسراوێك کە بە ئاسانی نە خوێندرێتەوە.١٠- نەبوونی قات وقوری.١١- کارێك نەتوانی بیکەی.** [٣١٣] **واتاکانی وشەی (گران) زۆر هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- گران: بەواتای (نرخی زۆرە, بەهایە) دێت.**

**نانەواخانە تەمیزو جوان بوو**
**لەو تۆڵەیەدا نۆکمان گران بوو** [٣١٤]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران) بە واتای نرخی زۆر, بەها هاتووە.**

**٢- گران: بە واتای (قورس) دێت.**

**بۆچ وتیان ڕۆژو ئێسکی گرانە**
**بە چاپێك ڕۆیی ئەو بەستەزمانە** [٣١٥]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران) بە واتای قورس هاتووە.**

**٣- گران: بە واتای (نەبوونی, قات و قوری) دێت.**

---

[٣١٢] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٩١٠- ٩١١.**

[٣١٣] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , **فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٦٨٧.**

[٣١٤] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, **پەندەکانی پیرەمێرد**, ب ,٢٠١٤,چ٣,ل :٢٩.

[٣١٥] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٣.**

شەڕی ئیتالیا گرانی پێیە

کەر لە کوێ کەوتو کوندە لە کوێیە [٣١٦]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران) بە واتای گرانی و نەبوونی و قات و قوری , هاتووە.

٤- گران: بە واتای (نرخی زۆر, بەها) دێت.

ڕۆن و برنج و گۆشتمان گرانە

تەنها هەڵبەستی (ژورناڵ هەرزانە)[٣١٧]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران) بە واتای نرخی زۆرە بەهایە هاتووە.

٥- گران: بە واتای (نرخی زۆر , بەها) دێت.

بەفری ئاسمان, بۆمبای سەرزەمین

(خامیش) گرانە, بێ کفن ئەمرین [٣١٨]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران) بە واتای بەها , نرخی زۆر هاتووە.

٦- گران : بە واتای (نەبوونی و قات و قوری) دێت.

دوای ئەوەی شەڕو گرانی لاچوو

ئەڵێن, درێغا ئەویش خەوێ بوو [٣١٩]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران) بە واتای نەبوونی و گرانی و قات و قوری هاتووە.

٧-گران: بە واتای (کارێك کە ناتواندرێت بکرێ) دێت.

سەرکەوتنی شاخ چەندە گرانە

هاتنە خوارەوەی هێندە ئاسانە [٣٢٠]

لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (گران ) بە واتای نە کرنی کارێکی قورس هاتووە.

[٣١٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٣.

[٣١٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٧٢.

[٣١٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٠٢.

[٣١٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٨٧.

[٣٢٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٤٩١.

**٨- گران: بەواتای (قورس) دێت.**

**تەماشای حاڵی خۆت کەو بڕوانە**
**چێشتێکیان بردی چەند لات گرانە [٣٢١]**

**وشەی (گران) بە واتای قورس هاتووە لە م دێڕە هەڵبەستەدا.**

**٩- گران: بە واتای جارێك (نەخۆشی) , جارێك (قورس) دێت.**

**دەردی گرانتر  کە گرانی یە**
**بەوە مەاش خۆر گیانی تیا نی یە[٣٢٢]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا دوو جار وشەی (گران) هاتووە, جارێك بە واتای نەخۆشی هاتووە, جارێك بە واتای قورس هاتووە.**

**١٠- گران: بە واتای (قورس) دێت.**

**ئەوە وا چاکە باری گران بێ**
**کە مانیشی گرت بەشی لێدان بێ [٣٢٣]**

**وشەی (گران) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای قورس هاتووە.**

**١٨- ڕاست: وشەیەکی فرە واتایە.**

**ڕاست: ١- ڕاست و ڕاست. ٢- ڕاست گۆ. ٣- ڕاستە ڕێ. ٤- هەوا گۆڕکێ گۆرانی. ٦- ڕوو بە ڕووی. ٧- صەریح. ٨- دان هێنان بە ڕاستی. ٩- دڵنیا بوون.١٠- هەستانەو. [٣٢٤] واتاکانی وشەی (ڕاست) زۆر  هاتووە لە فەرهەنگدا, هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

**١- ڕاست: بە واتای(ڕاست گۆیی) دێت.**

**لە هەموو هەورێ باران نابارێ**
**ڕاز کەوتە زارێ, ڕاست کەوتە شارێ [٣٢٥]**

---

[٣٢١] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٨٥.**

[٣٢٢] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٧٨١.**

[٣٢٣] **- هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٨٣٤.**

[٣٢٤] **-** عبدالرحمن شرفکندی**(هەژار) , فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢, ل ٣٤٠.**

**وشەی (ڕاست ) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای ڕاست گۆیی هاتووە.**

**٢- ڕاست: بە واتای (ڕووبە ڕوو) دێت.**

**من بۆیە بستەم هێندە خۆش ئەوێ**
**چی لە دڵدایە ڕاست دەردەکەوێ [٣٢٦]**

**وشەی ڕاست لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای ڕووبەڕوو بوونەوە هاتووە.واتە مەبەستی (پیرەمێرد) هەر قسەیەك کرا ڕووبەڕوو خۆشە ڕاستی تێدایە.**

**٣- ڕاست: بە وتای (صەریح) دێت.**

**ئەوانەی ڕاستیان چۆن دێتە سەر لێو**

**دەم بە پێکەنین دڵیان پڕ جنێو [٣٢٧]**

**٤- ڕاست: بە واتای (ڕاست و ڕاست) دێت.**

**ڕاست بۆ دەفتەردار ئەمە ی ڕوو داوە**

**وای لە قونێ یەو وای لە دۆشاوە [٣٢٨]**

**وشەی (ڕاست) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای ڕاستە و ڕاست هاتووە.**

**٥- ڕاست: بە واتای (دان هێنان بە ڕاستی) دێت.**

**ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە**
**بەند و زنجیری لای ڕوتبە و نیشانە [٣٢٩]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای دان هێنان بە ڕاستی هاتووە.**

---

[٣٢٥] - فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد نوری- احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤,چ٣,ل :٧.

[٣٢٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٥٥.

[٣٢٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٢٢.

[٣٢٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٢٦.

[٣٢٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٣٢.

**٦- ڕاست: بە واتای (ڕاستە ڕێ) دێت.**

**هەر چی ڕاست ئەڕوا لە تەوەککولْدا**

**خەم و خەفەتی نایی بە دلْدا [٣٣٠]**

**وشەی (ڕاست) لەم دێڕە هەلْبەستەدا بە واتای ڕاستە ڕێ هاتووە.**

**٧- ڕاست: بە واتای (ڕاست گۆیی)دێت.**

**سیاسەتی ڕاست مەڕۆ مەڕۆیە**

**ترسنۆك بەشی هەر باوکەڕۆیە [٣٣١]**

**لەم دێڕە هەلْبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای ڕاست گۆی هاتووە , (پیرەمێرد) لەم هەلْبەستەدا باس لە ڕاست گۆیی سیاسەت مەدارەکان دەکات کە دوور بن لە درۆ.**

**٨- ڕاست: بە واتای (ڕاست گۆیی) دێت.**

**تا بە چاوی خۆت چشتێ نەبینی**

**ڕاستی مەزانە , علم الیقینی**

**چونکە دەور دەوری درۆو بوختانە**

**ڕاستی گرانە , درۆ هەرزانە [٣٣٢]**

**لەم دێڕە هەلْبەستەدا وشەی (ڕاست) دووجار دووبارە بۆتەوە , لە هەر دوو جار دا بە واتای ڕاست گۆیی هاتووە.**

**٩- ڕاست: بە واتای (دلْنیا بوون) دێت.**

**با لە ناو خۆشیا ناحەزی یەك بن**

**لە ڕاستی دوشمن دەست بە کوتەك بن [٣٣٣]**

---

[٣٣٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٣٣.

[٣٣١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤٠.

[٣٣٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ١٤٥.

[٣٣٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل : ٢٣٢.

**لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای دڵنیا بوون هاتووە، مەبەستی (پیرەمێر) ئەوەیە کە دڵنیا بێ لەوەی دوژمن ڕاستە لەگەڵی.**

**١٠- ڕاست: بە واتای (ڕاست گۆیی) دێت.**

**نیسان سەرەتای درۆو ئاخری ڕاست**
**زۆر چشت یەك ئەخا وەك کنگرو ماست[٣٣٤]**

**وشەی (ڕاست) لەم دێڕە هەڵبەستەدا بە واتای ڕاست گۆیی هاتووە.**

**١١- ڕاست: بە واتای (ڕاست گۆیی) دێت.**

**ئەگەر وەك ئەڵێن ئەو عەیبە ڕاست بێ**
**چارەی ئەو عەیبەی لە خوا خواست بێ [٣٣٥]**

**دیسان لەم دێرە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای ڕاست گۆیی هاتووە.**

**١٢- ڕاست: بە واتای (ڕاستی) دێت.**

**شیرە دەترشێ و ناوی ئەنێن ماست**
**شیرین ترش ئەبێ و چەوت ئەبێ بە ڕاست [٣٣٦]**
**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای ڕاستی هاتووە.**

**١٣- ڕاست: بە واتای (ڕاست گۆیی) دێت.**

**ئێستا کارخانەی درۆ ڕادیۆیە**
**هیچ کەس نازانێ کە ڕاست لە کوێیە**
**تەبعی زەمانەیش هیچ ڕاستی ناوێ**
**پیاوی ڕاست ئەخەن بە بەندو باوێ [٣٣٧]**

**لەم دوو دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) سێ جار دووبارە بۆتەوە، لە هەر سێ جارەکەدا بە واتای ڕاست گۆیی هاتووە.**

---

[٣٣٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٢٤٠.
[٣٣٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٢٦٥.
[٣٣٦] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٢٩٧.
[٣٣٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٣٤٦.

**١٤- ڕاست: بە واتای (ڕاستە وڕاست) دێت.**

**هی وامان هەیە بەو نان و ماستە**

**ڕازییە بەڵام نایدەنێ ڕاستە** [٣٣٨]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای ڕاستە وڕاست هاتووە.**

**١٥- ڕاست: بە واتای (هەستانەو) دێت.**

**دار ڕووت بوو گەڵای کەوتە بنەوە**

**پیرو جوان تێکڕا لێك ڕاست بوونەوە** [٣٣٩]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای هەستانەوە هاتووە.**

**١٦- ڕاست: بە واتای(ڕاستە وڕاست) دێت.**

**مار تا زیندووە بە پێچ ئەکێشێ**

**سەری پان بۆوە، ڕاست ڕائەکشێ** [٣٤٠]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای ڕاستە و ڕاست هاتووە.**

**١٧- ڕاست: بە واتای (دڵنیا بوون) دێت.**

**لە قورئانیشدا فەرموودەی خوایە**

**ڕاستە تەنگانە خۆشی لە دوایە** [٣٤١]

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا وشەی (ڕاست) بە واتای دڵنیا بوون هاتووە.**

**١٩- دێ: وشەیەکی فرە واتایە.**

**دێ: ١-دێهات گوندی. ٢- هات , هاتن.[٣٤٢] واتاکانی وشەی (دێ) زۆر بە کەمی هاتووە لە فەرهەنگدا، هەروەها ئەم وشەیە لە ناو پەندەکانی هەڵبەستواندا بەم واتایانە دێت:-**

---

[٣٣٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٣٨٠.

[٣٣٩] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٤٦٢.

[٣٤٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٤٩٦.

[٣٤١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٥٤٦.

[٣٤٢] - عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی، تەهران، چ ٨، ٢٠١٢، ل ٣٣٥.

**١- دێ: بە واتای جارێك (هات), جارێك (دێهات گوند) دێت.**

**تۆ بونی شیری خاوەت لە دەم دێ**

**کە ڕێ نازانی چۆن ئەگەیتە دێ؟ [٣٤٣]**

**لەم دێڕە هەڵبەستەدا دوو جار وشەی (دێ) دووبارە بۆتەوە, جارێك بە واتای هاتن, هاتە دەرێ, هاتووە, جارێك بە واتای دێهات گوند هاتووە.**

[٣٤٣] - **فایق هۆشیار- مصطفی صالح کریم- محمود احمد محمد- محمد** نوری- **احمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ب , ٢٠١٤ ,چ٣,ل : ٥٦٠.**

# ئەنجام

## ئەنجام

١- ئەم توێژینەوە دەکرێت بەبێتە بابەتێکی ئەکادیمی بۆ لێکوڵینەوە لە داهاتوو لە سەر  شیعر تیکەڵ بە سیمانتیک.

٢- ئەم توێژینەوەیە دەکرێت وەك سیمینار بەکاربەهێنرێت بۆ قوتابیان لەسەر بابەتی هاو واتاو فرە واتا لە پەندەکانی پیرەمێردی شاعیر.

٣- ئەم توێژینەوەیە وەك هەوڵدانێکی تایبەت دەکرێت بۆ پرسیاری کۆنفراسی شاعیر و سیمانتیك لە زمان و ئەدەبی کوردی یان زمانی بێگانە بەکاربەهێنرێت.

٤-ئەم توێژینەوە وەك بابەتێك وایە لە نێوان سیمانتیك و شیعر و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و زمانەوانی و زانستی سیمالۆجی دەتواندرێت سودی لێی وەربەگیرێت لە ڕوانگەی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە هەیە لەنێوان شیعر و واتاسازیدا.

٥- زمان کەرەسەیەکی گرنگی لە یەك گەیشتنە لە کۆمەڵدا و هەر گۆڕانێك لە ژیان ڕوودات لە زمانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

٦-زیندووکردنەوەی ووشە کۆنەکانی زمان و بەکارهێنانیان بۆ ناونانی دیاردە نوێیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەبابەتەکەی گۆڕاوە بۆ نموونە: داس, شنە, قەیناغ, ...هتد, کە پێشتر لە بواری دوورینەوە بەکاردەهات ئێستا ئەم ناوانەیان لە  ئامێری دروێنەکردن (دەڕاسە) نوێکراوەتەوە.

٧- گۆڕانکاری لە زماندا بەگشتی بەستراوە بە تێپەربوونی کات , واتە تا سەردەمی زیاتر بەسەر زماندا تێپەڕێت ئەوا رادەی گۆڕانکاری زیاتر دەبێت.

٨- هیندییەکان یەکەم کەس بوونە کەباسی زمانیان کرووە, بە بیرکردنەوەو بۆچونی قوڵ لەسەر ڕێبازی زانستی لێیان کۆڵیوەتەوە, بەڵام یونانییەکان بایەخێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی زمانداوە, هەوڵیانداوە لە رەچەلەك ومێژووی زمان بکۆڵنەوە, هەر چی ڕۆمانەکانە دەورێکی ئەوتۆیان نەبووە لە مێژووی زانستی زماندا , لایەنی جدی و داهێنان لە بەر چاو بگرن.

٩- بۆچوونی (تیۆری) دەوروبەر یەکێکە لە بۆچوونە پەسندکراوەکانی واتاسازی, کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی چەمکی واتادا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ یەکەکانی ئاخاوتندا دەکات, ئەمەش وایکردووە کە لایەنگرانی تیۆرەکە لە ڕوانگەیەکی زمانییەوە, هەروەها بەشێوەیەکی بابەتیانە چارەسەری کێشەکانی بابەتی واتا بکەن.

**١٠- هاوواتایی وەك دیاردەیكی زمان لە فەرهەنگی وشەكانی هەموو زمانێكدا ڕوودەدات. سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەش تەنها بۆ هۆكارێك ناگەڕێتەوە, بەڵكو كۆمەڵێك هۆكار دەبنە هۆی پەیدابوونی لە زماندا, هەر هۆكارێكیش كاریگەری خۆی – كەم یان زۆر –**

**لە ڕوودانی دیاردەكەدا دەبینێ.**

**١١- دیاری كردنی چەمكی تەواوی هاوواتایی و جیاكردنەوەی لە دیاردەكانی تری زمان و ئەو مەرجانەی, كە دەبێ لە وشە هاوواتاكاندا هەبێت, بە تایبەتی مەرجی هاوتابوون و بە كارهێنانیان لە هەردەوروبەرێكدا بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە واتای دەوروبەرەكەدا ڕووبدات, ئەمانە تێكرا سنووری دیاردەكە بە جۆرێكی وا كەم دەكەنەوە, كە بوونی لە زماندا دەگمەن بێت, یان هەر نەبێت.**

**١٢- ئەو واتایانەی كە (پیرەمیرد)ی شاعیر بەكاری هێناوە لە پەندەكانی, زۆربەیان واتاكانیان زۆر ڕەسەن و گۆڕانیان بەسەر نەهاتووە , واتاكان زیندوون تا ئێستاش لەسەر زاری خەڵك ماوە بەكاردێت.**

**١٣- لەبەر ئەوەی واتای وشە لە دۆخێكی چەسپاو و هەمیشەییدا نامێنێ, بەڵكو بە پێی سەردەم و ژینگە باری كۆمەلایەتی و ڕۆشەنبیری بەردەوام گۆڕانی بەسەر دا دێت. دیسانەوە ئەم بارەش وا لە وشە هاوواتاكان دەكات, كە بۆ ماوەیەكی زۆر كەم بەردەوام بن و پاشان بەرە بەرە جیاوازی واتایی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت.**

**١٤- وشە فرە واتاكان لە یەك وشەی ڕەسەنەوە دروست دەبن, كە وشەكە زیاتر لە واتایەكی وەكو یەك نین, بەلام زۆر دوورنین لە یەكتر و پەیوەندییان بە واتای وشە ڕەسەنەكەوە هەیە.**

**١٥- هەندێك جار یەكێك لە واتاكانی وشەیەكی فرەواتا لە واتا ڕەسەنەكەی دوور دەكەوێتەوە و ئەو كاتەش لە چوارچێوەی فرەواتایی دەچێتە دەرەوە و بە فرەواتا هەژمارناكرێت.**

**١٦- فرە واتاكان لە ئەنجامی چەند هۆكارێكەوە دروست دەبن وەك: ( گواستنەوەی واتای وشەیەكی ڕەسەن بۆ چەند واتایەكی تر, كە بەهۆی خواستن, یان لە ئەنجامی بەكارهێنانی وشەكە لەگەڵ وشەیەكی تر, یان لە چوارچێوەی سیاقی جیاوازەوە واتایەكی تر دەبەخشێت.**

**١٧- بوونی پەیوەندی هۆشەكی لەنێوان شتێك و شتێكی تر هۆكارێكی ترە بۆ گۆڕانی واتا, كە خواستن و خوازەكان دەگرێتەوە كە لێكچوون هەیە, لەشێوە یان ئەرك.**

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:

#### أ- کتێب:


١- ئاواز حەمە صديق, ڕێزبوونی کەرستە لە زمانی کوردی, هەولێر, نامەی ماستەر, ك. ئاداب, ز. سەلاحەددين , ١٩٩٦ .

٢- ئاراس علی احمد, کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤواتایا تەواو, گۆڤارا بەهدینان, چاپ ١ ,چ خانی, دهۆك ,٢٠٠٨.

٣- ئەورەحمانی حاجی مارف , وشەسازی زمانی کوردی , بەغداد,چاپ کۆڕی زانیاری ,١٩٧٥.

٤- ئەورەحمانی حاجی مارف, فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی- کوردی-عەرەبی , سلێمانی, ٢٠٠٤.

٥- ئەورەحمانی حاجی مارف , چەند کێشەیەکی زمانناسی , گ. کۆڕی زانیاری , بەرگ.١٥, بەعداد, ١٩٨٦ .

٦- پەروین عوسمان مستەفا, واتا و وەرگێران , هەولێر, چاپ١,چ ڕۆژهەلأت,٢٠٠٩.

٧- تالیب حوسێن علی , هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا, نامەی دکتۆرا, کۆلیژی ئاداب – ز سەلاحەددین, ١٩٩٨ .

٨- تالیب حسین علی , واتاسازی , هەولێر, چ ڕۆژ هەلأت, چاپ ١, ٢٠١١ .

٩- جەمال عەبدول, ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا , دهۆك ,چاپ حاجی هاشم,چ.٢, ٢٠٠٨.

١٠- سەلام ناوخۆش بەکر, زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانی کوردی , هەولێر, ٢٠٠٤.

١١- عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) , فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە , کوردی- فارسی, تەهران, چ ٨, ٢٠١٢.

١٢- فایق هۆشیار- مستەفا صالح کەریم- محمود ئەحمد محەمەد- محەمەد نوری-ئەحمد زرنگ, پەندەکانی پیرەمێرد, ٢٠١٤.

١٣- عەبدولکریم محمد شنگاوی , گەشەکردنی زمانی منداڵ , کەرکوك , چاپ ١ , چ کاردۆ, ٢٠١١.

١٤- عبدالوهاب خالد موسی, هێزو ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا,هەولێر , بلأوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژ. ٧٥, چ حاجی هاشم, ٢٠٠٩ .

١٥- عەبدولواحید مشیر دزەیی, واتاسازی وشە و رستە , هەولێر, چاپ ٢, چ ماردین , ٢٠١١.

١٦-عەبدولواحید مشیر دەزەیی, واتای کاریگەر لە بواری راگەیاندندا , نامەی دکتۆرا , ز. سەلاحەددین – کۆلیژی ئاداب, ٢٠٠٤.

١٧- محمد معروف فتاح , زمانەوانی , هەولێر, ١٩٨٧.

١٨- محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، هەولێر، ز سەلاحەددین، ١٩٩٠ : ١٢٥ .

١٩- محمد معروف فتاح، سنوور و بنەما ە ئەرکەکانی کۆزمانەوانی ، گ. ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١١٢ بەغداد، بەغداد، ١٩٨٦ : ٦٨.

٢٠- محمد معروف فتاح. هێماکاری و زمانەوانی ، گ کاروان، ژ٢٥، هەولێر، ١٩٨٥.

٢١- محمد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی رەخنەی ئەدەبی نوێوە، هەولێر، چاپ حاجی هاشم، ٢٠١٢ .

٢٢- محمدی مەحویی، زانستی هێما- هێما و واتاو واتالێکدانەوە ، سلێمانی ،گ.٢، چاپ پەیوەندی، ٢٠٠٩.

٢٣- محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، هەولێر، چ٣، چاپ حاجی هاشم ، ٢٠١١ .

٢٤- محمد معروف فتاح ، لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەکان ، هەولێرچ.١، چاپ رۆژهەلات، ٢٠١٠.

٢٥- مستەفا سالح کەریم، باخێك لە وشە و گەشتێك بە ژیان نامەی پڕ شکۆی پیرەمێرد دا، چ١، سلێمانی ،٢٠١٤.

٢٦- مجید عبداللة ابراهیم ، فەرهەنگی سەرچاوە ، عەرەبی- کوردی ، سلێمانی، ٢٠١٥، ل: ٤٠٠.

٢٧-نەریمان خۆشناو ، زمانەوانی ، هەولێر، ب ١، چ ڕۆژهەلات، ٢٠١٠.

٢٧- یوسف شەریف سەعید ، زمانەوانی ، هەولێر، چاپی یەکەم ، چ ڕۆژهەلات ، ٢٠١١.

٢٨- یوسف شەریف سەعید، واتاسازی، هەولێر ،چاپ وەزارتی پەروەردە، چ١، ٢٠١٣.

٢٩- یوسف شریف سعید ، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی رستەسازی کوردی ، هەولێر، چ حاجی هاشم، ٢٠٠٩ .

**ب- نامەی ئەکادیمی:**

١- ساکار ئەنوەر حەمید، وشەی خواستن لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، ك. زمان- ز.سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢- سازان رەزا موعین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماستەر، هەولێر، ك. پەروەردە- ز. سەلاحەددین، ٢٠٠٥: ٤٥.

٣-عەبدوللا عەزیز محمد، هایپۆنیم و هەندێ پەیوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان – ز. سەلاحەددین، ٢٠٠٥ : ١٢.

٤-عبداللە عزیز محمد ، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا ، نامەر ماستەر، ك ئاداب- ز سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

٥- مسعود بکر أحمد، دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی(گۆران)دا، نامەی ماستەر،ز سەلاحەددین کۆلیژە زمان، ٢٠١٥: ٣٦.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

**أ- كتێب:**

**١-أحمد مختار عمر, <u>علم الدلالة</u> ,الكويت,مكتبة دار العروبة الطبع و النشر, ط ١, ١٩٨٢.**

**٢- أحمد شامية و نبيلة عباس, <u>محاضرات و تطبيقات علم الدلالة</u>, الكويت, ٢٠٠٩.**

**٣-ابراهيم أنس ,<u> دلالة ألفاظ</u> , القاهرة,ط ٣ ,مكتبة ألانجلو المصرية, ١٩٧٦.**

**٤- أحمد مختار, <u>علم الدلالة</u> , القاهرة, ط- السابعة القاهرة, ٢٠٠٩.**

**٥- جون لاينز, <u>علم الدلالة</u>, البصرة,ط- جامعة البصرة, ١٩٨٠.**

**٦- خليفة بوجادى, <u>نظريات التحليل الدلالى</u>, ٢٠١٠.**

**٧- رمضان عبدالتواب, <u>مدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوى</u>, القاهرة ,ط- ١, ١٩٨٢.**

**٨- ستيفن أولمان, <u>دور الكلمة فى اللغة</u>, بغداد , مكتبة شباب,١٩٨٦.**

**٩- ستيفن أولمان , <u>دور الكلمة فى اللغة</u>, ترجمه د. كمال محمد بشر, مطبعة الشباب, النيرة- مصر, ١٩٧٥.**

**١٠- عبدالقادر عبدالجليل , <u>المعجم الوظيفي لمقاييس ألادوات النحوية</u>, عمان, ط- دار الصفاء للنشرو التوزيع, ٢٠٠٦.**

**١١- عبدالقادر هني, <u>السانيات النبيوية فى مطلع القرن العشرين</u>, الجزائر, مجلة اللغة الآدب , ١٩٩٧.**

**١٢- عبدالستار جواد, <u>اللغة الاعلامية</u>, الاردن, ط١, ١٩٩٨.**

**١٣- عبدالكريم محمد حسن جيل, <u>فى علم الدلالة دار المعرفة الجامعة</u>, مصر, مكتبة الاسكندرية,١٩٩٧.**

**١٤-عزمي اسلام, <u>مفهوم المعنى</u>, الحولية السادسة- الرسالة الحادية و ثلاثون, صدر من كلية ألاداب – جامعة الكويت, .**

**١٥-عمر محمد فرج مدكور, <u>الدلالة فى المعجم العربى المحاصر</u>,ط١, القاهرة, ٢٠٠٨.**

**١٦٦- محمد علي الخولي, <u>الاصوات اللغوية</u> , الرياض, مكتبة الخريجي, ط١, ١٩٨٧.**

**١٧- محمد علي الخولي, <u>معجم علم اللغة النظري</u>,(انكليزى - عةرةبي), بيروت-لبنان , ١٩٩١.**

**١٨- محمد محمد يونس, وصف اللغة العربية دلاليا, ليبيا, جامعة فاتح, ١٩٩٣.**

**١٩- منقور عبدا لجليل , علم الدلالة , أ صولة ومباحثة في التراث العربي, دمشق, ٢٠٠١.**

**٢٠- منقور عبدالجليل,علم الدلالة – أصوله ومباحثة فى التراب العربى, مكتبة اتحاد الكتاب العربي, بيروت, ٢٠٠١.**

**٢١- نورالهدى لوشن,علم الدلالة – دراسة وتطبيقا,ليبيا ,ط-١, ١٩٩٥.**

**٢٢- وه فاء محمد كامل , النبيوية فى السانيات, كويت, مجلة عالم الفكر٢٦, ١٩٩٧.**

**ب- نامەی ئەكاديمى:**

**١- ليندة زواوي, فقة اللغة للثعالبى, رسالة ماجستير, كلية ألاداب و اللغات, جامعة منتوري قسنطينة – ألجزائر, ٢٠٠٨.**

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

**کتێب:**

**1- Argeni A. Zapata , Semantic Relationships , University de Los Andes, 2008.**

**2-Crystal , A Dictionary of Linguistics and Phonetics ,Blackwell Publishing , D 2003.**

**3- Diane Larsen, Freeman Discourse Analysis in Second Language , new bury house U S A , 1980.**

**4-Edward Sapiy , Language & language ,Newark, Harcourt, 1945.**

**5- Fromakain & Roman , An-Introduction to Language , Therd end , Holt Saunders , International Editions, 1983.**

**6-Hana Filip ,What is Semantics What is meaning , pdf, 2008.**

**7-Jean Aitchison , Linguistics , Great Britain, Hodder dstonghton , 1993.**

**8-Leech. G., Semantics ,Londo:Longman,1974.**

**9- Levinson , S.C, Pragmatics , Cambridge University Press , 1997.**

**10-Neil Smith , Chomsky – idea's & ideal U.K, Cambridge University Press , 1999.**

**11 –Rafik Sulaiman" A contrastive study of the Category of Anteriority in English, Kurdish and Arabic" P. 78-119, Berlin 2015.**

**12-Veronika Richtarcikova , Semantics of English , National University of loaf,2006.**

**13-www.semantics- Wikipedia, the free encyclopedia.htm.**

**14-Yule, The study of language , New York, Cambridge University Press, G2006.**

جمهورية تركيا - جامعة ماردين ئورتوكلو
معهد اللغات الحية في تركيا
قسم اللغة و الثقافة الكردية

# المترادفات ومتعددة المعاني في أمثال "بيرميرد" الشاعر

هذه الرسالة مقدمة إلى جامعة ماردين ئورتوكلو- معهد اللغات الحية في تركيا- قسم اللغة الكوردية وآدابها كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكوردية وآدابها

قبل الطالبة:
تارا مشير صالح
- بكالوريوس- جامعة صلاح الدين/ أربيل – إقليم كوردستان العراق ٢٠٠٥

بإشراف
أ. د. رفيق سليمان

ماردين، ٢٠١٦

# خلاصة البحث

إن هذا البحث هي بعنوان (المترادفات ومتعددة المعاني في أمثال "بيرميرد" الشاعر)، حيث إنه يهتم بالكلمات المترادفة ومتعددة المعاني في اللغة الكوردية بشكل خاص. وذلك بالتطبيق على أمثال "بيرميرد" الشاعر. ويتحدث عن المعنى ومسائل أخرى المتعلقة بعلم المعنى بشكل دقيق وبالتفصيل أيضا. ويتكون البحث من مقدَمة وثلاثة فصول أساسية، وينتهي بأهم النتائج وقائمة المصادر والمراجع.

الفصل الأول ينقسم إلى محاورين. فالمحور الأول" بعنوان (تاريخ ظهور المعنى)، يتكلم عن بعض الجوانب المهمة للمعنى، وذلك مع تعريف المعنى وعلم المعنى. أما المحور الثاني" بعنوان ( علم المعنى الكلمة)، إذ يتناول تعريف الكلمة وبعض جوانب علم المعنى (براكماتيك وسيمانتيك)، ويتناول نظريات المعنى وأنواع علم المعنى، والكثير من جوانب أخرى للمعنى.

وأما الفصل الثاني" يتكون من محورين. ففي المحور الأول يتناول بعض المواضيع المهمة، مثل أنواع المعنى، نظريات المعنى وذلك بعنوان (وحدات المعاني). والمحور الثاني بعنوان ( علاقات المعنى)، يتناول بعض المواضيع الأخرى مثل العلاقة العميقة للمترادفات وأنواع المترادفات والعلاقات الأفقية، وعدم وضوح معنى الكلمة، وكذلك يتكلم عن متعددة المعاني ومشكلاتها وعوامل إيجادها. ومع ذلك يتناول مقارنة بين المعاني الموجودة في أمثال "بيرميرد" وتلك المعاني المتداولة في لغة الناس من هذا العصر أيضا، مع جوانب كثيرة لمتعددة المعاني.

والفصل الثالث للهذا البحث" بعنوان ( المترادفات ومتعددة المعاني في أمثال "بيرميرد" الشاعر)، وهو الجزء التطبيقي للهذه الدراسة، حيث يتكون من محورين. ففي المحور الأول يتناول نبذة مختصرة عن حياة "بيرميرد" الشاعر، وكذلك مع التطبيق العملي للمترادفات وأنواعها على أمثال "بيرميرد" الشاعر. وأما المحور الثاني" مختصة لمتعددة المعاني في أشعار "بيرميرد". وينتهي البحث" بعرض النتائج ومحتوياته، إذ إن الخلاصة عرضت بلغات العربية والإنجليزية و التركية.

# Araştırma özeti

**Bu araştırmanın konusu ( eşanlamlılık ve çok anlamlılık piremerdın şiirinde) dır. Kürtçe dilinde Eşanlamlılık ve çok anlamlılığı kapsayan bi çalışmadır. piremerd şaiirin şiirlerı üzerine yapılan bir çalışmadır.anlam bilimini detaylı bir şekilde anlattmıştır.**

**Bu tez : ön söz , üç bölüm , sonuç , kaynakça ve referans listesinden oluşmaktadır. Birinci bölüm iki eksenden oluşmuştur, birinci eksenin konusun(anlam biliminin doğumu ) dır.**

**Ikinci eksenin temel başlığı ise ( kelime anlam bilimi)dır, bu eksende sözcük tanımı, anlam biliminin bazı yönleri (pragmatik,simantik) , anlam teorileri , anlam biliminin türleri anlatılmıştır. Ikinci bölüm de iki eksenden oluşmaktadır , birinci eksenin konusu ( anlam birimleri) olan , anlam türleri , anlam teorileri) olmak üzere iki temel başlığa ayrılmıştır. Ikinci eksenin konusu ise ( anlam ilişkileri ) dır , bazı önemli konular içeriyor : eşanlamlıların derin ilişkileri , türleri , yatay ilişkileri , sözcüğün anlam belirsizliği , birden fazla anlamlılar ve sorunları gibi , piremerd şaiirin şirindeki ve şimdiki zamanın halk arasındaki anlamlar arasındaki farklılıklar açıklanmıştır.**

**Üçüncü bölümde Araştırmanın konusu olan ( eşanlamlılık ve çok anlamlılık piremerd şaiirin şiirinde ) araştırmanın uygulamalı tarafıdır. Bu bölümde iki eksenden oluşmaktadır, birinci eksende kısaca piremerd şaiirin hayatı ve şirindeki eş anlamlılık ve türleri incelenmiştir. Ikinci eksende ise piremerdin şiirindeki birden fazla anlamlılar gösterilmiştir. Son olarak bu araştırma Türkçe , Arapça ve İngilizce dillerde özetlenmiştir.**

**Tc**

**Mardin artuklu ünversitesi Yaşayan diller Enstitüsü**
**Kürt dili ve kültürü Anabilim Dalı**

**Tara muşir Salih**

# Eşanlamlılık Ve Çok Anlamlılık Piremerdın Şiirinde

**Yüksek Lisans Tezı**

**Tez yöneticisi**

**Doç . Dr. Refik Sulaiman**

**Mardın - 2016**

# Abstract

**This research (Synonymy art Multi-Meaning in the Proverbs of the Poet Piramerd ) is Specially concerned with Synonymy and Multi-meaning in Kurdish Language. Here , different examples are Presented on both subjects which are Proverbs of the poet himself. The work also discusses and deals with meaning and many other subjects in the field of semantics more accurately in a comprehensives manner. To achieve the objectives, the research consist of an introduction and three main pasts followed by a conclusion and the bibliography.**

**Part one includes two sections, section one is about the history of the rise of meaning which tackles some important aspects of meaning along with introducing meaning and semantics. Section Tow deals the definition of meaning, pragmatics. Semantics and many other sides of meaning.**

**Part Two consists of two sections, Section One is entitled (The Meaning Units), includes some important subject, like kinds of meaning and meaning theories. Section Tow (Semantic Relations) talks about points Such as vertical and horizontal relations of Synonymy, ambiguous meaning of words, problems and reasons of Multi-meaning constructions in addition to a comparison between the meaning that associate with Piramerd's Proverbs and those meanings which now are existing among people. Also , many other points of multi-meaning are clarified this section.**

**Part Three focuses or the main topic of the research, Synonymy and Multi-meaning in the proverbs of the Poet Piramerd. This is the practical part of the whole work which is divided into two sections, Section One presents a Summary of the Poet's biography and works, then is explains Synonymy and types of Synonymy in the Poet's proverbs.Section Tow is devoted to Multi- meaning in the Poet's proverbs.**

**The whole research ends with conclusion followed by a bibliography and abstracts in Arabic , English and Turkish languages.**

*Reepublic of Turkey - Mardin Ortuklu University*
*Institute of Living Languages in Turkey*
*Department of Kurdish Language* **& Culture**

# SYNONYMY AND MULTI-MEANING IN THE PROVERBS OF THE POET PIRAMERD

***A THESIS***

**SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE DEPARTMENT OF KURDISH LANGUAGE AND LITERATURE, INSTITUTE OF LIVING LANGUAGES IN TURKEY,MARDIN ORTUKLU UNIVERSITY IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIREMENT FOR THE DEGREE OF MASTERS IN KURDISH LANGUAGE AND LITERATURE**

***BY:***

***TARA MUSHIR SAILH***

***B.A. IN KURDISH LANGUAGE AND LITERATURE,COLLEGE OF LANGUAGES,SALAHADDIN UNIVERSITY,ERBIL,IRAQI KURDISTAN REGION 2005***

***SUPERTVISED BY:***
***PROF. Dr . RAFIQ SLEIMAN MIRO***

***MARDIN,2016***